# شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەسینا


بەدرخان
Bedirxan
بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٢٧) پێنج شەممە،
تشرینی یکەمی ٢٠٠٩/١٠/٢٢ زایینی
بەرانبەر بە گەلاڕێزانی ٢٧٠٩ی کوردی
ساڵی نۆیەم

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com


## پەیامی جەنابی مام جەلال - سەرۆک کۆماری عێراق بۆ شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان

**خوشک و برایانی خۆشەویست:**

**سەرۆک وەزیرانی یۆنان، جۆرج پاپاندریۆ**

سەرەتا. سڵاوی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی بە گەل و حکومەتی یۆنانی رادەگەیەنم، دواتر پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە پارتی سۆسیالیستی یۆنان دەکەم، کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە جارێکی دی متمانەی گەلی یۆنانیان بەدەستهێناو سەرکەوتن.

**بەڕێزان:**

سازدانی ئەم فێستیڤاڵەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لەم وڵاتە جوانەدا خۆی لەخۆیدا جگە لەوەی دەستنیشانکردنێکی باش بوو، نیشانەیەکیشە بۆ دۆستایەتی و پەیوەندییەکانی نێوان گەلی کوردستان و گەلی یۆنان، بەتایبەتیش لەژێر ناونیشانی"لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە بۆ ئەکرۆپۆڵس"مانایەکی مێژوویی خۆی هەیە، چونکە لەم ئەشکەوتەی کوردستان هەزاران ساڵ بەر لە زایین مرۆڤ ژیاوە، یۆنانیش لە مێژوودا لانکەی مرۆڤایەتی بووە..! ئەم گرێدانە مێژووییەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە گەلی کوردستان و گەلی یۆنان دوو گەلی زیندوون و هەزاران ساڵە لە وڵاتی خۆیاندا دەژین. ئێمە ئەوەش دەزانین کە گەلی یۆنان رۆڵێکی گرنگی لە مێژووی کۆندا بینیوەو ئەمڕۆش یەکێکە لەو وڵاتانەی جوانترین سیستەمی دیموکراسی تێدا بەڕێوەدەچێ و ئێمەش لە عێراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی دوای سەدان ساڵ چەوسانەوەو ژێردەستەیی و ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی و ئاوو هەوای ئازادی هەڵدەمژین و دروشمی ئاشتی و پێکەوە ژیانی برایانەی گەلان و دۆستایەتی ئازادیخوازانەی جیهانمان بەرز راگرتووەو لەپێناو جێبەجێکردنی خەبات دەکەین.

**خوشک و برایانی خۆشەویست:**

شانازییەکی گەورەیە بۆ گەلی کوردستان ئەمڕۆ لێرەدا لە پایتەختی دێرینترین وڵاتی دنیادا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بە بەشداری چەندین لێکۆڵیار و مامۆستای زانکۆو نووسەر و رۆژنامەنووس و رووناکبیری کورد ئەم فێستیڤاڵە سەبارەت بە رەوشی ئەدەبی و رووناکبیری و رۆژنامەگەریی کوردی ساز دەکات.

لە کۆتاییشدا هیوادارین هەردوولا بتوانین ئەم پردی پەیوەندییانەمان پتەوتر بکەین و دیدارەکانمان زیاتر و دۆستایەتی و برایەتی نێوان هەردوو گەلی کورد و یۆنانی بەهێزتر بکەین.

دووبارە سڵاوو رێز و خۆشەویستیم بۆ سەرجەم گەلانی یۆنان و حکومەتەکەی.

**برای دڵسۆزتان**
**جەلال تاڵەبانی**









## ئازاد عەبدو لواحید سەرنووسەری گۆڤاری رامان لە دیدارێکی بەدرخاندا

ل١٦-١٧



## خەرمان هیرانی و هێرۆ سەباح سەمای ئیرۆتمییان گەیاندە هەولێر

ل١٥



## کۆنسێرتێک بۆ یادی ئەستێرە نەکوژاوەکانی ئاسمانی هونەری کوردی

ل٢٢



## کەژاڵ ئادەمی بەگۆرانی شیعرەکانی بە جەماوەرەکەی دەناسێنێ

ل٢

## ئەردەلان بەکر بەغەریبی سەری نایەوە

**هێنانەوەی تەرمی ئەردەلان**

دوای ئەوەی لە وڵاتی سوید و لە تاراوگە کۆچی دوایی کرد، هونەرمەندی نەمر لە رێگەی فرۆکەخانەی هەولێر لە کاتژمێر ١ی شەو گەیشتەوە ناو زێدی باب و باپیرانی خۆی و لە لایەن خزم و کەس و دۆستان و هونەرمەندانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.

**بەخاکسپاردنی ئەردەلان لە هەولێر**

دوای ئەوەی لە درەنگانی شەو تەرمی گەیشتەوە شاری هەولێر، سەر لەبەیانی رۆژی پێنجشەممە لەسەر قەڵای هەولێر لە رێوڕەسمێکی شایستەدا بە گۆرانی و میوزیک یادەکەی رازێنرایەوە و دواتر لە گەڕانێکدا تەرمی هونەرمەند بەناو شاری هەولێر و بەدەوروبەری قەڵاو منارەدا سووڕاندیانەوە، دواتر بە ئامادەبوونی هەریەک لە عەدنان موفتی و بەکر مستەفا بەرپرسی مەڵبەندی ٣ی "ی.ن.ک" و تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و چەندین کەسایەتی دیکەی هونەرمەند و رۆشنبیر لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لەگەڵ وتەو فرمێسکی چاوی ئەزیزانی تەرمەکەی بەخاکسپێردرا.

ل١٠


# لەیادی ١٠ساڵەی بەدرخان ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان دەدوێن



دوابەدوای ئەوەی لە٢٠٠٠/١٠/٢٢ لەشاری سلێمانی ژمارە سفری مانگنامەی بەدرخان دەرچوو، ئەمڕۆ ١٠ساڵ تێەپەڕ دەبێ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارە، بەوبۆنەیەوە بەپێویستمانزانی ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان بدوێنین.

لەسەرەتادا ستران عەبدوڵڵا سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ گوتی: پیرۆزباییتان لێدەکەم لە بەڕێوەبەری بەرپرس و ستافەکەتان، هیوادارم بەردەوام بن لە خزمەتکردنی بەدرخان و دەزگاکەتان، پێمخۆشە ئەمڕۆ دەزگای بەدرخان هەفتەنامەی بەدرخان دەردەکاو تایبەتمەندی خۆی هەیە، زۆر بابەت هەیە کە تائێستا ڕۆژنامەکانی دیکە باسیان نەکردووە، بەتایبەتی لەبواری هەمەڕەنگی و هونەری و هەندێک تایبەتمەندی، کە لە بەدرخان هەیە، هیوادارم و کاتی خۆشی پێشنیازێکم پێشکەشی برادەرانی بەدرخان کرد، کە لەداهاتوودا بتوانن لەشێوەی گۆڤارێک ڕێکی بخەن، کە پێموایە ئەگەر لەشێوەی گۆڤارێکدا ڕێکی بخەن ببێتە شتێکی زۆر تایبەتمەند لەناو دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردی.

دواتر هونەرمەند ئەنوەر شێخانی دەربارەی ئەو یادە گوتی: بەڕاستی لەدڵەوە پیرۆزبایی لە هەموو ستافی هەفتەنامەی بەدرخان دەکەم، کە لەو چەندساڵە توانیویانە خزمەتێکی دیار و بەرچاو بکەن، چونکە هەفتەنامەی بەدرخان تاکە هەفتەنامەیە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، لە هەموو بابەتەکانی کە هەڵی دەبژێرێ و بڵاوی دەکاتەوەو کارەکانیشی زۆر ڕاستگۆیانەیە، بەتایبەتی ئێمە وەکو هونەرمەندان زۆر زۆر خزمەتی ئێمەی کردووە، هەموو ڕۆژنامەکان ئەو خزمەتیان کردووە، بەڵام بەدرخان تایبەتمەندی خۆی هەیە هەر لە شێوازی ڕۆژنامەکەو ئەو کاغەزەی ڕۆژنامەکە بەکاری دێنێ و هەروەها ڕەنگ و ستایلی ڕۆژنامەکە، هیوادارم بەدرخان بەردەوام بێ و بەرەو پێش بچێ.





بێستون نووری سەرنووسەری گۆڤاری سڤیل دەربارەی بەدرخان گوتی: ئەوە چەند ساڵە کە بەدرخان لەچەند بوارێکدا کارەکانی بەرچاوە، لە سازدانی فێستیڤاڵ کە لە یادەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەنجامی داوەو چ لە چاپکردنی ژمارەیەک کتێب و بڵاوکردنەوەی هەفتەنامەی بەدرخان کە ١٥ڕۆژ جارێک دەکەوێتە بەردیدی خوێنەران، ڕەنگە فێستیڤاڵ و گەشتەکان قسەی لەسەربێ، لەبەرئەوەی کە بۆ لە دەرەوەیەو کۆمەڵێک کەس دەبردرێتە دەرەوە، بەڵام من ئەگەر سەبارەت بە هەفتەنامەکە هەندێ تێبینی بڵێم: لە سەرەتاکانی دەرچوونی بەدرخانەوە تائێستا، کەم تا زۆر ئاگاداریمەو بەدواداچوونی بۆ دەکەم، بەدرخان ڕۆژنامەیەک بوو لەسەرەتا بە گەرم و گوڕییەوە هات و کەوتە بەردەستی خوێنەرانی و خوێنەرێکی زۆری هەبوو، یەکێکیش بوو لەو ڕۆژنامانەی لەو سەردەمەدا دیاربوو لەنێو بڵاوکراوەکانی تر، بەڵام ئەوەی تێبینیم لەسەری هەبێ ئێستا لەئاستی جارانی نەماوە، بەومانایە نییە بەدرخان لەجاران خراپتربێ و لاواز بووبێ، بەڵام پێموایە بەدرخان هەر لەسەر ئەو ستایلەی پێشووی مایەوەو نەیتوانی بازێک بدا بەسەر کارەکانی خۆی و لەگەڵ سەردەمی ئێستا خۆی بگونجێنێ، ئەو ستایلەی بەدرخان کاری لەسەر دەکا، من پێموایە ستایلێکی گرنگیدانە بە تەمەنەکان و یان گرنگیدان بە ڕووداوە مێژووییەکان و کەسانی بە تەمەن و گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیان، شتێکی باشە، بەڵام پێویستە بەدرخان هاوسەنگییەک لەنێوان نەوەی کۆن و نوێ، یان لەنێوان ڕووداوە مێژووییەکان و ئێستادا بۆ خوێنەرانی دروست بکا، یان خوێنەری بەدرخان کاتێک زانیارییە مێژووییەکان وەردەگرێ، حەزیشی لەوە هەیە لە کێشەکانی خۆی لەئێستا لە بەدرخان ببینێتەوە. ئەو شێوازەی بەدرخان.

جەلیل زەنگەنەی هونەرمەند و دەرهێنەر سەبارەت بە هەفتەنامەی بەدرخان گوتی: هیوادارم ١٠ساڵ تەمەنی بەدرخان بە ڕێکوپێکی وەکو ساڵانی پێشوو بەڕێوەبچێ و سەرکەوتووبن، ئەو دەست و خامەتان خۆشبێ، کە بەدرخانتان ڕازاندۆتەوە بەشێوازێکی تایبەتی خۆی کە لەناو هەموو ڕۆژنامەکاندا وەزنی دیاری هەیە، بەڵام زیاتر بایەخ بە مەسەلەی هونەری و ئەدەبی بدرێ زۆر باش دەبێ، لەگەڵ ئەوانەی خاوەن ئەزموون و بەهرەو توانان، زیاتر دیداریان لەگەڵدا بکەن بۆ ڕازاندنەوەی بەدرخان، ئەو شەخسیەتەی بەدرخان هەیەتی زیاتر بایەخی پێبدرێ و ڕێکوپێکتربێ و هەر بەو شێوەیەی خۆی جوانە، بەڵام پێویستە دەروازەی تازەتری بدۆزرێتەوە، بۆ نموونە یەکێ لەو دەروازانە، مەسەلەی منداڵانە چونکە ئەوانیش پێیان خۆشە شتی ئەوانی تێدابێ، ئا ئەوانە بەدرخان جوانتر دەکا، چونکە خەڵک موتابەعەی دەکا، سەبارەت بە ڕەنگ و قەبارەکەشی زۆر جوانەو هیوادارم سەرکەوتووبن و ئەو ڕێچکەیەی کە گرتووتانە بەری نەدەن و دەزگاکەتان ببێتە دەزگایەکی گەورەتر و بایەخی زیاتری پێبدرێ، چونکە بەدرخان لەنێو هەموو ڕۆژنامەکان دیارە.


ستران عەبدوڵڵا


ئەنوەر شێخانی


جەلیل زەنگەنە


بێستون نووری



## قەڵەم

### حەشری گۆڤار


حەسەن یاسین

ئەگەر بەسەرپێیی لەسەر شۆستەی شەقامەکان رابمێنی کە ڕۆژنامە فرۆشەکان گۆڤار و ڕۆژنامەی تێدا دەفرۆشن، تووشی سەرسامی دەبی لەو هەموو گۆڤارەی کە لەوڵاتی ئێمەدا دەردەچن. بێگومان مەبەستم لەوڵاتی ئێمە هەرێمی کوردستانی عێراقە، کە تەنها هەرسێ پارێزگای هەولێر و دهۆک و سلێمانی بە گەرمیان و دەڤەری ڕاپەڕینیشەوە دەگرێتەوە، چونکە هێشتا نیوەی کوردستانی عیراق نەکەوتۆتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دان.

ئەو هەموو گۆڤارە تەنیا بۆ نزیکەی (٣) تا (٤) ملیۆن کەس دەردەچێ، کە دڵنیام لەسایەی دواکەوتوویی وڵاتەکەمان ڕێژەیەکی زۆر لەو ژمارەیەی دانیشتوان نەخوێندەوارن، ئەوانەش کە خوێندەوارن چارەکێکیان، واتە یەک لەسەر چواری خوێندەوارەکە ئەهلی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار نین. ئەمە جگە لەوەی دەبێ لەو ڕێژەیەی خوێندەوارانیش نیوەی زیاتری لێدەرکەیت، چونکە لەخوار تەمەنی (١٨) ساڵیەوەن.

ئەگەر ڕێژەی ئەو هەموو گۆڤارەی لەم نیوە هەرێمەی ئێمەدا دەردەچن، لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانەکەی بەراورد بکەین لەگەڵ ڕێژەی ئەو گۆڤارانەی کە لەوڵاتێکی وەکو ئێراندا دەردەچن و ژمارەی دانیشتوانەکەشی (٢٠) کەرەت بە قەد ژمارەی دانیشتوانی نیوە هەرێمەکەی ئێمەیە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە چ پاشاگەردانییەک و چ بازرگانیکردنێک بە ڕۆژنامەوانی لەوڵاتی ئێمەدا وەک مۆرانە لەمیزاجی خوێندەوارانی ئێمە دەدات و لەجیاتی ڕوونکردنەوەی مێشکیان، زیاتر بەرەو وروووژاندن و ڕاهێنان لەسەر پڕکردن و هاندان لەدژی ئەم لایەن و ئەم کەس و ئەو کەس دەبردرێن.

نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ بەشێکی زۆری ئەو گۆڤارانە لەلایەن ئەو کەسانەوە دەردەچن، کە پاش ئەوەی ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا ڕووەو کزی و گەڕانەوە بۆ دواوەیە، ئەوانیش دەیانەوێ ئەو شکستەی خۆیان، وەک کەسانێکی شکستخواردووی نێو بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیی کوردی بە تێکدانی میزاجی خوێنەران لەڕێگەی بەشێکی زۆری ئەم گۆڤارانەوە، پاسا و بدەنەوە. ئەمە جگە لەوەی بازرگانیکردنەکەش ڕۆڵێکی کارای هەیە. سەرنووسەری وا هەیە، بەر لەدەرکردنی گۆڤارەکەی پاکەتی جگەرەشی بە قەرز دەکڕی، ئێستا لەڕیزی دەوڵەمەندانی هەرێمی کوردستاندا حسێبی بۆ دەکرێ.

زەمانی شێخ ڕەزا ماعیر زۆربووبوون، بۆیە سیمای شاعیرەکانیشیان تەڵخ کردبوو، شێخ ڕەزاش بەناچاری لەنێو حوجرەکەی خۆیەوە فەرمووی: (شاعیر زۆربووە لەم عەسرەدا، بۆتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا). ئێستاش گۆڤار زۆربوون و حەشر دەکەن.

# دەشێ دەمی بچووک قسەی گەورە بکات

ئازاد سادق



یۆنانم هەر تەنها لە پەڕتووکەکاندا بینیبووو، هەر لەوێشەوە ئەسخیلیۆس و یوربیدس و ئەرستۆو ئەفلاتونیشم دەناسین و دەمزانی چەند گەورەن، شانۆنامەکانیشم لێ خوێندبوونەوە، کۆمارەکەی ئەفلاتوونیشم بەقەد گەورەیی ئەوان بە گەورە دەزانی.

ئەسکەندەری گەورەش بە لەشکرە بێ هەژمارەکەی بە وڵاتەکەی مندا تێپەڕی بوو، شتێکم لە بارەی ئەویشەوە دەزانی، تا ئێرە بۆ مێژووی دوور، لە نزیکیشدا (نیکۆس و کریت و زۆربا) هەندەی تر تۆیان لا خۆشەویستتر کردبووم، زۆرجار ئێرەییم بەو نەورەسانەش دەبرد، کە لە کەنارەکانی کریتدا باڵەفڕەیان دەکرد.

لە زۆر نزیکتریشدا دەریای ئیجەکەی تۆم هێندە بیستبوو بە قەردەر ماسییەکانی ناو دەریاکە شارەزایی هەموو کون و کەلەبەرەکانی ببووم، دەمزانی کاروان سەرای گەنجە سەرهەڵگرتووەکانی وڵاتەکەم بوویت و گەڵێ چاوی جوانی بێنازی ئەوان لە قووڵایی تۆدا بۆ هەتایە دەخرانە سەریەک.

دەشمزانی تۆ دەروازەی ئەورووپای بەهەشتی گەنجانی وڵاتەکەم بوویت، کە بەسەدان شەویان لە ژێر کەپرە نایلۆنەکان و لەسەر پارچەیەک مقەبا شەوە ساردو ئەنگوستەچاوەکانیان بەسەردەبرد، هەموو ئەوانەو زۆری تر.

ئەمڕۆ لە یۆنانستانم وشەی ناو کتێبەکان بە دەنگی خاوەنەکانیان دەبیستم، وەک بینەرێکیش لە نمایشی شارەکانی ئەواندا دانیشتووم و بە لەشکری مەعریفەوە هاتووم، بە ئەسکەندەر بڵێم وا لێرەم، ئەگەرچی بە ژمارە کەمین و شیر و تیرو قەلغانیشمان پێ نییە، وەلێ وەک (ڕەسول هەمزاتۆف ) دەڵێ : (دەشێ دەمی بچووک قسەی گەورە بکات )، مێژووی شارستانییەتێکم خستۆتە هەگبەکەم، دەمەوێ لەتەک ئەکرۆپۆلسەکەی تۆدا سەرخەوێ بشکێنم، دەمەوێ ناوە بێنازەکەی وڵاتەکەم بە دیواری باڵەخانە کۆنەکانی تۆدا هەڵبواسم.

دەمەوێ کوڕو کچەکانی نیاندرتال، لە ئەشکەوتی شاندەر بهێنمە دەرەوە لە تەک قەڵای منارە و چەرمۆ لە موزەخانەی مێژووی مرۆڤایەتیدا دابنێم و بە ئەسخیلۆسیش بڵێم دەکرێ جارێکی تر سیناریۆیەکی تازە بۆ مەم و زینەکەی من بنووسییەوە تا لەسەر تاشەبەردەکانی کۆنترین شارستانییەتدا لە ئەسینایەکەی تۆ نمایشی بکەم .


## رای پێشوەخت

بەراستی ئەستەمە بۆ کەسانێک باوەڕیان بە ئەقڵ و مەنتق هەبێت و تەقە بەتاریکییەوە بنێن، زۆرن ئەوانەی پێیانوایە شتن و لە ئەسڵدا شتیش نین. ئەوانە لایانوایە کار تەنها بە قسە و جوملە فڕێدانە، لە بیریان چووە یان لە بیریان نییە کە کردار سەنگی مەحەکە نەک هاشووهوش؟!!!.
ئەو جۆرە کەسانە لایانوایە قسە شوێنی کردار دەگرێتەوە، بێئەوەی بیرلەوەبکەنەوە کە تەنها کردار شوێنی قسەدەگرێتەوە. دیارە لە دنیای ئێمەدا، چونکە کردار غائیبە، بۆیە مسداقیەت بۆ ئیش و کار و ئیش نەکەر نەماوە. لە دنیای ئێمەدا ئەوەی کار نەکات مەعقولترە لەوەی کار ناکات، بەڵام لە دنیای دەرەوەدا کار رەمزی بەردەوامی ژیانە. من ئەو رۆحە لە هەناوی تاکی کوردی نابینم، بۆیە چاوەڕێی بەرهەمی باشیش لەو نەسلە ناکەم. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئیتر کۆمەڵگەی ئێمە چۆتە دۆخی متبوون و ئیتر گەشە ناکات، رەنگە هاوکێشەکە بەو شێوەیە نەبێت و ئەم دۆخە تێپەڕێنین، بەڵام دۆخێک هێشتا بیری لەوەنەکردبێتەوە، کە تەنها کار دەتوانێت بارودۆخەکە بگۆڕێت. بێگومان لەوەها واقیعێکدا ئەستەمە جومگەکانی تەجاوزکردن لە کۆمەڵگەیەکی دۆگمای بێ بەرهەم و و کلتوورێکی بەرهەم هێنەر بدۆزیتەوە. دەکرێ جگە لە تاک و کۆمەڵگەش، بەشێک لە وەزارەت و دەزگاکانی حکومەتیش هەڵاوێردبکەیت لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا، بۆ نموونە وەزارەتی رۆشنبیری، بەیەکێک لەو وەزارەتانە دادەندرێت، کە هێشتا لە دۆخی متبوونە و بە ئاگا نەهاتۆتەوە.


دڵزارحەسەن

لە وەزارەتی پەروەردە و تەندروستی و ژینگە و پلاندانانیش هەر گەرێ کە بە خۆشیان نازانن چ دەکەن؟!!. لێرەدا پێویستە دەستی کار و مشەخۆر لێکجیابکرێنەوە بۆ خاتری ئەوەی مەودای نێوان و بەرهەم هێن و بێکار بە باشی ببیندرێت. بێگومان ئەو رۆژەی مەحمود زامدار گوتی: دەزگای بەدرخان بەقەت دوو وەزارەتی رۆشنبیری کاردەکات، فشەم بە قسەکەی هات، نەک لەبەرئەوەی ئەو دەزگایە ناتوانێ ئەو کارانە بکات، چونکە من لە پێشتردا ئەزموونم لەگەڵ ئەو دەزگایە هەبووە و باش دەزانم ئەم چۆن کاردەکات، بەڵام لاشم سەیربوو، کە چۆن ئیمکانیەتی ماددی وەزارەتی رۆشنبیری و دەزگایەکی وەک بەدرخان موقارەنە بەیەک دەکرێت؟!!. بێگومان ئەو مەعادەلەیە هەروەها ئاسان نییە تۆ بێیت بە بەڵێ و نەخێرێک وەڵامی بدەیتەوە، چونکە توانای ماددی وەزارەت و دەزگای بەدرخان ئێرە و ماڵی خودا جیاوازییان هەیە. بەهەرحاڵ کاری هەردووکیان دیارە و زامداریش ناهەقی نییە ئەو جوملەیە فڕێدەدات، چونکە بەچاوی خۆی بینیویەتی کە حەمید بەدرخان چۆن کار دەکات. دیارە وەزارەت بۆ کارێک، یان بۆ فیستیڤاڵ و بۆنەیەکی ئاسایی ژمارەی حیسابی هێندە تێدەپەڕێنێت پیاو گومان دەکات، کە ئەوە بۆ بۆنەیەکی لەو شێوەیە سەرفکرابێت. بینیشمان کە چۆن هەرجارە و هەڵایەک لەسەر وەزارەت دروستدەبێت کە گەندەڵی کردووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە وەزارەت پارە بە خۆڕایی بەهەدەر دەدات. بەڵێ جیاوازییەکە لێرەدایە، تۆ پارە سەرف بکەی، بەڵام لەدوای خۆت دنیایەک گەندەڵی و فیستیڤاڵێکی سەقەت جێبهێڵێت؟!!. لێرەدا مەبەستم نییە تەعنە لەو و لەم بدەم، بەڵام دەمەوێت نەختێک بەرچاوروونی لەسەر کارەکانی دەزگای بەدرخان بدەم، کە بە ئیمکانیەتێکی کەم دەتوانێ شتێکی گەورە بکات. بێگومان فیستیڤاڵ و چاپەمەنیی و بۆنە و گەشتە کلتووری و روناکبیرییەکانی دەزگای بەدرخان شایەدی ئەوەن، کە کێ کاردەکات و کێ کار ناکات، بۆیە هەقوایە ئەو کەسەی دەیەوێت قسە لەسەر ئەو جیاوازیانە بکات، پێویستە بە ویژدانەوە بڕوانێتە شتەکان.

# عەبدوڵڵا پشدەری: بارزانی لەسەرەتای شۆڕشەوە تاساڵی ١٩٧٠ هەمیشە سیاسەتی بێلایەنی بەکاردەهێنا


عەبدوڵڵا پشدەری

**بەڵگەی دووەم هەر لەسەر سیاسەت:**
کاتی ئینقیلابی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ئەوە بوو حزبی بەعس دەسەڵاتی گرتە بەرخۆی، حزبی شیوعی عێراقی کەوتە ژێر شاڵاوی توندی حکومەتی بەعس و بڕیاری لە ناوبردنیان راگەیاند، ئەوەی کوشتیان و ئەوەی کە بۆشی دەرچوو رزگاری بوو، پەنایان بۆ کوردستانی رزگارکراو هێنا، بەڵام "مەکتەبی سیاسی پارتی" بە هۆی داخ لە دڵی شیوعییەکان، بڕیارێکی زۆر توندی لە دژی شیوعییەکان دا، بە بروسکەی کراوە ئاگاداری هەموو بنکەو بارەگاکانی حزب و پێشمەرگەیان کرد، کەوا ماوە نەدەن چەکدارەکانی حیزبی شیوعی بەچەکەوە بێنە ناو خاکی کوردستانی ئازادکراو، هەروەها ماوەش نەدەن "حیزبی شیوعی" هیچ بنکەو بارەگایەک لە ناوچەکانی کوردستان دابنێن، تا عەلی عەسکەری خوالێخۆشبێت هەر بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی، کە ئەو کاتەش مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی بوو، چەند کەسی لە شیوعییەکان کوشتن و لە ڕێگای "دەربەندیخان" چەندیشی لێ بە دیل گرتن، بەڵام سەرۆک بارزانی بە پێچەوانەوەی هەڵوێستی "مەکتەبی سیاسی" جوڵایەوەو هەرچی زووتر بە برووسکە ئاگاداری هەموو بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگەی کرد، کە دەبێ هەموو جۆرە کارئاسانی بکەن بۆ دامەزراندنی شیوعییەکان و حەوانەوەیان لە کوردستانی رزگارکراودا، لە رووی ژیان و گووزەرانیشەوە هەر وەکو پێشمەرگەکانی خۆمان رەفتاریان لەگەڵدا بکەن، ئەو کاتە من خۆم لە هێزی سەفین بووم و سەعید مەسیفی خوالێی خۆشبێت چەند چەکێکی لە ڕێگای "ئیشکەو سەقا"ی دەشتی هەولێر لە شیوعییەکان ستاندبوو، "کەریم ئەحمەد"یش دەربارەی ئەو چەکانە شکایەتی بۆ لای بارزانی نەمر بردبوو، ئەویش فەرمانی بەمن دا کەوا سەعید مەسیفی بە "بەندی" بۆ رەوانە بکەم، بۆ ئەوەی سزای توندی بدات، بەڵام باش بوو هەرچی زووتر چەکەکانمان لە "سەعید" مەسیفی وەرگرتەوەو دامانەوە بە کاک کەریم ئەحمەد، داوای بەخشینم بۆ سەعید لە سەرۆک بارزانی کرد، ئینجا سەرۆک بارزانی لەو هەڵوێستەیدا دوو ئامانجی سەرەکی هەبوون:
یەکەمیان، رازی کردنی "رووس" و راکێشانی "عەتفی" ئەوان بۆ شۆڕشی کورد، چونکە خۆی لە حکومەتی بەعس دوودڵ بوو، کە تازە هاتبوونە سەر حوکم.
دووەمیان، کەڵک وەرگرتن لە زانایی چەکدارانەی حزبی شیوعی، کەوا کۆمەڵێک ئەفسەری ئازاو خاوەن بیروباوەڕیان لە ناودا هەبوون، لە شەڕەکانی "جەبهەی باڵەکایەتی" بە تایبەتی شەڕی هندرێن لەساڵی ١٩٦٦ زۆر دەورێکی قارەمانانەیان هەبووە.
بەڵگەی سێیەم، مەلا مستەفا بارزانی هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە هەتاکو ساڵی ١٩٧٠ هەمیشە سیاسەتی بێ لایەنی "حیاد" بە کار دەهێنا و هەر بەو سیاسەتەش رۆڵێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی لە نێوان دوو دەوڵەتی زەبەلاح و بڕیاربەدەستدا یاری دەکرد، واتە نێوانی "رۆژهەڵات و رۆژئاوا" کارێکی وای کردبوو، کەوا هەردووکیانی لە خۆی رازی کردبوون، تارادەیەک "یارمەتی ماددی و مەعنەویش"ی لێ وەردەگرتن، ئینجا وا دەزانم کەوا ئەو سێ بەڵگە حاشا هەڵنەگرانە بەسن بۆ ئیسپاتی زانایی و سیاسەتمەداری "مەلا مستەفا بارزانی"، ئەوەبوو کە خۆی لە هیچ "ئەکادیمی" یەکی سیاسی و عەسکەری دەرنەچوو بوو، بەڵام خواوەندی گەورە ئەو مرۆڤەی وا دروستکردبوو، کە بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان سەری لە کاروباری سیاسی دەردەچوو، هەمیشە بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی هەبوون، رای زۆر کەسیشی وەردەگرت، هەرگیز بە پێی "ئایدۆلۆژیا"ی حزب کاری نەدەکرد، ئەفکاری جیاوازی خۆی هەبوون، هەزاران ئەزموونی جۆراو جۆری لە مێشکی خۆیدا کۆکردبوونەوە، هیچ شتێکی فەرامۆش نەدەکرد، بە کورتی خۆی فەرهەنگێک بوو بۆ کێشەی کورد، ئاوێنەیەک بوو کەوا هەموو کوردستانی تێدا دەبینرا، هەر بەو زانایی و لێهاتووییەشەوە بوو، کەوا توانی کێشەی کورد لە عێراقدا بگەیەنێتە ئاستێکی زۆر بەرز، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەم "کاروانە"ی کەوا خستبوویە ڕێگا بۆی نەگەیشتە دوا قۆناغ، گەلەکۆمەکی دوژمنانی کورد کارێکی وای کرد، کەوا شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بە خەنجەری ژەهراوی شای ئێرانی گۆڕبەگۆڕ لە ناو بچێت، ئەوەبوو سەرۆک بارزانی نەمریش هەر بەو داخ و کەسەرەوە کۆچی دوایی کرد و غەم و پەژارەیەکی زۆری بۆ گەلەکەی بەجێ هێشت، "انا لله و انا الیه راجعون".

**دادپەروەری"عەدالەتی"سەرۆک بارزانی نەمر:**
راستی، تا ئەوەندەی خۆم ئاگادارم، دادپەروەری ئەو مرۆڤە مەزنە زۆر بێ وێنەبوو، من بەراشکاوییەوە دەتوانم بڵێم، کەوا سەرۆک بارزانی نەمر یەکێک بووە هاوشانی"عومەری عەبدولعەزیز ئەمەوی" و نوشیروانی"فارسی"،کەوا هەرووکیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا ناویان تۆمارکراوە، ئینجا هەرچەندە کە من ناتوانم وەکو پێویست باس لە خێرەمەندی و دادپەروەری ئەو مرۆڤە مەزنە بکەم، بەڵام تەنیا چەند بەڵگەیەکی روون، کەوا بەچاوی خۆم دیتوومن دەیخەمە بەردەستی خوێنەری بەڕێز:
بەڵگەی یەکەمیان/ ئەوەبوو زەلامێک لەناوچەکانی شارباژێڕەوە، ناوچەی هێزی خەبات هاتە لای سەرۆک بارزانی نەمر، کەوا دەرگای ئەو هەمیشە کراوەبوو بۆ گەورەو بچووک، ئەو زەلامە هات وتی قوربان من پیاوێکی هەژارو نەدارم، کاسبی دەکەم، ئەشیام لە ئێرانەوە هێناوە و کاربەدەستانی "گومرگی" سەر سنورەکە، ئەوانەی سەر بەهێزی خەباتن سێ جاران لەسەر ڕێگا پارەی گومرگیان لێ سەندووم، بۆ جاری سێیەم کاتێ کە وتم چیتر پارە نادەم دوو "شەپەڵاغیان" لێدام، ئەمجا لەوێوە هاتووم بۆ شکایەت لای جەنابت، ئیتر سەرۆک بارزانی هەر زوو باوەڕی بە قسەکانی کابرا هات، وتی ئەو مرۆیە راست دەکات، ئەگینا لەو ڕێگایە دوورەوە نەدەگەیشتە لای من، ئینجا سەرۆک بارزانی هەر هەمان کات پارەکەی لە گیرفانی خۆی بە زەلامەکە دایەوە، پێشی وت هەستە وەرە نزیکمەوەو دوو "شەپڵاغم" لێبدەوە، چونکە من خۆم بوومەتە هۆی ئەو لێدانەی تۆو پێویستە تۆڵەم لێبکەیەوە، ئەگەر بە هۆی منەوە نەبێت ئەوانە چۆن دەتوانن پارە لە تۆ بستێنن و لێشت بدەن؟ ئیتر کابرای قووربەسەر زۆر شەرمەزار بوو لە قسەکانی سەرۆک بارزانی و نەیدەزانی چۆن خۆی قووتار بکات، ئینجا هەر پاش ئەو رووداوە سەرۆک بارزانی نەمر هەرچی زووتر بڕیاری دا، کەوا گومرگ لەسەرتاسەری کوردستان قەدەغە بکرێت و ببڕای ببڕ گومرگ لە کوردستان دانەنرایەوە.

**بەڵگەی دووەمیان.**
لە ساڵی ١٩٦٧دا دوو مرۆڤی "خەیلانی و مەنتک"، کەوا لەگەڵ یەکتردا دوژمنایەتی "خوێن" یان هەبوو، لە دەشتی هەولێرەوە دێنە ناوچەی باڵەکایەتی، ئەو ناوچەیەی کەوا سەرۆک "بارزانی نەمر" لە گوندی "دەربەند"لێ نیشتەجێیە، یەکێکیان ئەوی تر دەکوژێت، سەرۆک بارزانی فەرمانی دا، کە دەبێ بکووژ هەر لە شوێنی رووداوەکەدا، بە پێی شەریعەتی ئیسلام بکوژرێتەوە.

**بەشی بیست و چوار**

# عەلی حەسەن مستەفا: ئەو پیلانەی دوژمنانی کورد بۆیان دروستکردین تائێستاش پێوەی دەناڵێنین


عەلی حەسەن مستەفا

**ساڵی ١٩٥٨ و کۆنگرەی پێنجەم**
کۆمیتەی ناوەندی پارتی لیژنەیەکی هاوبەشی پێک هێنا لە هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو عومەر دەبابە، شەمسەدین موفتی هەڤاڵی سێیەم ناوەکەیم بیر نەماوە، ئەم لیژنەیە فۆرمی ناوچەکانی مەسیف ( پیرمام )، شەقڵاوە، هەریر، گەڵاڵە و رەواندزیان پڕ دەکردەوە، فۆرمی ئەندامێتی پڕدەکرایەوە بۆ ئەندامانی پارتی لە قەزاو ناحییەکان، لە هەریر تەلەفۆن کرا بۆ لقی دوو، کە فۆرمیان تەواو بووە ئیدیکەمان بۆ رەوانە بکەن، ئەوە بوو لە لق منیان راسپارد، کەوا دوو هەزار فۆرمیان بۆ بەرم، پێیان وتم بڕۆ لە لیژنەی ناوچەی رەواندوز دەیانبینیت، منیش فۆرمەکانم وەرگرت و بە ماتۆرەکەم بەرەو رەواندز بەرێ کەوتم، لەوێ لە بارەگای ناوچە یەکترمان دیت و پاش پشوودانێک لەگەڵ برادەران دانیشتین، فۆرمەکانم دا پێیان، لەوکاتەدا حاکم بایز هاتە ژوورەوە سەلامی کرد و ئێمەش بەخێرهاتنمان کرد، کاک عومەر دەبابە گوتی مام عەلی ئەو پیاوە دەناسی؟ منیش وەڵامم دایەوەو گوتم: نەمدیوە و نایناسم، گوتی ئەوە بایز ئاغا کوڕی عەوڵا ئاغای کۆزەپانکەیە، دووبارە بەخێر هاتنم کردە وە، بایز ئاغا گوتی کاک عومەر دوای کارەکانتان میوانی من دەبن و لە ماڵ خزمەتان دەکەم، ئەوە بوو بۆ نان خواردنی ئێوارە چووین بۆ ماڵی حاکم بایز، لیژنەکە بۆ بەیانی دەچوون بۆ گەڵاڵە، منیش ویستم بگەڕێمەوە بۆ شاری هەولێر، بەڵام کاک شەمسەدین گوتی دەبێت لەگەڵ ئێمە بێیت بۆ گەڵاڵە، منیش زۆر پێم خۆش بوو، چونکە لە رەواندز بەسەرەوەم نەدی بوو، ئیتر بەرەو گەڵاڵە بەڕێکەوتین، بۆ نیوەڕۆ لە ماڵی بەڕێوەبەری ناحیەی گەڵاڵە خوانمان بۆ ئامادە کرابوو، کە ناوی محەمەد حەسەن باڵتە بوو، خەڵکی بادینان بوو، ئەندامی پارتی بوو، ئیتر پاش نان خواردن دەست بە فۆرم دابەش کردن کرا بەسەر ئەندامانداو، لە کۆتایی فۆرمەکانمان هەژمارکرد، هەشت سەد ئەندامی پارتی، کە هەندێک لەوانە ئەندامی زەمانی مەلیکی بوون، هەندێک لە ئەندامە کۆنەکان ناسنامەی کۆماری کوردستانیان پێ بوو بە ئێمەیان پیشان دەدا، ئەوە بوو کۆتایی پێهات و بەرەو شاری هەولێر گەڕاینەوە، دوای ئەوەی لە گەڵاڵە هەڵبژاردن کرا و پێنج کەس هەڵبژێردرا بوون، منیان سەرپشککرد بۆ ئەوەی یاوەریان بکەم، یەکێک لەوانە حاجی عەبابەکر دەربەندی بوو، ئەوکاتە حزب مۆڵەتی رەسمی پێ نەدرابوو، جموجۆڵی ئەندامانمان لە لایەن رژێمەوە چاودێری دەکرا، منیش کە گەیشتمەوە هەولێر ئەوانم بردە ئوتێل (سندباد)، کاک شەمسەدینم ئاگادار کردووە، کە ئەوان لەوێن، وتی بەیانی بە بێ دەنگی کاتژمێر هەشت وەرە بارەگا لە ناوچە کۆنفرانسمان هەیە، کۆمەڵێک لەو ئەندامانەی بۆ کۆنفرانس هاتبوون خەڵکی ناوشار بوون، ئێمەش خەڵکی دێهاتەکان بووین بە جلی کوردی بەسەر قەڵا کەوتین بۆ ماڵی خوالێخۆشبوو فازڵ سەعید ئاغا، چونکە کۆنفرانسەکە لە ماڵی ئەوان بوو، کە ئەوکات قائیمقامی دەربەندیخان بوو . خۆشییەکە لەوەدا بوو، کە سەرکەوتین بۆ قەڵا، کچان و ژنانی ماڵەکان بەسەربان کەوتن و بەیەکتریان دەگوت " وەرن.... وەرن بزانن ئەوانە چین"، پاشان گەیشتینە ماڵی فازڵ ئاغا، ئیش و کاری کۆنفرانسمان تەواوکردو نوێنەرمان بۆ شاری بەغدا رەوان کرد.

**کورتە چیرۆکێک لەبیرەوەرییەکانمدا**
ساڵی١٩٦٣ناخۆشترین ساڵ بوو لەزستاندا زۆر لە پێشمەرگە و خەڵک لەناوچەکانی ئێران وعێراقدا بەتایبەتی کوردستانەکەی خۆمان لەناوبەفردا دەمردن، لەوکاتەدا بوو سەفەرێکم کەوتە پێش بۆ ناحیەی(ماوەت)لە ڕێگای قەڵادزێوە چووم، شەو لەقەڵادزێ لە بارەگای خوالێخۆشبوو (ئەحمەد حەمەد ئەمین)مامەوە، بۆ بەیانی کاک ئەحمەد پێی گووتم هاوڕێت زۆرە لە ڕێگا، یەکێک لەوانە(عومەر)ی برام و (شێخ حوسێن قەرەداغی) کە پیاوێکی قسە خۆش و ناودار بوو لەگەڵماندا بوو، هێستریکیان بۆ هێنا، بەڵام لەبەرئەوەی پیاوێکی قەڵەو بوو نەی دەتوانی بەپێ بڕوات، خەڵکێکی زۆریش بۆ بەرێ کردنی لەلامان وەستابوون، لەوکاتەدا کاک حوسێنیان بردە سەر کۆنە دیوارێک، بۆئەوەی بچێتە سەر پشتی هێسترەکە و هێسترەکەیان هێنایە نزیک دیوارەکە تاوەکو سواربێت، لەوکاتە هێسترەکە بەرەودواوە رۆیشت، کاک حوسێنیش ناسنامەکەی لەگیرفانی دەرهێناو خستییە بەرچاوی هێسترەکەو وتی نامناسی، من حوسێن قەرداغیم، ئەوەش ناسنامەکەمە پاشان وردە وردە بەرێ کەوتین بەرەو مەکتەبی سیاسی، بەڵام بەفر دنیای داپۆشیبوو، لەرێگادا چوار کەس یاوەرم بوو(عومەر دزەیی و حوسێن قەرەداغی و مولازم خدر دەباغ کۆیی و جەلال شێخ عەبدولحەمید ئەتروشی)بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی(نورە دین)لەدۆڵی پشدەر، لە دیوەخانی کابرایەک میوان بووین ناوی(حاجی ئاغا)بوو، پیاوێکی بەڕێز و میوان دۆست بوو، زۆر خزمەتی ئێمەی کرد، پاش نانخواردن خواحافیزیمان کرد و بەرێ کەوتین تا گەیشتینە گوندی (پریسکە) ئاغایەکی هەبووناوی(مارف ئاغا)بوو، لەبەر ئەوەی وەرزی زستان زۆر ناخۆش بوو کاک عومەر لەرێگا بە ئێمەی گوت هەرکەسێک ببێتە میوانی ئەو ئاغایە لەبەر ئەوەی رقی لەپێشمەرگەیە من ناوی هەمووتان بەئاغا دەبەم، بۆئەوەی خزمەتمان بکات جا ئەوە بوو لەگەڵ ئاوابوونی رۆژدا گەیشتینە گوندی پریسکەو رووومان لە دیوەخانی مارف ئاغا کرد، کە چووینە ژوورەوە سەلاممان کرد گوێمان لە وەڵام نەبوو، بەفرو ساردیش زۆر پەرێشانی کردبووین، لەسەر ئەو بێ رێزییەی ئاغاش، کە هیچ حسابی بۆ نەکردین رووی لە ئێمە کردو وتی ئێوە بۆ ناچنە ماڵی خۆتان کاسبی بکەن چ دەکەن لەو شاخ و داخە؟! ئێمەشتان هیلاک کردووەو حکومەتیش توتنمان لێ وەرناگرێ، کاک عومەر وتی بەداخەوە مارف ئاغا ئێمە دەربەدەر کراوین شیوعی تاڵانی کردین، خۆزگە دەربەدەر نەدەبووین، بەڵکو ئەو هێرشە دەگەیشتە ئێوەش، وتی تۆکێی. لەوەڵامدا وتی من عومەرم برای ئەحمەد حەمەدئەمین دزەیی هەروەها ئێمەشی پێ ناساند و بەئاغا ناوی هێناین وتی ئەمە(حوسێن ئاغا و عەلی ئاغاو..هتد)دوای ئەو گفتوگۆیە بانگی کورە گەورەکەی کرد و وتی سۆپا داگیرسێنەو بڕۆ نان بێنە ئیتر خزمەتی کردین، دیوەخانەکە گەرم داهات، بارودۆخەکە بەرەو باشتر چوو. خوالێخۆشبوو(حوسێن قەرەداغی)پیاوێکی قسە خۆش و نوکتەچی بوو بەئێمەی گوت ئەگەر کتێبتان بڵاوکردەوە بنووسن هەزارڕەحمەت لە(حاجی ئاغای نورەدینی)هەزار نەفرەت لە (مارف ئاغای پریسکەیی)، ئەمە وەسیەتی شێخ حوسێن بوو بۆ ئێمە ئیتر ئەوە بوو رۆژی دووەم گەیشتینە مەکتەبی سیاسی، لەوێ کارەکەی خۆم تەواوکرد لەگەڵ(برایمی)برام گەڕاینەوە بۆ قەڵادزێ و خواحافیزیمان لە برادەران کرد، کە لەماوەت گەڕاینەوە شەو گەیشتینە دێیەک ناوی(بەرز روون)بوو جووتە گۆرەوییەکی بەنم بۆ برایم کڕی، لەبەر بەفر شەو لەوێ ماینەوە، خزمەتی زۆریان کردین و خواردنی باشیان داینێ (هەنگوین و گوێز و مێوژ)و هەندێکی تریشیان داینێ بۆ تێشووی ڕێگا، بۆئەوەی لەگەڵ خۆمان ببەین تا دەگەینە قەڵادزێ، رۆژێکی زۆر ناخۆش بوو لەساردی بەفرەکە ناخۆشتربوو، کە دووبەرەکی لەنێوانماندا دروست ببوو، دوژمن هەوڵی دەدا بارودۆخەکە بەرەو نالەباری ببات، هەرچەندە گفتوگۆ لەنێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و مەلا مستەفادا هەبوو، بەڵام ئەو پیلانە بۆگەن و پیسەی دوژمنانی کورد بۆیان دروست کردین تا ئێستاش گەلەکەمان لەبەری دەناڵێ. جا من و برایم گەڕاینەوە بۆ دەشتی هەولێر سەرەتای ساڵی١٩٦٤بوو، لەگوندی(سەرمەزرا)پێیان راگەیاندین، کە خزمێکتان مردووە لە هەولێر، برایم چووەوە بۆ ناو شاری هەولێر، ئێمەش لە ناوچەی بێستانە ماینەوە تاوەکو بەمەش کۆتاییمان بەسەفەرەکەی ماوەت هێنا و سەفەرێکی ناخۆش بوو لەرووی ساردی ئاوو هەوا و نالەباری بارودۆخی سیاسی لە دژی گەلەکەمان.

**بەشی بیست و حەوت**

ژمارە (١٢٧) تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩/١٠/٢٢ - گەلاوێژی ٢٧٠٩ی کوردی

# د.کەمال مەزهەر: هەموو ڕۆژنامەیەکی کوردی هەنگاوێکی پیرۆزە لە ژیانی ڕووناکبیری نەتەوەکەمان

**هەروەکو لە ژمارەکانی پێشوو، بەتایبەتی یەکەم دیداری ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ مێژوونووسی گەورەی گەلەکەمان د.کەمال مەزهەر لە ژمارە (١)ی بەدرخانی ساڵی ٢٠٠٠ کە لەگەڵی ئەنجامماندا بە ٣ بەش بڵاوکرایەوە، کە ئێمەی ڕۆژنامەنووسان ناومان نابوو دیداری "ڕۆژانی سەخت"ی پرۆفیسۆرێکی کورد لە بەغدا، بەهەمان ڕۆحی کارکردن دیسانەوە دێینەوە حزووری ئەو پیاوە جوان و زانایە، کەبە کتێبی نوێ و زانیاری نوێوە خوێنەرانی بەدرخان ئاشنا دەکاتەوە**

**دیداری: حەمید بەدرخان و عەبدولڕەحمان مەعروف**



دکتۆر کەمال مەزهەر - هەولێر ٢٠٠٩

*** لە سکرتێری کۆڕی زانیاری- عێراقی/ بەشی کوردی لە بەغداوە بۆ ئەکادیمیای کوردستان. ئێستای ئەکادیمیای کوردستان و پڕۆژەی ئەکادیمیا چۆنەو لە کوێدایە؟**

– لە ڕاستیدا زۆر دڵم خۆشە بە دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردستان، یەکێک لەو هۆیانەی پاڵی پێوەنام، کە هەولێر هەڵبژێرم ئەوەبوو، من تاکو ئێستا لە دوو کۆبونەوەی ئەکادیمیا ئامادەبووم لە کاتێکدا ئەندامم و ئەوەشم پێ ناخۆشە، حەزدەکەم لە هەموو کۆبوونەوەکاندا بەشداربم و بەپێی توانا ڕۆڵی خۆم ببینم لەبەرەوپێش چوونی ئەکادیمیای زانستی کوردستان، گەلێک لە ئەندامەکان برادەری زۆر نزیکمن. دکتۆر جەبار قادر غەفور، من لە پۆلی سێی کۆلێژی ئاداب دەرسم پێ گوتووە، دەزانم چ کوڕێکی دڵسۆزە، لەو وەختەوە ئەو کوڕە هەر بە دڵسۆزی ماوەتەوە.

هەریەک لەو ئەندامانەی، کە لە ئەکادیمیان کەسانی دڵسۆزو پڕ ئەزموونن، لەوانەش دکتۆر عزەددین، دکتۆر کەمال فوئاد، دکتۆر نوری تاڵەبانی، دکتۆر شەفیق قەزاز، کەسەرۆکە. دکتۆر وریا عومەر ئەمین، کە من لە ژوورێک لەگەڵ ئەو داندراوم، چونکە بۆ هەر دوو ئەندام، ژوورێک

## مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی، کەسێکی زۆر گەورەیە، ئەو نووسینانەی ئەو کەم نین، ئەو هەموو دەستنووسانەی کۆی کردوونەتەوە گەنجینەن

تەرخانکراوە، ئەویش زۆر دڵسۆزو ڕاستگۆیەو زۆرم خۆشدەوێ، هەتاکو داوایان لێکرد ببێت بە سکرتێری گشتی ئەکادیمیای زانستی، نەیکرد. ئەمەش بە بیانووی ئەوەی لێرەو لە بەغداش دەرس دەڵێتەوە.

هەروەها ئەندامێکی دیکە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغییە، کەسێکی زۆر گەورەیە، ئەو نووسینانەی ئەو کەم نییە، ئەو هەموو دەستنووسانەی کۆی کردوونەتەوە گەنجینەن. حەزدەکەم ئەوە لە بەدرخان بنووسیت، چونکە کەم کەس ئەوە دەزانێت، مەلا محەمەدی قەرەداغی یەکێک بوو لەوانەی، کە ڕژێمی سەدام حوسێن ویستی بینێرێت بۆ ناوچە کوردییەکان، بۆ ئەوەی پڕوپاگەندە دژی ڕاپەڕین و حکومەتی کوردی بکات، بەڵام قەرەداغی ئەوەی قبوڵ نەکردو دایە پاڵ شۆڕش و کوردستان، من لەوکاتەوە بە پەرستن دەیپەرستم. لەوکاتەوەش خەریکی کۆکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکانە. هیوادارم ئەکادیمیا لەکارو چالاکییەکانی بەردەوام و سەرکەوتوو بێت.

*** مامۆستا بۆ ئەو سەردەمە زێڕینەی کۆڕی زانیاری دووبارە نابێتەوە؟**

– بۆ ئەوەی بزانین ئەو کۆڕی زانیارییە چۆن کاری دەکرد دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەوکاتە.

دکتۆر ئیحسان شێرزاد سەرۆکی کۆڕ بوو، لە هەمان کاتدا وەزیری شارەوانی "بەلەدیات" بوو، ئەو دکتۆر ئیحسان شێرزادە، کەسێکی وەها خاوێن بوو، پوولێکی وەرنەدەگرت، لە هەموو کۆبوونەوەکان ئامادە دەبوو، کۆبوونەوەکانمان بەشەو دەکرد، چونکە زۆربەمان کاری دیکەمان هەبوو. ئەو پیاوە پڕوپاگەندەیان لە دژی دەکرد، نازناوی شەهرەزادیان لێ نابوو، هەبوو دەیانگووت بە ڕەچەڵەک تورکمانە، خۆزگە هەزارەها تورکمانی وەک ئیحسان شێرزاد هەبوایە، ئەگەر تورکمانە!

هەروەها مامۆستا هەژار لەگەڵ مامۆستا مەسعوود محەمەد هەموو هەفتەیەک دوو شەو کۆدەبوونەوە، بەچلەی زستان و بە چلەی هاوین لە زاراوەی کارگێڕیتی کاریان دەکرد. ئەو زاراوانەی کە ئەوان دایاناو بڵاومان کردەوە، ئێستا بەشێکن لە زمانی کوردی، زاراوەی پاراوو ڕێک و پێک، ئەم دوو کەسە گەورەیە نە خانوویان هەبوو نە ئۆتۆمبێل، من سەعات ١١:٠٠ی شەو بە ئۆتۆمبێلی خۆم هەردووکیانم دەگەیاندەوە ماڵێ، چونکە کۆبوونەوەکان تا درەنگی شەوی دەخایاند. ئینجا هەزارو یەک قسە دژی کۆڕەکە دەکرا. بە داخەوە ئێمە دەبێ دەرسی گەورە لەو شتانەو لەم ڕۆژگارە وەربگرین. کتێبێکم بۆ بێنە شان لەشانی گۆڤارەکانی کۆڕی زانیاری بدات، کە هەر ژمارەیەکی "٧٠٠" لاپەڕە دەبوو لە بەرگ و و چاپێکی جوان و قەشەنگدا..

**ئەو کارەی ئێمە، ئەگەر قۆڵی لێ هەڵبماڵدرێت و دەست بەکارەکانی بکرێت، کاتی نەهاتووە؟**

– نووسینەوەی ئینسکلۆپیدیا کارێکی ئاسان نییە، کارێکی یەکجار دژوارو زەحمەتە، شارەزایی و پسپۆڕی گەرەکە، چونکە دەبێت ئینسکلۆپیدیا ناوەرۆک و پوختەی هەموو ڕووداوێک و کەسایەتییەک بنووسێت، بۆ نموونە کاتێک من ناوی "دانتێ"م بیست، پەنام بۆ ئینسکلۆپیدیا برد، بۆ ئەوەی بزانم ئەوەی توانیم و فریاکەوتم تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچوو، چونکە شۆڕشی کورد نسکۆی هێنا، یەکێک لەو دەسکەوتانەی، کە لابرا ئەوەبوو کۆڕی زانیاری کورد خرایەوە سەر کۆڕی زانیاری عێراق.

*** ئێمە وەکو بەدرخان ئەوە چەند ساڵێکە خەریکی ئینسکلۆپیدیای هەولێرین و لە ژێر چاپە، بۆیە پێت وانییە ئەکادیمیا هەرچەندە لێژنەی ئینسکلۆپیدیای کوردستانیان داناوە، کە منیش- حەمید بەدرخان- ئەندامم تێیدا. پاش** کێیە، لەبەر ئەوە تکات لێدەکەم، ڕاستە پرۆژەکە پیرۆزە، ئەگەر ئەکادیمیای کوردستان پڕۆژەیەکی لەو بابەتەیان هەبێت، پێویستەو دەبێت هەوڵبدرێت زۆرکەسی شارەزا، بەتایبەتی بیانی لەو ئینسکلۆپیدیایە بەشداربن، دۆستی کورد کەم نییە، دەبێت پەلەی تیانەکرێت، بەوردی ئەم کارە ببرێتە سەر.

*** بەدرخان ئەوە حەوت ساڵە لەسەریەک فێستیڤاڵ دەکات، بەڕێزیشت لەیەکەم فێستیڤاڵ ئامادە بوویت، ئەم چالاکیانە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

– ئێستا بەدرخان هەفتەنامەیەکی یەکجار ناسراوە، من خۆم هەوڵدەدەم هەموو ژمارەکانی بخوێنمەوە، هیوادارم ئەو هەنگاوە باشەی، کە ناوتانە، هەنگاوی گەورەتریشی بەدواوە بێت، شت نییە بەبێ کەموکوڕی، وەک ئەوەی هەندێک جار لە بەدرخانیش هەڵەمان بەرچاو دەکەوێت، یان شتێک دەبینین، دەڵێین خۆزگە ئەوشتەی بڵاونەکردبایەوە، چاو بەوانە بگێڕیتەوە، چونکە ئاگام لێیە هەندێک کەس دڵیان لە بەدرخان هێشاوە، بزانین بۆ دڵیان ڕەنجاوە. لەلای من هەموو ڕۆژنامەیەکی کوردی هەنگاوێکی پیرۆزە لە ژیانی ڕووناکبیری نەتەوەکەمان.

**بەشی پێنجەم**

## وتاری لیژنەی باڵای شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان (١٩-٢٠/١٠/٢٠٠٩)

**میوانانی بەڕێز**
**جەوهەر کرمانج نوێنەری بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فیدڕاڵ**
**ئەنتۆنیس کاراس – پۆلینا لامپسا نوێنەرانی پارتی سۆشیالستی یۆنان- پاسۆک.**
**نوێنەری باڵیۆزخانەی عێراق لە یۆنان**
**نوێنەری حزبە سیاسییە عێراقی و کوردییەکان لە یۆنان**

ئەمساڵیش وەک ساڵەکانی دیکە فێستیڤاڵی بەدرخان پیرۆز دەکەین. ساڵانی پێشوو ئەم فێستیڤاڵە لە یادی ڕۆژنامەنووسی کوردی (٢٢–٤–١٨٩٨) ساز دەکرا، کە لە (٢٢–٤–٢٠٠٤)ەوە تا((٢٢–٤–٢٠٠٨) هەر پێنج فێستڤاڵی بەدرخان لە (سلێمانی– دهۆک– هەولێر– بەرلین– قاهیرە) بەسەرکەوتوویی ئەنجامدراون.

بۆ ئەم مەبەستە وەفدێکی دەزگای بەدرخان لە کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٠٩ دا سەردانی ئەسینای پایتەختی یۆنانی کرد بە مەبەستی پیرۆزکردنی یادی ١١١ سەدو یازدە ساڵەی لەدایکبوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی(کوردستان) کە لە ٢٢–٤–١٨٩٨ لە چاپخانەی دار الهلال لە قاهیرە چاپکراوە.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەم فێستیڤاڵە ساڵانە لە کاتی خۆی ئەنجام دەدرا، بەڵام ئەمساڵ بە هۆی هەڵبژاردنەکانی ئەوروپا و پەرلەمانی یۆنان سێ جار دواخرا.

بەڵام دواجار ئەوە دەبینین کە ئەم فێستیڤاڵە لە ١٩–٢٠ /١٠/ ٢٠٠٩ لەم وڵاتە جوان و دڵڕفێن و مرۆڤ دۆستە کە مرۆڤایەتی قەرزارییەتی ئەنجامدەدات، چونکە گریگستان یان یۆنانستان لانکەی شارستانییەت و باوکی ڕۆحی فیکر و هەموو ڕێبازە فیکرییەکان بووە، یۆنان ئەو وڵاتەیە کە دڵی بۆ گەلان کردووەتەوە، ئەوانیش هەوای ئازادی و دیموکراتی هەڵدەمژن و تینوێتی خۆیانی پێدەشکێنن.

دروشم و ناونیشانی هەر ساڵێک لە فێستیڤاڵەکان جیاوازبووە و ئەمساڵیش لە ٢٢ی ٤ ئەنجام نەدرا، لەبەرئەوە ئەمساڵ دروشمێکی جیاوازمان هەڵبژارد، کە ئەویش دروشمی(لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە بۆ ئەکرۆپۆلیسە) بۆ ئەوەی ببێتە پردێکی ڕۆشنبیری لە نێوان گەلی کورد و گەلی یۆناندا، دیارە ئەشکەوتی شانەدەر پێش ٦٥هەزار ساڵ پێش زایین ژیانی تێدا بووە، کە لە نێو پۆلینکردنی نێوی جۆری مرۆڤ بە مرۆڤی (نیاندەرتاڵی شانەدەر) ناو دەبرێت، هەروەها ئەکرۆپۆلیسیش هێما و دروشمی یۆنان و ئەسینایە.



حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

وەک نەریتێکی ساڵانە و لە خۆبردووانە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ئەو شار و شار دەکات و وڵات بە وڵات وەک گەڕیدە بە پاص و باخیرەی زەبەلاح و جار بەجاریش بە فڕۆکە دەگەڕێت، مەبەستیشی دروستکرنی پردی ڕووناکبیری و ئەزمونی گەلانی پێشکەوتنخوازە تاوەکو لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەوە سوودێک بە کوردستان و گەلی کورد بگات.

خۆ ئامادەکردن بۆ چالاکییەکی ئەوها بەرفراوان بە تەنیا بە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ئەنجام نادرێ، ئەگەر پشتگیری و هاوکاری مادی و مەعنەوی نەبێت. دیارە سازدانی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان بە پشتگیری و چاودێری د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح (جێگری سکرتێری گشتی ی.ن.ک)بوو، ئێمەش لێرەوە سوپاسی دەکەین.

ناشکرێ ڕۆڵی پارتی سۆسیالیستی یۆنان (پاسۆک) لە بیر بکرێ، چونکە ئەوان بە هاوکاری ڕەوا حەمە کەریم کە زۆر لە خۆبردووانە و ژیرانە کارەکانیان ئەنجام دا، داینەمۆی ڕاپەڕاندنی کارەکان بوون لە یۆنان، من بۆ مێژوو دەیڵێم ئەگەر ڕەوا حەمە کەریم نەبوایە هەرگیز ئەو فێستیڤاڵە لێرە ئەنجام نەدەدرا.

لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی پارتی سۆسیالستی یۆنان بەتایبەتی خاتوو پۆلینا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پاسۆک و جێگرەکەی بکەم، سوپاسی لێپرسراوی بیرۆی دەرەوەی (ی.ن.ک) سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بکەم، سوپاسی ڕەوا حەمەکەریم و کۆمیتەی یۆنان بکەم و سوپاسی سەرۆکی شاند جەوهەر کرمانج و شاندە ماندووەکە بکەم، کە تا گەیشتینە یۆنان نزیکەی چل سەعات لە نێو ئۆتومبێل بووین. بەدرخان داوای لێبوردن لەوانەش دەکات، کە بە نیاز بوون هاوکارمان بن لەم چالاکییەدا، بەڵام بەختی هاتنیان نەبوو.

لێرەدا ڕایدەگەیەنین کە ساڵی داهاتوو حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ٢٢ی ٤ی ٢٠١٠ لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا بە هاوکاری بەشی کلتوری و هونەری، و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

سوپاس بۆ گەلی یۆنان، سڵاوی میللەتی کورد، کە میللەتێکی چل و پێنج ملیۆن کەسییە لە هەموو گەلانی دنیا و میللەتە ژێر دەستەکان بێت بەو هیوایەی کە بگەن بە مافی چارەنووسی خۆیان . هەر لێرەوە سوپاس بۆ بەدرخانییەکان و لە سەروو، هەموویانەوە میر بەدرخان و هەردوو کوڕەکەی میقداد و عەبدولڕەحمان، کە دوو سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان بوون، کە ٣١ ژمارەی لێ دەرچوو. بە شانازییەوە دەزگای بەدرخان لە دوو چاپی جیاوازدا لە چاپی داوەتەوە، تەنیا ژمارە نۆزدەی نادیارە و بە هیواین لە ئایندەیەکی نزیکدا ژمارە نۆزدەش بدۆزینەوە.

**بژی مرۆڤایەتی**
**بژی دادپەروەری**
**بژی کۆمەڵگەی هوشیار و تەندروست**
**بژی دیموکراتی و مافی ژن و سەروەری یاسا**

### لە شاری پونای هیندستان

# قونسلی عێراق لە بۆمبای لە لایەن قوتابیانی کوردەوە خەڵات دەکرێت



کافی ڕەزاق ئەحمەد - ماهیر موجهید قونسولی عێراق، پونا - هیندستان

**کافی ڕەزاق ئەحمەد - پونا، هیندستان**

ڕۆژی ٢٠٠٩\١٠\١٠ (ماهیر موجهید) قونسلی عێراق لەشاری "بۆمبای" وڵاتی هیندستان و یاریدەدەرەکەی (سەعد ئەلجبوری) بۆ بەسەرکردنەوەی قوتابیانی عێراقی و لە ناویشیاندا قوتابیانی کورد، سەردانی شاری "پونا"یان کرد، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کێشە و گرفتەکانی قوتابیان.

لە شاری "پونا"ی وڵاتی هیندستان نزیکەی ١٠٠ قوتابی خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان لە بوارە جیاجیاکان بۆ بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا دەخوێنن. "پونا" یەکێکە لە هەرە بەناوبانگترین شارەکانی هیندستان لە بواری خوێندن و ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری قوتابیانی بیانی ڕووی تێدەکەن.

قونسلخانەی عێراق لە شاری بۆمبای ماوەی نزیکەی چوار مانگە دەستی بە کارەکانی کردووە.

باڵوێزخانەی عێراق تەنها لە شاری (نیودەلهی) پایتەختی هیندستان هەیە، ئەمەش ئاستەنگێک بوو بۆ قوتابیانی خەڵکی کوردستان و عێراق و نەیاندەتوانی بە ئاسانی بگەنە شاری (نیودەلهی) بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان لەو باڵوێزخانەیە، چونکە دووری نێوان شاری "پونا" و "نیودەلهی" نزیکەی ١٤٠٠ کیلۆمەترە، بەڵام دووری نێوان شاری "پونا" و "بۆمبای" نزیکەی ١٦٠ کیلۆمەترە و زۆر جیاوازیان هەیە و ئێستا دەتوانن لە ماوەی ٣–٤ کاتژمێر بگەنە شاری "بومبای".

لەمیانەی سەردانەکەدا (ماهیر موجهید) قونسلی عێراق لەشاری "بۆمبای" تیشکی خستە سەر بارودۆخی قوتابیان لە هیندستان و بەتایبەتی لە شاری "پونا"، بەڵێنی دا کە هەر کێشە و گرفتێکیان هاتە پێش بۆیان چارەسەر بکات، "موجهید" خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر قوتابیان و گوێی لە داواکاری یەکە یەکەیان گرت و وەڵامی پرسیارەکانی دانەوە، دواتر نیوەڕۆ خوانێکیان بۆ سەرجەم قوتابیان لەناو گۆڕەپانی زانکۆی "پونا" ئامادەکرد،

پاشان قوتابیانی کورد وەک ڕێزلێنانیک هەر یەک لە (ماهیر موجهید) قونسلی عێراق لەشاری "بۆمبای" و یاریدەدەرەکەی (سەعد ئەلجبوری)یان خەڵات کرد و ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە سوپاسی قوتابیانی کوردستانیان بۆ ئەم ڕێزلێنانە کرد.

# رۆژ بە رۆژ



**هەڵبژاردەی تۆماری رووداوەکانە لە دەفتەرە تایبەتییەکانمدا، پاکنووسی دوو هەفتەیان بە بەردەوامی بڵاودەکەمەوە. لە ٢٢ ی یولیۆ تا ٨ ی ئۆگستی ساڵی ١٩٩٢**

**شێرزاد هەینی_ ستۆکهۆڵم**

**هەیڤی سێیەم**

**رۆژی ٧ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٨٥ دەرچوو.
* رۆژنامەی (بۆتان) ی حزبی یەکگرتنی کوردستان ژمارە ١٣ ی مانگی تەباخ دەرچوو.
* کەسێک بە ناوی (مستەفا ئیبن سەید عەلی بەرزنجی) بە زمانی عەرەبی و لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر کتێبێک بە ناوی بەشی یەکەمی (کلمات الله) چاپکردبوو، کتێبەکە چاپێکی جوان بوو، لە قسەکانییدا گوتراوە کەوا ئەو قسانەی لە خودای گەورەوە بۆ هاتووە، نووسینەکان لە شێوە و دەربڕیندا لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەچوو، لە سەر نووسینەکاندا مێژووی دابەزینی بە ناوی وسایە نووسیبوو.
* کاک مەسعوود لەگەڵ پەرلەماندا کۆدەبێتەوە و باسی سەفەرەکەی خۆی بۆ دەرەوە بۆ پەرلەمانتاران دەکات، شەو تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان دەقی قسەکانی بڵاوکردەوە کە تێدا وتی: داواکاری فیدراڵیەت مافی رەوای خۆمانە و کێشەی کورد بوویتە کێشەیەکی سیاسی، من وا دەزانم وەزعی ئابووریمان چاک دەبێت و مەسەلەی سوتەمەنیش چارەسەر دەکرێت، کوردستان لەلایەن هاوپەیمانان بە بوونی دوو ناوچەی دژە فڕینی ژێر هێڵی ٣٥ و ٣٢ بەردەوام دەبێت. من هەردەم سەربازێکی بچووکی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانم. ئەندامانی پەرلەمان بە چەپڵەوە پێشوازییان لە قسەکانی دەکرد.

**رۆژی ٨ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٨٦ دەرچوو.
* لە دەنگی ئەمریکاوە هەواڵێک بڵاوکرایەوە، کەوا لە درێژەی سەفەرەکەی تۆرکۆت ئۆزال بۆ ناوچەی ئەنادۆل ئەندامێکی پەکەکە ویستبووی نارنجۆکێکی لێ بدات، بەڵام لە دەستی خۆی تەقیوەتەوە و ئەو لەوێ مردووە.
* دوو فڕۆکەی تورکی و یەکێکی ئێرانی بە شوێن چەکدارەکانی پەکەکە ناوچەکە بۆمباباران دەکەن، دوو فڕۆکە تورکییەکەش لەناو خاکی ئێران نیشتوونەتەوە.
* ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار دەدات زانکۆی سلێمانی بکرێتەوە، بۆ ئیمساڵ خوێندنی کولێژەکانی پزیشکی و بەیتەری و کشتوکاڵ تێدا ئامادە دەبێت.
* تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان زۆر بایەخی بە یادی لەدایکبوونی پێغمبەر (د.خ) دا.

**رۆژی ٩ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ئەمڕۆ بە بۆنەی مەولوودی پێغمبەری پیرۆز لە دائیرەکان پشوودان بوو، لە هەندێ لە مزگەوتەکان یادی ئەو رۆژە بە پیرۆزیی کرایەوە.
* رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٨٧ دەرچوو.
* رۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٣٧ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا چوار لاپەڕەی تایبەت بوو بە یادی هەڵگیرسانی شوڕشی ئەیلول.
* حکومەتی عێراقی هەواڵی کوشتاری شیعەکانی ناوچەی ئەهوارەکانی بە درۆ خستەوە کەوا حکومەتی ئەمریکی بڵاویکردیتەوە.
* سەرکردەی ئایینی شیعەکان محەمەد بەحر ئەلعلوم لە ئێرانەوە وتی: کە حکومەتی عێراقی ناچار دەکرێن و لە ناوچەکانی خوارووی عێراق دەکشێنەوە، با شیعەکان ساز بن بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان.
* لە رادیۆی مۆنتی کارلۆ هەواڵی نمایشکردنی فیلمێکی کوردی لە فێستیڤاڵێکی سینمایی لە شاری ڤینیسیا بڵاودەکاتەوە، فیلمەکە نووسەرەکە و دەرهێنەرەکەی کوردە و باس لە کوڕێک دەکات منداڵێکی کوردی نەخۆشی چەکی کیمیاویی هەڵەبجە دەباتە ئەڵمانیا و لەوێ چارەسەری دەکات، بەڵام پاشان کوڕەکە دەزانێت کەوا برایەکەی ئەو بە دەستی چەکدارە کوردەکانی باکوور لە تورکیا دەکوژریت. ناوی فیلمەکە گەیشتنی ئاکۆ بوو.

**رۆژی ١٠ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ئیمڕۆ دەرنەچوو.
* ژمارەیەکی تری رۆژنامەی (گریق الشعب) ی حزبی شیوعی دەرچوو.
* رۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ی ژمارە ١١ ی حزبی شیوعی دەرچوو.
* دوێنی سەعات چواری شەو تەقەیان لە ماڵی قادر عەزیزی سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شارۆچکەی عەنکاوە کرد، پاسەوانێکیان بە سووکی پەنجەیەکی زامدار بوو.
* گۆڤاری (رووناکبیر) ی ژمارە (١) م بە دەستکەوت، لە بازار کۆپیم کرد، ئەو گۆڤارە لە وڵاتی سوید دەرچووە.

**رۆژی ١١ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٨٨ دەرچوو.
* لە گوندی جدیدەی بەڕانەتی ساواریان بۆ کوڵاندبووین، چووین ساوارەکەمان هێنایەوە.
* گاڵۆنی بەنزین بە ٣٠ دینارە.
* لە ماڵی خۆیدا دڵشادی کوڕی ئەسعەد ئاغای شێتنەیان کوشت.
* کۆمکاری عەرەبی پەیامێکیان هەبوو، کە تێدا رایانگەیاندبوو ئەوان بە هیچ شێوەیەک و بە هەر بیانوویەکیش بێت، رازی نابن عێراق دابەش بکرێت.
* هەواڵەکانی باکوور وا دەگەیەنن کەوا سێ ئەندازیاری بواری دۆزینەوەی پترۆڵ لە شاری باتمان کوژراون. پەکەکە چەند ماشێنیان سووتاندووە، رۆژانە لەو ناوچانە شەڕ و کوشتار بەردەوامە.

**رۆژی ١٢ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* کەسایەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کۆنە قازی شاری هەولێر (رەشاد موفتی) ئیمڕۆ کۆچی دوایی کرد.
* لەسەر فەرمانی پارێزگاری هەولێر بڕیاردرا پارەی دڕاو وەرگیرێت. بۆ ئەو مەبەستەش چەند بنکەیەک کرایەوە، دیارە رۆژانە لە ناو شاردا کێشەی وا زۆرە، هەر پارەیەک یەک تۆزی دڕاو بێت وەرناگیرێت، پارەکانیش هەموو کۆن بوون، بەتایبەتی دراوی کاغەزی پێنجی و دەییەکان زۆر کۆن بوون، چونکە زۆر بەکار دەهێنرێن.
* لەبەردەم هوتێلی بابل لە شاری دهۆک ئۆتۆمبێلێکی بەرازیلی بە مین چێنراو دەتەقێتەوە و لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا ٢٦ هاوڵاتی بریندار دەبن.
* وەفدی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە هۆڵەندا گەڕانەوە، ئەندامی وەفدەکە دکتۆر کەمال کەرکووکی جێگری وەزیری یارمەتی و هاوکاری مرۆڤایەتی لە تەلەڤزیۆنی پارتی قسەی کرد و وتی: لەو کۆنگرەیەدا چەندین خاڵ قسەی لەسەر کرا، وەک دامەزراندنی چەندین دەستەی خێرخوازی و ئاوەدانی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و پشتیوانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان. هەر لەو کۆبونەوەیەدا داواکرا هێڵی پاراستنی کوردەکان لە هێڵی ٣٦ بگوازرێتەوە بۆ هێڵی ٣٤. پێشنیازیش کرابوو کەوا پارەی بلۆکدراوی عێراق لە دەرەوە بەشێکی بدرێتە کوردەکان. من لە هەرێمێکی ئەڵمانیش داوەتکرابووم، لەوێ بەڵێنیان دابوو یارمەتی کوردستان بدەن. لەو کۆنفراسەدا چەندین کاربەدەست و وەزیر و کەسایەتی سیاسی و نوێنەری رێکخراوەکان بەشداربوون، پاش ئەو دیمانەیە چاوەڕوان دەکرێت پشتیوانیمان زۆرتر بێت و رەوشمان باشتر بێت، ماوەی سێ رۆژ بە بەردەوامی باسی رەوشی ئابووری و مەسەلەی ئابلۆقە ئابوورییەکانی سەر کوردستان کرا.

**رۆژی ١٣ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٨٩ دەرچوو.
* رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٣٩ دەرچوو، سەبارەت بە مەسەلەی پارە و مووچە و داهاتەکان دیمانەیەکم لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکی ئاراس کردبوو لەو ژمارەیەدا دەرچوو.
* نرخی یەک گاڵۆن بەنزین گەیشتە ٣٣ دینار، دەڵێن لە رێگای بەردەرەشەوە پێشمەرگە رێگا لە هاتنی بەنزین دەگرن، داوایان لێ کردوون نرخی بەرمیل بەنزین لە ٦٠٠ دینار زۆرتر نەبێت، بۆیەش بەنزین کەم دێت و نرخەکەی بەرزە.
* ئەوە چەند رۆژە پارەی دڕوایش لە بازار وەردەگیرێت، بازارەکە کەمێک رێکخراوە، گۆڕینەوەی پارەی ئەسلی بە عادییەکە قەدەغەکراوە، بەڵام بەنهێنی هەر هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکەکە پارەی عادییان دەوێت، بۆیە بە دزی هەر هەیە.
* رووناکبیری گەورەی عەرەب هادی ئەلعەلەوی لە گۆڤاری ئەلحریە وتارێکی نووسیبوو گوایە، کوردەکانی بە خائین لە قەڵەم داوە، ئەوانە فێڵ لە هەڵوێست و میللەت و مێژوویان دەکەن، چونکە ئەوان رازی دەبن کوردستان وەک ئیسرائیلی لێ بێت، ئەو زۆر دەربڕینی ناشایستەی نووسیبوو، ئەو وتارەشم لە بازار کۆپی کرد. ئەوەی شایانی باسە ئەلعەلەوی لە دەرەوە دەژیت، زۆریش داکۆکی لە کورد کردووە، بەتایبەتی لە کاتی کیمیابارانکردنەکەی هەڵەبجەدا. من وا دەزانم ئەو نووسینە جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو وتارانەی عەبدولجەبار موحسین و نووسەرەکانی تری بەغدا دەینووسن.
* لە ناوچەی هەکاری شەڕێکی دژوار لەئارا دایە، لە هێرشێکی چەکدارانی پەکەکە لە مەخفەرێکی پۆلیس سێ لە چەکدارەکان کوژراون، هەروەها ٢ چەکداری سەر بە حکومەت و ٩ سەرباز و ئەفسەرێکیش کوژراون، پاش شەڕەکە چەکدارەکان گەڕاونەتەوە ناو سنووری عێراق، ئەو هەواڵە لە دەنگی ئەمریکا بەو شێوەیە بڵاوکراوەیە، بەڵام رادیۆی ئێرانی بە زمانی عەرەبی هەواڵەکەی بەو شێوەیە بڵاودەکاتەوە، کەوا لەو شەڕەدا ژمارەی کوژراوەکان دەگاتە ٤٠ کەس کە زۆربەیان نەیارەکانی حکومەتی تورکیان.

**رۆژی ١٤ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٩٠ دەرچوو.
* ئیمڕۆ پارێزگاری هەولێر عەبدولمهێمن بارزانی هاتە لامان لەسەرۆکایەتی شارەوانی، لەگەڵ دەستەیەک لە فەرمانبەرانی شارەوانی قسەی بۆ کردین، ئەو وتی: دوو ئەرکی گەورەمان لە پێشە، یەکەمیان کە زۆر مەبەستمانە چاکردنی رەوشی ئاسایشی شارەکە و کەمکردنی دیاردەی چەکدارییە، ئەرکی دووەمی زۆر گرنگیش کە لە پێشمان دایە دابینکردنی سوتەمەنییە، بەڵێنمان وەرگرتووە لە ماوەی ١٤ رۆژدا کێشەکە چارەسەر دەکرێت.
* مەحمود فەرهەنگ نوێنەری یەکێتی لە ئێران وتی: حکومەتی ئیسلامی لە ئێران وەزعی لەگەڵ ئێمە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی شیعەکان باش نییە، داوام کرد نەوتمان پێ بفرۆشن، داوای پارەی زۆریان دەکرد، ئەو نرخەی ئەوان داوایان دەکرد لە هەولێر هەرزانتر دەست دەکەوت، منیش لەو مەسەلەیە قسەم لەگەڵ مەکتەبی سیاسی خۆمانکرد، ئەوان وتیان با نوێنەریان بێتە کوردستان قسەیان لەگەڵدا دەکەین، کە بەیەکەوە دانیشتین ئەوەش چارەسەر دەکەین. مام جەلال لە تورکیا بوو لەوێ سەبارەت بە سوتەمەنییەکە قسەی لەگەڵدا کرد، ئەو وتی زۆر بایەخیان پێ مەدە، لە دەرەوە هەموو شتمان بۆ دابین دەکەن، واز لە ئێرانییەکان بهێنە. سەبارەت بە نرخی تومەنی ئێرانیش رەوشی زۆر خراپە، یەک دیناری عیراقی حەوت تومەنە.
* سامی عەبدولرەحمان سەبارەت بە سەفەرەکەیان بۆ هۆڵەندا بە تەلەفزیۆنی یەکگرتنیراگەیاندبوو کەوا رەوشەکەمان باش دەبێت لە دەرەوە پشتیوانیمان دەکەن بڕیارە پالاوگەی گەڕۆکمان بدەنێ، نەوتمان زۆر دەبێت.


**رۆژی ١٥ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٩١ دەرچوو.
* نرخی دۆلار زۆر بەرز بوویتەوە بە پارەی ئەسلی سەد دۆلار دەگاتە ٢١٠٠ دینار.
* ئیمڕۆ مووچەمان وەرگرت، دیارە مانگانە پارەکە بە ئەسلی وەردەگرین، دەزگاکانی حکومەت مامەڵە بە پارەی چاپی عادی ناکەن. پارە عادییەکە لە کاغەزی ئاسایی چاپ دەچێت، جۆری کاغەزەکەش زۆر خراپە و زوو دەدڕێت.
* مستەفا قادر بە پارێزگاری کەرکووک دامەزرا.
* دوو کۆلێژ لە زانکۆی دهۆک دەکرێتەوە، ئەویش کۆلێژی پزیشکی و کشتوکاڵ دەبێت.

**رۆژی ١٦ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٩٢ دەرچوو.
* رۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٣٨ دەرچوو.
* رۆژنامەی (ئەنجومەن) ی ژمارە ١ دەرچوو، ئەو رۆژنامەیە بە چاپی جوانەوە لەلایەن پەرلەمانەوە لە شێوەی وەقائعی عێراقی دەرچوو، کە تێیدا بڕیارەکانی پەرلەمانی تێدا دەبێت. بڕیارەکان بە زمانی عەرەبی و کوردی بوون.
*بەرپرسی پرۆسەفریاگوزارییەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بە ئاژانسی رۆیتەرزی راگەیاندبوو کەوا ئەگەر نەوت نەگاتە ناوچەی کوردنشینەکان، ئەوا کوردەکان ناچار دەبن رەو بکەنەوە و روو لە وڵات درواسێیەکانیان بکەنەوە، هەموومان دەزانین کەوا زستانی کوردستان ساردە و ناکرێ بێ سووتەمەنی بەرگە بگرن، بۆیە دەبێ حکومەتی عێراق سووتەمەنییان بۆ دابین بکات.
* حکومەتی عێراقی لە بانگکردنی موالیدی ساڵی ١٩٧٤ بۆ خزمەتی سەربازی ناوچەی ئۆتۆنۆمی رێزپەڕ دەکات، وتبوویان چونکە لەودەماڵەدا دەستمان ناگاتە ئەو ناوچانە، ئەو هەواڵەش لە ئاژانسەکانیش بایەخی پێ درابوو.
* کوشتن و حاڵەتەکانی دزی و راورووت کەمتر بوویتەوە خەڵکەکە لە هوشیاری و ئاگادارییەکانی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش رازییە، رۆژانە کارەکانیان بەپێی یاسا بەڕێوە دەڕوات.

**رۆژانەکە بەردەوامە**
**بەشی پێنجەم**



## ئەردۆی هەولێری ژیانئاوایی یەکجاری کرد

# بێزارییە بێزارییە، ئەم ژیانە ناچارییە.. ئەرێ بەڕاست ئەردەڵان بێزار بووی؟!

شیکاری: هونەری بەدرخان
فۆتۆ: ڕەوەند حاجی، جیهانگیر گەردی

**ئەردەڵان بەکر منداڵی هەولێر و خانەقا**

هونەرمەندی جوانەمەرگ ئەردەڵان بەکر لەدایکبووی گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر بوو، ئەو بەردەوام شانازی بە شاری هەولێر و گەڕەکی خانەقای هەژاران دەکرد، لەبەرئەوەی ئەو وەک کوڕە هەژارێک پێگەیشت و گەیشتە ئەو ڕۆژەی کە بووە هونەرمەندێکی ناسراو و خاوەن جەماوەری خۆی، ئەو لە کاتی گەڕانەوەکەی پارساڵی بۆ کوردستان لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی باسی لەوە دەکرد ئەگەر ئەو بۆنی چڵکاوی خانەقای بۆ نێ چۆن نانی پێ دەخووری، لەبەرئەوەی دوای پێگەیشتنیشی ئەردەڵان هەر خۆی بە کوڕە هەژارەکە دەزانی و بەردەوام پێی وابوو کە ئەوە منداڵە هەژارن دەتوانن شت بکەن و پێبگەن.

**دوا کۆنسێرتی ئەردەڵان لە هەولێر**

دوای چەندین ساڵ دابڕان لە زێدی باب و باپیری خۆی پارساڵ بە داوەتێکی کۆمپانیای کۆڕەک میوزیک هونەرمەند ئەردەڵان بەکر گەڕایەوە هەولێر و لێرەش لەلایەن جەماوەری هونەری خۆی پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، ئەوەبوو هونەرمەند لە پارکی گەورەی هەولێر کۆنسێرتێکی بۆ هەوادارانی دەنگی خۆی سازکرد، کە لەو کۆنسێرتەدا هونەرمەند چەندین جار باسی منداڵە هەژاری کرد، لەگەڵ ئەوەی کەشوهەوای ڕۆژەکەش زۆر خۆش نەبوو، بەڵام ئەردۆی ڕەحمەتی بە هەمووانی گوت خەم مەخۆن هەر گۆرانیتان بۆ دەڵێم.

**ئەردەڵان نەدەگەڕایەوە هەولێر**

دوابەدوای ئەوەی هونەرمەند کۆچی دوایی کرد، بژار دیلانی هونەرمەند لە لێدوانێکیدا بۆ ڕاگەیاندنەکان گوتی: ئەگەر ئەو داوەتەی کۆڕەک میوزیک نەبووایە، مەحاڵ بوو ئەردەڵان بگەڕێتەوە هەولێر، ئەو قسەیەش پرسیاری دروست کردووە و تا ئێستا هۆکارەکانی ڕوون نین، ئەردەڵانێک ئەوەندە هۆگر و شەیدای هەولێر و خانەقا بێ، چۆن ناگەڕێتەوە شارەکەی، هۆی ئەوە دیار نییە و ئەردەڵان لەگەڵ خۆی بردیە ژێر گڵ.

**ئەردەڵان و دژایەتی ئاوازی غەیرە کوردی**

ئەردەڵان بەکر وەک هونەرمەندێکی کورد وێڕای ئەوەی کە باوەڕێکی زۆری بە نوێخوازی هەبوو، بەڵام قەتیش بەوە ڕازی نەبوو هونەری کوردی بشێوێنرێ و تەعریب یا تەتریک بکرێ، ئەوەی زۆر پێی نیگەران بوو کارەکانی هەڵکەوت زاهیر بوو، لەبەرئەوەی بە بڕوای ئەو وەک لە دیدارێکی بەدرخان ئاماژەی پێکردبوو، کارەکانی هەڵکەوت زاهیر جگە لەوەی زەرەر لە هونەری کوردی دەدەن، لە بەرامبەر ئەوەشدا خزمەتکردنێکی ڕاستەوخۆیە بە هونەری عەرەبی بە گشتی و میسری بە تایبەتی لەسەر حیسابی هونەری کوردی.

**مردنی ئەردەڵان**

کەس لەو باوەڕەدا نەبوو ئەردەڵان بەکر ئاوا بەزوویی کۆچی دوایی بکاو دوا ماڵئاوایی لە دۆستان و هەوادارانی بکا، هەر لەو کاتەی کە هەواڵی مردنی ئەردەڵان بەکر بڵاوکرایەوە، هەمووان سەغڵەت بوون و کەس لەو باوەڕەدا نەبوو کە ئەو هەواڵە ڕاستە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە هەواڵی مردنی ئەردەڵان ڕاستە، هونەرمەندی کۆچکردوو بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردو هەردوو گورچیلەی لەکار کەوتبوو، ماوەیەکی زۆریش بوو لە نەخۆشخانە کەوتبوو.

**هێنانەوەی تەرمی ئەردەڵان**

دوای ئەوەی لە وڵاتی سوید و لە تاراوگە کۆچی دوایی کرد، هونەرمەندی نەمر لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێر لە کاتژمێر ١ی شەو گەیشتەوە ناو زێدی باب و باپیرانی خۆی و لە لایەن خزم و کەس و دۆستان و هونەرمەندانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.

**بەخاکسپاردنی ئەردەڵان لە هەولێر**

دوای ئەوەی لە درەنگانی شەو تەرمی گەیشتەوە شاری هەولێر، سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە لەسەر قەڵای هەولێر لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە گۆرانی و میوزیک یادەکەی ڕازێنرایەوە و دواتر لە گەڕانێکدا تەرمی هونەرمەند بەناو شاری هەولێر و بەدەوروبەری قەڵاو منارەدا سووڕاندیانەوە، دواتر بە ئامادەبوونی هەریەک لە عەدنان موفتی و بەکر مستەفا بەرپرسی مەڵبەندی ٣ی "ی.ن.ک" و تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و چەندین کەسایەتی دیکەی هونەرمەند و ڕۆشنبیر لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لەگەڵ وتەو فرمێسکی چاوی ئەزیزانی تەرمەکەی بەخاکسپێردرا.

**ئەردەڵان و هونەرمەندانی هاوڕێی**

لەو ڕێوڕەسمەدا دەرکەوت کە ئەردەڵان چەندە خۆشەویست بووە لای هونەرمەندان، کە بینیمان هەموویان بە چاوی پڕ بە فرمسێک و دڵی خەمبارەوە هاتبوونە سەر گۆڕستان و بۆ دواجار ماڵئاواییان لێی کرد.

**ئەردەڵان و گروپی نالی**

لەو ڕێوڕەسمەی بەخاکسپاردنیدا گروپی نالی سەلماندیان کە چەندە دڵسۆز و خەمخۆری هونەر و هونەرمەندانن، بەوەی کە لە ڕێوڕەسمەکەدا بە ژەنین و نمایشکردنی پارچە میوزیکەکانیان هەموومانیان سەرسامکرد و لەگەڵ گوتنەوەی گۆرانی "کچی گاور"یش بە کۆرس بۆیان سەلماندین کە ئەردەڵان نەمردووە و هەر بە زیندوویەتی لەناومانەو هونەرەکەی نەمرە و بە نەمریش ماوەتەوە.

**ئەردەڵان و بابەتەکەی مەسعودی مەلا هەمزە**

دوابەدوای ئەوەی سەرپەرشتیاری بەشی هونەری هەفتەنامەی بەدرخان "مەسعودی مەلا هەمزە" بابەتێکی لەژێرناوی "هاوتا ئەسعەد لە لووتکەی هونەری هاندان بۆ شەڕی براکوژی بۆ لووتکەی هونەری ئیسلامی و عروبیەت" لە بەردخان بڵاوکردەوە، لەگەشتێکی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخاندا بۆ وڵاتی سوید ئەردەڵان بەکر دەستخۆشانەی بۆ مەسعودی مەلا هەمزە بە هەریەک لە "حەمید بەدرخان و ئەیوب یوسف"ەوە ناردبوو، کە هیوای خواستبوو، مەسعود بەردەوام بێ لە نووسینی ئەو جۆرە بابەتانە و لەسەر هیچ هەڵوێستێکی لەوجۆرەی هونەرمەندان باز نەدا.

**نمایشکردنی کلیپەکانی ئەردەڵان**

ئەردەڵان بەکر یەکێک بوو لەو گۆرانیبێژانەی گۆرانییەکانی بە شێوەیەکی باش لە کەناڵە کوردییەکان نمایش دەکراو بینەری خۆشی هەبوو، تاکە کەناڵێ کە کێشەی بڵاونەکردنەوەی کلیپەکانی ئەردەڵان بەکری هەبوو، کۆڕەک میوزیکی سەردەمی هەڵکەوت زاهیر بوو، ئەو مەسەلەیەش ڕوون بوو، لەبەرئەوەی ئەردەڵان بەکر لە زۆربەی ڕاگەیاندنەکان باسی لەو کێشەیە کردبوو.

**مەرگی ئەردۆ و بایەخی ڕاگەیاندنەکان**

لە کوردستان وا باوە هەر کەسێک کە دەمرێ ئەوجا بایەخی پێدەدرێ، دوای مردنی ئەردەڵانیش بەشی هەرە زۆری ڕاگەیاندنەکان بایەخێکی یەکجار زۆریان پێدا هەر لە سازکردنی بەرنامەی تایبەت لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و گواستنەوەی ڕووداوەکان و ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژ و بڵاوکردنەوەی لە کەناڵەکانی دیکە، بێگومان ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە هونەرمەندی کۆچکردوو خاوەن جەماوەر و پێگەی خۆی بوو.

**ئەردەڵان و کچی گاور و بێزارییە**

وێڕای ئەوەی بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی تام و چێژی تایبەتی خۆیان هەبوو، وەلێ ئەو دوو گۆرانییەی کە ببوونە سمبولێک بۆ ناسینەوەی ئەردەڵان هەردوو گۆرانی "کچی گاور و بێزارییە" بوو، کە هەریەک لەو گۆرانییانە چیرۆکی خۆی هەیەو بێ هۆ نەگوتراوە، لە داهاتوودا هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانە دەدەین و هەوڵدەدەین هۆکارەکانی گوتنی ئەو گۆرانییانە بخەینەڕوو.

**هەڵکەوت زاهیر بروسکەی ماتەمینی بۆ ئەردەڵان نارد**

دوای کۆچکردنی ئەردەڵان بەکر، هەڵکەوت زاهیری ڕاوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بروسکەیەکی ماتەمینی بۆ بنەماڵەی هونەرمەند نارد، بەڵام بەشێک لە هونەرمەندان و دۆستانی هونەرمەند بەوە نیگەران بوون و دەیانگووت تا ئەردەڵان زیندوو بوو، هەڵکەوت زاهیر گەورەترین دژایەتی دەکرد و تەنانەت نەیدەهێشت کلیپەکانیشی لەو کەناڵە دابەزێ کە خۆی تێیدا کاربەدەستە، ئەی خێرە ئێستا بروسکەی ماتەمینی بۆ بنەماڵەکەی دەنبێرێ، بەشێکیش دەیانگووت هەقوایە ئەو بروسکەیە لەلایەن خودی بنەماڵەی هونەرمەندەوە ڕەفز بکرێتەوە، چونکە ئەو جۆرە ماتەمینە، دەربڕینی خۆشییە.

















### لە پێناو دروستکردنی پردی ڕۆشنبیری لە نێوان کورد و یونان

# لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە بۆ ئەکرۆپۆلیس

**سمکۆ عەبدولکەریم - ئەسینا**

بە مەبەستی دروستکردنی پردی ڕۆشنبیری لە نێوان کوردو یۆنان ٢٠٠٩/١٠/١٩ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بە هاوکاری پەیوەندییەکانی پارتی سۆشیالیستی یونانی (پاسۆک) شەشەمین ڤیستیڤالی بەدرخان لە هۆلی (ئیسیا) ئەکادیمیاس بیست لە ئەسینای پایتەختی یۆنان بە ئامادەبوونی جەوهەر کرمانج نوێنەری بەڕێز مام جەلال بۆ کاروباری ڕۆشنبیری و ژمارەیەک لە باڵیۆزانی عیراق لە ئەسینا و خاتوو ئەنتیگۆنی کاراڵی جێگری سەرۆکی ژنانی سۆشیاڵ ئینتەرناشناڵ و پۆلینا لامپسا بەرپرسی پەیوەندییەکان و نوێنەری پارتی سۆشیالیستی یۆنان (پاسۆک) و ئەنتۆنیس کاراس ئەندامی سکرتارییەت و بەشی مافی مرۆڤی پاسۆک و حزبی بێت نەهرێن و ژمارەیەک ڕۆشنبیری یونانی و کوردانی کوردستان و دەرەوە بەڕێوەچوو.

لەیەکەم ڕۆژی فیستیڤالەکەدا کە ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت، حەمید ئەبوبەکر بەدرخان وتەی لیژنەی باڵای فیستیڤاڵی خوێندەوە و ڕایگەیاند : ئەم فیستیڤالە بە چاودێری دکتۆر بەرهەم و ڕۆڵی پارتی سۆشیالیستی یونانی و کۆمیتەی یونان ئەنجامدراوە و وتیشی: بە هۆی هەڵبژاردنەکانی یونان کە فیستیڤالەکە لە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی ٤/٢٢ بەڕێوە نەچوو، بە پێویستمان زانی فیستیڤالەکە بە ناونیشانی پردێکی ڕۆشنبیری لە نێوان گەلی کورد و یۆنان بێت .

دواتر وتەی بەڕێز مام جەلال لە لایەن جەوهەرکرمانج خوێندرایەوە لە سەرەتای وتەکەیدا پیرۆزبایی گەلی عیراق و کوردستانی بە حکومەتی یونان ڕاگەیاند و پیرۆزبایی لە پارتی سۆشیالیست کرد بە بۆنەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایە، سازدانی ڤیستیڤالەکەشی لە وڵاتی یونان بە نیشانەی دۆستایەتی و پەیوەندی نێوان گەلی یونان و کوردستان لە قەڵەمدا، کە بە ناویشانی لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە بۆ ئەکرۆپۆلسە، ئەم گرێدانە مێژووییەش مانای ئەوەی، کە ئەم دوو گەلە زیندوون .

مام جەلال لە درێژەی پەیامەکەیدا ئاماژەی بۆ پێگەی مێژوویی یونان کرد وتی: گەلی یونان ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە مێژووی کۆندا، ئەمرۆش یەکیکە لە جوانترین ئەو وڵاتانەی سیستمی دیموکراسی تێدا بەڕێوەدەچێت، ئێمەش لە عیراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دوای سەدان ساڵ چەوسانەوە ژێر دەستی و ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی ئاوو هەوای ئازادی هەڵدەمژین، دروشمی پێکەوە ژیانی برایانەی گەلان و دۆستایەتی ئازادی خوازانی جیهانمان بەرز ڕاگرتووە و لە پێناویدا خەبات دەکەین .

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا ئەو فیستیڤالەی بە شانازییەکی گەورە وەسفکرد کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بە بەشداری ژمارەیەک لێکۆلیارو مامۆستای زانکۆ و نووسەرو ڕۆژنامەنووس و ڕوناکبیری کورد توانیویەتی ئەم فیستیڤالە لە پایتەختی دێرینترین وڵاتی جیهان دەربارەی ڕەوشی ئەدەبی و ڕوناکبیری و ڕۆژنامەنووسی ساز بکات.

پاشان خاتوو ئەنتیگۆنی کارالی –دیمیتریادیس جێگری سەرۆکی ژنانی سۆشیال ئینتەرناشناڵ لە وتەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەو قسەیەی ئەنتۆنیسکرد کە وتی: پێویست ناکات بە شێوەی فەرمی یەکتر بناسێنین، لەبەر ئەوەی ئێمە دوو میللەتین، یەکتر دەناسین، کە بۆ زیاتر لە ٣ سێ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە

ئنتیگۆنی کاراڵی وتی: ئەم قسەیەی ئەنتونیس ڕاستە، بەڵام من لە ساڵی ٢٠٠٩ ئێوەم ناسیوە، یەکەم سەردانی خۆشی بۆ عیراق بۆ ئەوکاتە گەڕاندەوە کە شەڕ لە ئارادا بوو وتی: شەش مانگ بەر لەوەی شەڕ ڕووبدات هاتمە عیراق، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، کە یونان تاقە وڵاتی ئەوروپی بوو، کە زۆر لە گەڵ ئابلۆقەی ئابووری سەر عیراق نەبوو.

باسی لەو سەردانەی خۆی کرد بۆ عیراق، کە چەند ڕیزی لێنراوە و سەردانی ناوچە گەشتیاری و شوێنەوارەکانی کردووە، وتی: کاتێ منیان بردە ڕێگای ئەسکەندەری مەزن، نەقش و نیگاری و هێماکانی یونانستانم بینی، هەستم کرد ئەم خەڵکە چەند شانازی بە ئەسکەندەرەوە دەکەن، کە هەزارەها ساڵ بەر لە ئەمرۆ بابلی هەڵبژاردووە وەک پایتەختی ئیمپڕاتۆریەتی هێللینی، وتیشی بۆیە هەردوو گەلی و عیراق/ میزۆپۆتامیاو یونانستان لە یەک تزیکن کلتورمان زۆر لە یەک نزیکە .

وتیشی ئێستا زۆر مرۆڤی کورد سەرنجم ڕادەکێشن لە ڕووی تواناو لێزانی و کۆڵنەدان، بە هۆی ئەوەی کە من ژنم زیاتر بایەخ بەو حکومەت و ڕێکخراوانە دەدەم کە ڕۆلی ژنانی تێدا ئەبینم.

دڵخۆشی خۆشی بۆ حکومەتی هەرێم دەربڕی بەوەی کە ڕۆلی زیاتری بە ژنان داوە وتی: زۆر دڵخۆش بووم کە ئەو هەواڵم لە برادەرانی کورد بیست، کە حکومەتی نوێی کوردستان ڕۆلی زیاتری داوەتە ژنان، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە شاهیدی چەندین نموونەی چالاک و ماندوونەناسی ژنانە کە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کاریان کردووە و وتی: ئەو ژنانە بەهێز و تواناو ڕەوشت بەرزبوون، ئەمە بووە جێگەی سەرنجێکی زۆر باش بۆ من بەرامبەر بە ژنانی کورد، لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا خاتوو ئەنتیگۆنی وتی : با هەموومان کار بکەین لە پێناو دادپەروەری و ئاشتی و خۆشەویستی مرۆڤایەتی و پڕ بە دڵ هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

لە درێژەی فیستیڤاڵەکدا فیلمێکی دۆکیومێنتاری لە بارەی مێژووی بەدرخانییەکان و دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و چۆنیەتی دەرچوون و مێژووی ڕۆژنامەی بەدرخان پیشانی ئامادەبوان درا.

دواتریش دڵشاد عەزیز زاموا نمایشێکی پاوەرپۆینتی دەربارەی (ئەشکەوتی شانەدەر، سەرەتای ژیان و شارستانییەت لە کوردستان خستەڕوو، کە تێدا بەشێوەیەکی زانستی و وێنەدار لایەنی مێژوویی و چۆنییەت ژیان لەو ئەشکەوتەی بۆ ئامادەبووان ڕوونکردەوە .

لە کۆتایی یەکەم ڕۆژی فیستیڤاڵەکەشدا دیاری بەدرخان بە سەر ژمارەیەک کەسایەتی و ڕووناکبیر دابەشکرا.




ΠΑΣΟΚ
Certificate
بەدرخان
This is to certify that
Mr./Mrs. ...ISMAEL ABDULKAREEM YOUSIF...has participated in
Bedirxan's 6th Festival held in Athens - Greece,
from 19th - 20th October 2009
under the slogan Of
"From Shanidar Cave to Acropolis"
Signature
Signature

بڕوانامەی ڕێزلێنان بەسەر بەشداربووان دابەشکرا


کۆنفرانسێک لە شەشەمین فیستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان


میوانانی شەشەمین فیستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان


وتاری سەرۆکی ژنانی ئەنتەرناشناڵ بۆ شەشەمین فیستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان


خوێندنەوەی پەیامی سەرۆک مام جەلال بۆ شەشەمین فیستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان لەلایەن جەوهەر کرمانجەوە

هونەری بەدرخان
Bedirxan
بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٣٨ - ١٢٧ - پێنجشەممە ٢٠٠٩/١٠/٢٢ی زایینی

# نەجم هۆگر: هەست دەکەم ئێستا هونەرمەندان لە قەیرانی فەرامۆشکردندان

**هونەرمەندی سیناریست و دەرهێنەر نەجم هۆگر ماوەیەکی زۆرە خەریکی کاری هونەرییەو لەو ماوە زۆرەشدا چەندین کاری هونەری پێشکەش کردووە و بەرهەمەکانیشی بە جۆرێک لە جۆرەکان رەنگدانەوەی باشی هەبووە، ماوەیەکە نەجم هۆگر دوورکەوتۆتەوە لە کاری هونەری و وەکو پێویست و وەکو جاران نایبینین لە کارکردن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو پرسانە و چەند پرسێکی دیکەی درامای کوردی دواندمان...**

## ئا: هونەری بەدرخان

*** سەرەتای هاتنە ناو کاری هونەریت بە کاری درامی یا شانۆیی بوو؟**

– دیارە ئێمە وەکو هونەرمەندانی کوردستان زۆربەمان شانۆ دەستپێکی کارەکانمان بووە، لە ساڵی "١٩٦٩"وە من لەسەر شانۆ لەناو شاری سلێمانی کاردەکەم و هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ چەند هونەرمەندێک تیپی شانۆی سۆرانمان دامەزراند، کە ئەوە بە سەرەتای بزووتنەوەی هونەری دەزانم، هەم بۆ شارەکەو هەم بۆ خۆشمان وەکو هونەرمەند.

*** لە کەیەوە دەستت بە کاری درامی کرد و یەکەم کاریشت چی و کەی بوو؟**

– یەکەم کارم لەساڵی ١٩٦٩دا بوو کە لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی برادەرم کە زۆربەیان ئێستاش لە بواری هونەردا ناسراون و ئەستێرەی هونەرین، وەکو ئەکتەر بەشداریم کرد لە کاوەی ئاسنگەردا، دوای ئەوە بیرم لەوە کردەوە کە حەزم لە نووسینی درامایە دەکرد بە تایبەتی شانۆ، چەند نووسینێکم نووسی و دوای ئەوەش لە قاڵبوونم لە کارکردندا زیاتر خۆم لە کاری دەرهێنان دەبینییەوە، هەرچەندە ئێستا وەکو ئەکتەر و دەرهێنەریش کاردەکەم، چونکە من وەک ئەکتەر لەسەر شانۆ چێژێکی تایبەتی دەبینم، هەر بۆ زانیاریشتان لە ساڵی ١٩٩٤ لە فێستیڤاڵی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان کە ئەوکات لەسەر ئاستی هەموو کوردستان کرا من خەڵاتی باشترین ئەکتەرم وەرگرت، بەڵام ئەوەش وای لێنەکردم بواری دەرهێنان فەرامۆش بکەم، بەردەوام خولیاو ئارەزووەکانم بەرەو دەرهێنان هەنگاوم دەناو زۆر کاری دەرهێنانیشم هەبوو.


*** دوای ئەوەی لەدوای ساڵانی نەوەد بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە جاران دراما بەدەرکەوت، لە ئێستادا رەوشی درامای کوردی چۆن دەبینی؟**

– ئێمە لە سەرەتای نەوەدەکان و لەدوای راپەرینەوە هەستمان بە پێداویستییەک دەکرد لەناو درامای کوردیدا، کە دەبێ ئێمەش کاربکەین بۆ درامای تەلەفزیۆنی، هەریەکەمان هەنگاوی نا بۆ ئەوەی کاری دراما بۆ تەلەفزیۆن بکا، ئیتر چەندین کار هاتە ئاراوە، لە سەرەتاوەش لە فیلمەوە دەستمان پێکرد، من لە ١٩٩٣دا فیلمێکم بەناوی قوربانی کرد، کە فیلمێکی کۆمەڵایەتی بوو، هەر لەو کاتیشدا کامەران رەئووف خەریکی فیلمێک بوو بەناوی مەرگی ئەرخەوانی، ئیتر لەوەوە هەستمان بە پێداویستییەک دەکرد، کە دەبێ کوردیش وەک هەر گەلێک لە گەلەکان لە پاڵ شانۆدا درامای تەلەفزیۆنیش پیادە بکات و بە ئەنجامی بگەیەنێ، ئەوەش بێگومان کاری کردە سەر ئەوەی کە ئەکتەر و دەرهێنەر و تەنانەت نووسەریش رووبکەنە نووسین و سیناریۆ و دەرهێنانی کاری درامی، بتەوێ و نەتەوێ ئەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاری کردە سەر شانۆ و جگە لەوەش فاکتەری دیکە هەن، کە لە قەیراندا بوو تا ئێستاش شانۆ جۆرێک لە قەیرانی تیا هەیە، بەڵام ئەوە هۆکارەکانی زۆرن.

*** باسی قەیرانت کرد، بەشێک لە هونەرمەندان پێیانوایە شتێک نییە بەناوی قەیران، رات چییە؟**

– من دەڵێم قەیران هەیەو مەرج نییە قەیرانەکە تەنها هونەرمەند بێ، قەیران هەمەلایەنە و هەمە چەشنەیە، قەیران لە نەبوونی زەمینەیەک و پێداویستییەکانی شانۆ و هونەرمەند بەهۆی بژێوی ژیانییەوە لەدوای راپەڕین بەمەلاو بەولادا پەرش و بڵاو بوونەوە بۆ بژێوی ژیانیان، کە ئەمەش کاری کردە سەر کارکردن لە شانۆدا و زۆر کاریگەری تر هەبوون کە بەلای منەوە وەزارەتی رۆشنبیری یان حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان کەمتەرخەم بووە، لەوەی کە زەمینەیەکی لەبار و کادیری پێشکەوتوو بەرهەمبهێنێ، بۆ ئەوەی بتوانێ شانۆیەکی باش پێشکەش بکاو لەو قەیرانە بیهێنێتە دەرەوە، دیارە کەمتەرخەمی ئەکتەریشی تیابووە، کە بژێوی ژیانی وای لێکردووە نەتوانێ زۆر لە شانۆدا کۆببێتەوە و ئەو بابەتە تازەیەشی کە هاتۆتە ناو هونەری کوردییەوە کە درامایە خێراترە لە ناسیندا، رەنگە ئەکتەرەکانیش تموحی ئەوەیان هەبێ زیاتر بناسرێن، لەبەرئەوە روویان کردۆتەوە درامای تەلەفزیۆنی، بۆیە سەیر دەکەی سەر شانۆ چۆڵە، شانۆ کاری تیادەکرێ، بەڵام قەیرانەکە هی ئەوە نییە کە شانۆ بەرەو دواوە هاتبێ، رەنگە لە چەندێتیدا شانۆ لە قەیراندا بێ، بەڵام لە چۆنیەتیدا ئێستا شانۆی باش و ئەکتەر و کادیری باشمان هەیە کە لە جاران زیاترو پڕ چەکترن بە شارەزابوون لە کارەکە، بەڵام بەلای من نەبوونی زەمینەیەک هەم بۆ شانۆ و هەم بۆ دراما ئەوە گەورەترین فاکتەرە بۆ ئەوەی نەمانتوانیوە هونەرەکەمان بگەیەنینە ئاستێک تموحی خۆمانی پێ پڕ بکەینەوە.

*** یانی دەتەوێ بڵێی درامای ئێستا شوێنی شانۆی جارانی گرتۆتەوە؟**



نەجم هۆگر

– نەخێر شانۆ هەرگیز شوێنی ناگیرێتەوە، چونکە شانۆ چێژی تایبەتی خۆی دەبەخشێتە جەماوەر و دراماش لە تەلەفزیۆن و هەتا لە سینەماشدا چێژی تایبەت و جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە، لەبەرئەوە نە دراما دەتوانێ کاربکاتە سەر ئەو جەماوەرەی کە خۆزگەو خولیاکانی لە شانۆدا دەبینێتەوە و بە پێچەوانەشەوە، لەبەرئەوە بەڕای من لێرەوە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین شت کە ئەوەی بەلای منەوە گرنگە نەبوونی بازاڕ و ئەو کۆمپانیایانەی کە بەرهەم بەرهەمدێنن، ئێمە تا ئێستا هەموو سەرچاوەکانمان کەناڵەکانە، کەناڵەکانیش زۆربەیان حزبین، راستە هەر کەناڵێک سەربەستە لەوەی دراما بەرهەم دێنێ یان نایهێنێ، بەڵام ئەوان زیاتر بەپێی پێداویستی و خواستی خۆیان و ئەو شتانەی خۆیان زەمینە بۆ کاری هونەری دەرەخسێنن، بەڕای من ئەگەر کەناڵێکی ئەهلی تایبەت بە دراما هەبووایە رەنگە زەمینەی بۆ ئەوە خۆشکردایە کە کۆمپانیاش بۆ ئەو بابەتە دروست بووایە و ئەو کاتە بازاڕی دراما گەرمتر دەبوو و ئەکتەر و دەرهێنەر و هەتا وێنەگر و ئەوانەش بازاڕیان گەرمتر دەبوو بۆ ئەوەی کارەکان بکەن، چونکە ئێستا تۆ چاوەڕێ دەکەی بودجەی کارێکت لە کەناڵێکەوە پێ ببەخشرێ ئەوجا ئەوکاتە کار دەکەی، چونکە بە تایبەتی کە کار لە زنجیرە دراما دەکەی بودجەیەکی وای دەوێ ئەکتەر یا دەرهێنەر لەتوانای نییە ئەو بەرهەمە بەرهەم بێنێ و بودجەی بۆ دابین کا، دەبێ کەناڵێک یارمەتی بدا، کارکردنی ئێستا لە دراما چۆتە سەر میزاجی کەناڵەکان، یان ئێستا زۆر دەپرسن بۆچی زۆربەی زنجیرە دراماکان لە رەمەزاندایە، بەڕای من ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەناڵەکان، کەناڵەکان لە رەمەزاندا پێویستیان بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە هەیە، بۆیە لەو کاتانەدا بودجەت بۆ سەرف دەکەن تا کار بکەی، ئەگینا لەو بڕوایەدام و ئەوەندەی ئاگادارم هەموو هونەرمەندان خوازیارن لە هەر دوانزە مانگەکەی ساڵدا دراماو زنجیرە درامایان هەبێ.

*** قسەت چییە لەسەر ئەوەی کە بینەری کورد زیاتر سەیری دراما غەیرە کوردییەکان دەکا لەوەی کوردییەکان، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێنییەوە، دراما کوردییەکان لەڕووی تەکنیکەوە بێ هێزن یان بینەری کورد حەز بە بینینی درامای کوردی ناکەن؟**

– هەردووکیان بە هۆکار دەزانم، بەڕای من ئێمە تەکنیک و کەرستەو پێداویستییەکانی درامامان وەکو پێویست لەبەر دەستدا نییە، وەکو ئەو وڵاتە دراوسێیانەو ئەو وڵاتانەی لەکاری هونەری دراما پێشکەوتوون، بۆیە دیارە ئەوان وەکو چۆنیەتی کارەکانیان لە کارەکانی ئێمە سەرنجڕاکێشتر بێ لەڕووی تەکنیک و ئەو کارانەوە، دووەمیشیان بەهۆی ئەو زەمینەیەی باس دەکرێ کە بۆ نموونە ئەگەر کەناڵەکانی ئێمە بەردەوام درامایان بەرهەم بهێنابایە، لەوانەیە رووی بینەریان بەلای دراما کوردییەکان وەرگێڕابایە، بەڵام تۆ لە ساڵێکدا درامایەک دەکەی، ئەوی بینەر پێویستی بەوەیە بەردەوام سەیری دراما بکا، لەبەرئەوە ئەگەر جارێک سەیری دراماکەی تۆ بکات، ٥-٦ جاریش سەیری دراما دۆبلاژکراوەکانیش دەکا.

*** ئەگەر بگوترێ نەجم هۆگر لە دراما دابڕاوە وەڵامت چی دەبێ، ئەو دابڕانە هەیە یاخود لە کارکردنی زۆری دەرهێنەرانی دیکەیە کە تۆ ناتوانی کاربکەی؟**

– ئەوەیان چیرۆکەکەی دوور و درێژە، من دانەبڕاوم لەکاری درامی، ئێستا ٣ سیناریۆم بۆ زنجیرە دراما لەبەردەست ئامادەیە، بەڵام بەداخەوە رێکنەکەوتووە کاری تیا بکەم.

*** لەبەرچی؟**

– بەڕاستی من ساڵێک و چوار مانگ خەریکی سیناریۆیەک بووم کە ٣٠ ئەڵقە بوو بۆ کەناڵی خۆشەویستی کوردسات ئیتر نازانم لەبەر چ هۆکارێک نەکرا و تا ئێستا هۆکارەکە لەلای خۆشم بە تەواوی روون نییە، کارەکە وەستێنراوە نەک لەبەر لاوازی کارکردن، چونکە ئەوان خۆیان داوایان لە من کردبوو کە کاری دەرهێنانیان لەو ئیشە بۆ بکەم، تا ئێستا راگیراوە لەسەر تەکنیکێکی خۆیانە، کە هیوادارم ئەو کارە بچێتەوە ناو پرۆسەی کارکردن، بەڕاستی ئەوە ساڵێک و چوار مانگە خەریکیم تەنانەت شوێن و لۆکەیشن و هەموو ئەو شتانەم بۆی هەڵبژاردووە و ئەکتەریشم بۆی دەستنیشان کردووە، ئەوە راگیرا، کارێکی دیکەشم کرد، بەڵام لەبەرئەوەی دەگەڕایەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن، کە ئەو زنجیرە درامایەک بوو ١٥ ئەڵقە بوو بەناوی "زەروو" کە دەگەڕایەوە بۆ ساڵانی چلەکان، کە باسی ئەو سەردەمەی حاکمی بەریتانی دەکرد لە سلێمانی، بەڕاستی لەبەرئەوەی ئەویان بودجەیەکی زۆری دەویست و لۆکەیشنی ئەو سەردەمی دەویست و جلوبەرگ و پێداویستییەکانی بودجەیەکی زۆری دەویست، لەبەرئەوە هەر دیسانەوە ئەو کەناڵە گوتیان جارێ با بودجەیەکی باشمان لەبەر دەست بێ ئەو کارە دەکەین، ئێستاش ئەو فیلمەش لە ژمارەکانی رابردووی بەدرخانیش باسمکرد خەریکی فیلمێکم لەسەر ئەنفال کە بەناوی "شەوێکی دژوار"ەوەیە، من لەکار نەوەستاوم، بەڵام ناتوانم زۆر لە کەناڵەکان بکەم و بڵێم هەر دەبێ ئیش بکەم، نەک هەر من، هەر دەرهێنەرێک لە کەناڵەکان دەبێ زەمینەیەکی بۆ خۆش بکرێ تا بتوانێ کار بکا، من هیوادارم کەناڵەکان لەمساڵ بەدواوە ئاوڕێکی جدیتر لە درامای کوردی بدەنەوە و لە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە بودجەیەکی تایبەتی بۆ ئەو دراماو زنجیرە درامایانە تەرخان بکەن و بزانن ئەو بودجانەی سەرف دەکرێ بۆ ئەو دەرهێنەرانە کاربکەن کە کاری جدیان کردووە و کاری ناسراو و ناو جەماوەریان هەیە، بەڕاستی ئەوانەی خاوەنی ئەزموونن و کاردەکەن، چونکە بەلای من دراماش پێداویستییەکە لە پێداویستییەکانی جەماوەر، کە رۆژانە پێویستی پێیەتی بیبینێ، هەم چێژی لێ دەبینێ و هەم سوودی لێ وەردەگرێ و هەم وانەی تیا دەبینێتەوە، بەڕای من ئەگەر کەناڵەکان ئاوڕ لە دەرهێنەرەکان نەدەنەوە و وەکو پێویست بودجەی کارکردن یان زەمینەی کارکردنیان بۆ خۆش نەکەن، بەڕاستی ئێستا دەبینم درامای کوردی لە قەیراندایە.

*** لەرووی کارکردن لە ناوەرۆکدا، دوو بەش دەرهێنەرمان هەن، بەشێکیان ئەوانەن کار لەسەر ئەو کارەساتانە دەکەن کە بەسەر کورد هاتوون و بەشێکیشیان ئەوان کار لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، بە بڕوای تۆ کامیان گرنگترە بۆ ئەمڕۆی کوردستان تاکو دەرهێنەران کاری تیا بکەن؟**

– هەموویان گرنگی خۆیان هەیە، هەم ئەو کارانەی وەک مێژوو گێڕانەوەیەکە بۆ نەهامەتی و هەتا سوارچاکی گەلەکەمان، ئەوانە پێویستن کە جارێکی دیکە بەو نەوە تازەیە بناسێنین کە کاتی خۆی ژیانی ئەو گەلە بەو شێوەیە بووە، لەپاڵ ئەوەشدا کێشە کۆمەڵایەتی و زانستی و سیاسییەکان و هەموو ئەو کێشانە وەک دراما پێویستن، بەڵام دەرهێنەر سەربەستە لەوەی چ لایەنێک هەڵدەبژێری کاری تێدا بکا.

*** رات لەسەر بەدرخان...**

– دەستخۆشی لە ستافی بەدرخان دەکەم، بەڕاستی جگە لەوەی بڵێم لەبەر ئەو چاوپێکەوتنە بەدرخان جێگەی خۆی لەناو دڵی خوێنەری خۆی کردۆتەوە، هیوادارم زیاتر گەشە بەخۆی بداو لە بابەتە زانستی و هونەری و رۆشنبیرییەکاندا زیاتر قوڵ بێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر وەک چۆن چێژی بە خوێنەر و جەماوەری خۆی گەیاندووە، چێژی زیاتر بگەیەنێ و هونەرمەندان بەسەر بکاتەوە، چونکە هەست دەکەم ئێستا هونەرمەندان لە قەیرانی فەرامۆشکردندان، تەنیا ئەو رۆژنامەوشتانە ماوەکە تۆزێک برەو بە هونەرمەندان دەدەن و ژیان و بۆچوون و دیدی هونەریان لەو رۆژنامانەی وەکو جەنابتان و رۆژنامەکانی دیکەوە دەبیننەوە، دوا وتەم ئەوەیە کە هیوادارم درامای کوردی ببێتە خەم بۆ دەسەڵات، بۆ ئەوەی کاری تیابکرێ، نەک تەنها بۆ نەجم هۆگر، بەڵکو بۆ هەموو دەرهێنەر و هونەرمەندەکان و بەچاوێکی پێویستییەوە سەیری ئەو بوارەی هونەریش بکرێ، چونکە بەڕای من ئەگەر ئێمە بمانەوێ کلتووری خۆمان بە گەلان بناسێنین لەرێی دراماکانمانەوە دەتوانین بیناسێنین و دەشتوانین ئەوانەی روویان کردۆتە دراما دۆبلاژکراو و دراما بیانییەکان بتوانین جارێکی دیکە بیانگێڕینەوە بۆ ناو شاشەکان.

# هێرۆ شێخولئیسلامی وەتەنی کچە شێوەکاری رۆژهەڵاتی کوردستان لە دیدارێکی بەدرخاندا

**هونەر ناسنامەی گەلانە، نکۆڵیش لەوە ناکرێ ئێمەی کوردیش هاوشانی نەتەوەکانی دیکە ساڵانێکی زۆرە خەریکی کاری هونەرین، بەڵام بەداخەوە ئەو بەشە هونەرەی تاکو ئێستا وەکو پێویست بایەخی پێ نەدراوە شێوەکارییە، بۆیەشە وەکو پێویست ئەو هونەرە نەچۆتە پێشەوە.**
**میناتۆر ئەو بەشەی هونەری شێوەکارییە کە لە ئێستادا بە یەکێک لە هونەرە سەرەکییەکانی وڵاتی ئێران دادەنرێ و هونەری ئێرانی پێ دەناسرێتەوە، بەڵام هونەرمەندی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان هێرۆ شێخولئیسلامی.... ماوەیەکی زۆرە خەریکی کاری میناتۆرەو بەشێوەیەکی کوردانە کاری لەسەر کردووە و خەریکە ئەو هونەرە دەکوردێنێ، دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی و کارکردنی هونەری لە دیدارێکدا دواندمان....**

## ئا: هونەری بەدرخان

*** هێرۆ کێیە؟**

– من هێرۆ شێخولئیسلامی... لە ساڵی ١٩٨٣ لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتوومەتە دنیا و خانەوادەکەشم خانەوادەیەکی هونەری بوونە و باوە گەورە مەلا حوسێن، کە ناسراوە بە شێخولئیسلام یەکەم هونەرمەندی کوردستان بوو لە کاری خۆشنووسی و فۆتۆگرافی.

*** چۆن تێکەڵی دنیای هونەر بە گشتی و شێوەکاری بە تایبەتی بووی؟**

– هەر لە منداڵییەوە حەزم لە کاری شێوەکاری بوو، هەر ئەوەش وایکرد خولیای ئەو کارە بم، یەکەم کاریش کە کردم لە ساڵی ٢٠٠٣ بوو.

*** میناتۆر چییە؟**

– میناتۆر ناوی نەقاشی ئێرانییە، پێی دەڵێن نیگارگەری ئێرانی، بەو پێیەی ئافرەت و جوانی تیایە ناویان ناوە میناتۆر، خۆی لە سەرەتاشەوە میناتۆر هی چینییەکان بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئێرانییەکان زۆر کاریان لەسەری کردووە و بایەخیان پێی داوە ئێستا بۆتە هونەرێکی ئێرانی.

*** دەبینین بە شێوەیەکی کوردانە کارت لە میناتۆر کردووە، چۆن ئەو بڕیارەتدا؟**

– کە بینیم فارسەکان هەن و کار لەسەر میناتۆر دەکەن و هیچ کوردێکیش نەبوو کە کەش و هەوای کوردی لەناو کارەکانی بوونی هەبێ، منیش حەزمکرد فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی بەرمە ناو کارەکە.

*** چەندە تێیدا سەرکەوتوو بووی؟**

– هەست دەکەم تا ئێستا ئەو شتەی خۆم ویستوومە بەدەستم هێناوە و خستوومەتە روو.

*** لە تاران هیچ پێشانگایەکی میناتۆری تایبەتت کردۆتەوە؟**

– بەڵێ، لە دوو سەفارەت هی مەکسیک و بەرازیل و لە "مەجموعەی خسوسی"دا پێشانگام کردۆتەوە و تابلۆ میناتۆرەکانیشم نمایش کردووە.

*** قسەی رەخنەگران لەسەر کارەکانت چۆن بوو؟**

– لە سەرەتا کە ٢-٣ دانە لە ئیشەکانم نیشانی دوو سێ دانە لە مامۆستاکاندا زۆر پێیان خۆش




هێرۆ شێخولئیسلامی وەتەنی

نەبوو، گوتیان ئەوەندە دەستکاری مەکە کە لە ستایلەکەی خۆی بیبەیتە دەرەوە، بەڵام من گوتم نا مەبەستمە ئەو کارە ئەنجام بدەم، دواتر بە ٢-٣ کەسی دیکەم نیشاندا زۆریان پێ خۆش بوو هانیاندام و مامۆستاکەی خۆشم زۆر زۆر یارمەتی دام، ئامانجیشمە لە میناتۆردا کلتووری کورد و داستانەکانی بەشێوەیەکی هونەری زۆر بەرز و جوان بخەمەڕوو.

*** وەکو ئاگادارین بە نیازی لە هەولێر پێشانگا بکەیتەوە، ئەوە بە کوێ گەیشت؟**

– بەڵێ راستە بڕیارە مانگی ئازار لە گەلەری کوردستان پێشانگایەکی تایبەتی خۆم بکەمەوە و تێیدا تابلۆ



یەکێ لەتابلۆ میناتۆرییەکانی هونەرمەند

میناتۆرییەکان نمایش بکرێ، بۆ ئەو کارەش زۆر سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری دەکەم، کە ئاسانکاریان بۆ کردم تا ئەو پێشانگایە بکەمەوە.

*** بەو پێیەی میناتۆر لەو بەشەی کوردستانی خۆمان زۆر ناسراو نییە، بەنیاز نیت لە ئایندەدا وۆرک شۆپ و سیمینار دەربارەی ئەو هونەرە سازبکەی؟**

– زۆر حەزدەکەم و پەنا بەخوا لەدوای کردنەوەی پێشانگاکەم لە شاری هەولێر ئەو کارەش دەکەم و هەوڵدەدەم هونەرمەندانی ئێرەش بە شێوەیەکی باش ئاشنای ئەو کارە بن.

*** جگە لە میناتۆر هیچ کارێکی دیکەی شێوەکاری دەکەی؟**

– بەڵێ "رەئالیش" کاردەکەم، بەڵام میناتۆرم زیاتر پێ خۆشە، چونکە لە نەزەری روحیشەوە هەردەم پێی ئاسوودە بوومە.

*** لە تابلۆ میناتۆرییەکانتدا بەتایبەتی کارت لەسەر ژن کردووە، بۆ؟**

– وەکو کارکردن زیاتر ئاسوودەو خۆشحاڵترم بە حاڵەت و شێوەکانی ژن لەوەی بە پیاو.

*** جگە لە شێوەکاری میوزیکیش دەژەنی و وەکو نواندنیش لە گۆرانییەکی هونەرمەند خەباتی مەولودی بەشداریت کردووە، چۆنە ئەو کارانە دەکەی؟**

– دەربارەی کلیپەکەی خەبات، لەبەرئەوەی کارەکانی کاک خەباتم قبوڵ بوو، کاتێک گوتی مەبەستمە سمبولی ژنێکی کورد لە کلیپێکدا نیشان بدەم، منیش قەبوڵم کرد و کارم لەگەڵی کرد، وەکو مۆسیقاژەنیش ئامێری تار دەژەنم و تەنها بۆ ئارامکردنەوەی روحی خۆمە و هیوایەتیشمەو ئارامیم پێی دێ.

*** دووەم جارە دێیتە باشووری کوردستان، لە هەموو روویێکەوە کوردستان چۆن دەبینی؟**

– کوردستان خۆشە و حەتمەن لەگەڵ پارچەکانی دیکە جیاوازی هەیە.

*** لە ماوەی ئەو دوو سەردانەتدا چەندە ئاشناییت لەگەڵ هونەرمەندانی هەولێر پەیدا کردووە؟**

– لێرە تەنها مامۆستا نامۆ دەناسم و ئاشناییەکم پەیدا نەکردووە، گەرەکمە یەکەم پێشانگا بکەمەوە و دواتر ئاشنایان بم، چونکە ئەو پێشانگایەم رێگایەکە بۆ ناسینی ئەوان.

*** لە بنەماڵەیەکی ئایینی و کاری هونەریش دەکەی ئەو بەراوردەت چۆن راگرتووە؟**

– لەبەرئەوەی خانەوادەکەی ئێمە خانەوادەیەکی هونەری بوون، بۆیەش زۆر بە گەرمی پێشوازی لە هونەر دەکەن، هەر خوشکە بچووکەکەشم هونەرمەندە و کەمانچەژەنە، بۆیە پێشوازییەکی گەرم دەکەن لە کارەکەم، بە تایبەتی دایک و باوکم زۆر دڵخۆشن، کە ئەو کارانە ئەنجام دەدەین.

*** دەرچووی بەشی ئەندازیاری، ئەندازیاری و هونەر چۆن یەک دەگرنەوە؟**

– من زۆر پەیوەندیم بە ئەندازیاری نەبوو، تەنها حەزم لە کارەکەی خۆمە، بەڵام ئەندازیاریشم تەواوکردووە.

*** وەکو باستکرد زۆر موعجیبی فروغی فروغزادی شاعیری فارسی، چەندە هەوڵتداوە وێنەی شیعرەکانی لەناو تابلۆکانت رەنگ بداتەوە؟**

– فروغی فەروغزاد کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من هەیە، یانی حەزدەکەم کاری جوان لەسەر شیعرەکانی بکەم، ئەگەر شیعرێکی فارسی تەسویرسازی بکەم، ئەوا شیعرەکانی فروغ تەسویرسازی دەکەم.

*** چیت ماوە بیڵێی..**

– زۆر سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری دەکەم، کە یارمەتیان دام و سوپاسی ژیواری خوشکم دەکەم، کە زۆر هانیدام بێم بۆ ئێرە، کە ژیوار خۆشی یەکێکە لە گۆرانیبێژە بەتواناکانی ئێران، کە گرووپی ژنانی هەیە لە ئێراندا.

### یەکەم جارە لە کوردستان نمایش دەکرێ

# خەرمان هیرانی و هێرۆ سەباح سەمای ئیرۆتمیان گەیاندە شانۆکارانی هەولێر


خەرمان هیرانی


هێرۆ سەباح

**هونەری بەدرخان**

بۆ ماوەی ١٠ رۆژ و لەسەر داوەتی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر هەردوو خانمە شانۆکاری کورد "خەرمان هیرانی و هێرۆ سەباح" لە شاری هەولێر وۆرک شۆپێکی ١٠ رۆژەیان بۆ زیاتر لە ١٥ شانۆکاری شاری هەولێر کردەوە، کە تێیدا چەندین مەشقی سەرەتایی ئەو هونەرە بە شانۆکارانی ئامادەبوو پێشکەشکرا، لە رۆژی کۆتایی وۆرک شۆپەکەشدا لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر چەند نمایشێکیان پێشکەش کرد و دواتریش هەردوو خانمە شانۆکار پارچە سەمایەکی ئیرۆتمیان پێشکەش کرد، راهێنەران و بەشداربووان و شارەزایەکی بواری شانۆمان دواند...

لە سەرەتادا ساکار عومەر فەتاح قوتابی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر و بەشداربووی ئەم وۆرک شۆپە دەربارەی بەشداری خۆی گوتی: سەرەتا دەستخۆشی لە خەرمان هیرانی و هێرۆ سەباح دەکەم، کە زۆر شتیان لێوە فێربووم، ئەو شتانەی کە لەو وۆرک شۆپە کردمان پێشتر نەماندەزانی، ئێستا زۆر شت هەیە وەکو جووڵە لەسەر نووکی پەنجە و نووسینی ناوی خۆمان بە جووڵە، ئەوانە شتی زۆر زۆر باش بوو بۆ ئێمە، هیوادارین هەموو ساڵێک ئەو جۆرە وۆرک شۆپانەمان بۆ بکرێتەوە.

ساکار هیواشی خواست کە لە داهاتوودا مامۆستای دیکەی لەو جۆرە بێنە کوردستان و خەرمان و هێرۆ نموونەیەک بن بۆ ئەو مامۆستایانە و مامۆستاکانی دیکەی کوردیش بێنەوە شتی لەو جۆرەیان پێشکەش بکەن.

رابەر شێرزاد بەشداربوویێکی دیکەی وۆرک شۆپەکە بوو، کە ئەویش قوتابی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێرە، ئەویش بەمجۆرە باسی لەو وۆرک شۆپە کرد: بەڕاستی ئەم وۆرک شۆپە زۆر سوودی بۆ ئێمە هەبوو، سوپاسی مامۆستایان هێرۆ و خەرمان دەکەم، کە ئەو شتەیان بە ئێمە ناساند، چونکە تا ئێستا ئێمە نەماندەزانی ئیرۆتمی چییە و نەمانبیستبوو، بەڵام لە ماوەی ئەو ١٠ رۆژەی زانیمان و زۆر سوودیشمان لێی وەرگرت.

دیار عومەر سلێمان، کە دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێرەو لەو وۆرک شۆپە بەشداربوو، گوتی: ماوەی ١٠ ساڵە لە کاری هونەری دابڕاوم، بەڵام ئەو وۆرک شۆپەم وەک هاندەرێک بینی بۆ گەڕانەوەم بۆ ناو کاری هونەری، ئەوەبوو لەو وۆرک شۆپە ئیرۆتمیە بەشداربووم، هەرچەندە وەکو نمایش بەنمایش ناوزەند ناکرێ، بەڵام وەکو نیشاندانی چەند مەشقێکی ١٠ رۆژی ئەو گروپەبوو کە نیشانماندا، ئەوە ماندووبوونی هونەرمەندان خەرمان هیرانی و هێرۆ سەباح بوو، هیوادارم ئێمەی بەشداربووان توانیبمان شتێک نیشان بدەین و ماندووبوونی ئەوان بزر نەبێ، هەرچەندە وەکو خۆیان ئاماژەیان پێدا لەماوەی ٥ ساڵی کارکردنیان و دیراسەکردنیان ئەوجا ئەگەر بتوانن کەسێکی وا دروست بکەن، کە لەو مەجالە کاربکا، بەڵام بۆ کەسێکی وەکو ئێمە کە ماوەی ١٠ رۆژێک لەو بوارە کاردەکا زۆر ئەستەمە بتوانێ هەموو شتەکان نیشاندا، بەڵام ئەوەی لە توانای ئێمەدابوو و لە ماوەی ئەو ١٠ رۆژە ویستبمان و زانیبمان هەوڵماندا نیشانی بدەین و هیوادارم هەرواش بووبێ.

دکتۆر فازڵ جاف وەکو پسپۆڕێکی بواری شانۆ، کە ساڵانێکە خەریکی کاری شانۆییەو لەچەندین وڵاتی دنیا وۆرک شۆپی کردۆتەوە، دەربارەی ئەو وۆرک شۆپە گوتی: ئەم وۆرک شۆپە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە لەڕووی هونەری و پێداگۆگی "پەروەردەیی" و لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە، دەکرێ ئەم میتۆدە بەکاربهێنین بۆ راهێنانی شانۆکاران، بەتایبەتی بۆ راهێنانی ئەکتەران و قوتابی و مامۆستایان لە بواری پەروەردە، هەروەها بۆ راهێنانی هەموو مرۆڤێک کە لە بواری پەیوەندیدا کار لەگەڵ یەکتری دەکەن، ئەم وۆرک شۆپە دیسانەوە گرنگییەکەی لەوەدایە، کە لەسەر میتۆدی جووڵەو ریتم دەڕوا، ئێستا لە جیهانی پەروەردەییدا ریتم و جووڵەو جەستەی مرۆڤ پێگەیەکی تایبەتی هەیەو گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لە کوردستان تا ئێستا ئەم لایەنە تارادەیەکی زۆر فەرامۆشکراوە و بایەخی زۆر باشی پێنەدراوە، بۆیە هاتنەوەی ئەم دوو خانمە و سازکردنی ئەم وۆرک شۆپە لەم بوارەدا بایەخێکی تایبەتی هەیەو گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بە تایبەتی کە ئێمە هەمیشە واراهاتووین، کە رەگەزی پیاو لە کوردستان وۆرک شۆپ سازبکا، جا کە ئێستا دوو خانم پسپۆڕن لەم بوارە و بوونەتە راهێنەر لە ئەوروپاوە میتۆدێکی زۆر دانسقەیان بۆ هێناوینەتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا جێگای شانازییەوە و کارێکی چاکی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆیە، کە پێی هەستاوە.

هێرۆ سەباحی راهێنەر لەو وۆرک شۆپە، دەربارەی کارەکانیان گوتی: خۆشحاڵ بووین کە ئەنجامی وۆرک شۆپەکەمان نمایشکرد بۆ هەموو میوانە بەڕێزەکان، هەڵبەتە ئێمە لەهەموو بەشداربووان رازی بووین، چونکە زۆر ئەکتیڤانە حەزیان دەکرد بەردەوام فێری شت بن و سوود وەربگرن، هەڵبەتە ئەوە تەنها پێناسەو کورتەیەکە بۆ هونەری ئیرۆتمی، چونکە ئێمە تەنها چەند شتێکی سەرەکیمان پێشکەش کرد، هیوادارین لە داهاتوودا وۆرک شۆپی دیکە بکەینەوە و زیاتر بناسرێ و لەزۆر لە شارانی دیکەی کوردستان وۆرک شۆپ بکرێ، وەکو باسیشمان کرد ئەو هونەرە تەنها بەرجەستەکردنی زمان و مۆسیقایە لەرێی ئەو جووڵانەی دەست و قاچ، کە بە لەشیش بەکاردێ، یانی جووڵەیەکی ریتمی جوانە.

خەرمان هیرانی هونەرمەند و راهێنەر لەو وۆرک شۆپە دەربارەی کارەکانیان گوتی: دوای کارکردنی ١٠ رۆژ لەسەر ئەو وۆرک شۆپە، کە لەسەر هونەری ئیرۆتمی بوو، بێگومان وەکو چەند جاری دیکەش باسمکردووە ئەو هونەرە هونەرێکە کە زۆر بەرۆژهەڵات ئاشنا نییە، لە رۆژئاواش خەڵکێکی زۆر کەم دەیناسێ، بۆیە دوای ئەوەی کە ئێمە هەوڵماندا کە ئەو پەیامە بگەیەنینە ئێرەو لە وۆرک شۆپێکی ١٠ رۆژەدا پێشکەشی بکەین، بێگومان سەختییەکی زۆری تێدایە، چونکە تۆ لە ١٠ رۆژدا ناتوانی چارەکی ئەو پەیامەش بگەیەنی کە تۆ هەتە، بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە توانیمان لەو ١٠ رۆژەدا لەگەڵ ١٥ قوتابی کاربکەین لەسەر جەستەیان و هەوڵبدەین هێزی سروشت و گەشەی ناوەوە بەیەکەوە گرێ بدەین و لە وۆرک شۆپێکی ١٠ رۆژەدا پێشکەشی بکەین، کە ماوەکەی ١٥ خولەک بوو.

دەربارەی گەشبینی خۆی بەوەی کە لە کوردستان ئەو هونەرە پەرە بسێنێ، هیرانی گوتی: ئەوەی کە من گەشبین دەکاو دەشبێ، چونکە فەلسەفەی ئەو هونەرە و باگراوندەکەی کە فەلسەفەکەی لە فەلسەفەی ئەنترۆفۆسۆفییەوە هاتووە، ئەوان زۆر زۆر گرنگی بە کلتووری زەردەشت دەدەن و کلتووری زەردەشتیش بەهۆی ئەوەی کە ئێمە ئەگەر رەگوڕیشەشمان بە کلتووری زەردەشت نەزانین، زۆر لە کلتووری زەردەشتەوە نزیکین، بۆیە واهەست دەکەم ئەگەر بایەخی پێ بدرێ و لێرەوە بە چاوێکی پڕ بایەخەوە سەیری بکرێ، ئەوا بەرەو پێشچوونی لەگەڵ دەبێ، بەڵام ئەگەر بێتوو ئەوە هەریەک وۆرک شۆپی ١٠ رۆژە بێ وابزانم تەنها ئەو کەسانەی لە وۆرک شۆپەکەن کەمێکی زۆر زۆر کەم سوود وەردەگرن.

بۆران محەمەد زازا، کە وەکو میوزیکژەن لەو وۆرک شۆپەدا بەشدار بوو، کە خۆشی قوتابی قۆناغی چوارەمی بەشی میوزیکی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێرە، دەربارەی وۆرک شۆپەکە گوتی: من وەکو ژەنیاری ئامێری پیانۆ لەو وۆرک شۆپە بەشداریم کرد، ئەو وۆرک شۆپە کە واتای جووڵەی جوان دەدا، کە چۆن جووڵەی جوان بکرێ لەگەڵ مۆسیقا یان شیعر، من وەکو ژەنیاری مۆسیقا بەشداریم کرد بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی جوانترم هەبێ بۆ میوزیک، چونکە ئەوانە بە لەشی خۆیان تەعبیریان لە مۆسیقاکە و دەنگە جیا جیاکانی میوزیک دەکرد، ئەوە وای لەمن کرد بیر بکەمەوە کە ئەو میوزیکە دەژەنم تەنها ئەو دەنگانە نییەو لەوانە نییە تەعبیرێکی دیکەی هەبێ، بۆیە بۆمن شتێکی زۆر بەسوود بوو، کە توانیم تێگەیشتنێکی جوانترم هەبێ بۆ میوزیک لەرێگەی کاری خۆمەوە.

لە کۆتاییدا دڵشاد شەهابی بەشداربووی وۆرک شۆپەکە، کە قوتابی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێرە گوتی: لەو وۆرک شۆپە ئێمە سوودێکی زۆرمان وەرگرت، چونکە بەنسبەت ئێمەوە هەم هونەرێکی تازە بوو کە فێری بووین، هەمیش چەند مەشقێک بوو بۆ جەستەمان تا بتوانین کارە شانۆییەکانمانی پێ بڕازێنینەوە لەڕووی فێربوون و تەرکیزی مێشکمان لەکاتی نمایشی شانۆیی و فێربوونی چەندەها شتی جۆراوجۆر کە بۆ ئێمە تازە بوو، هەروەها ئاشنابوون بە کلتووری خۆمان، کە ئەوە هونەرێکە سوودی زۆری لە کلتووری خۆمان وەرگرتووە.

جێی ئاماژەیە لە رۆژی کۆتایی وۆرک شۆپەکەدا بڕوانامەی بەشداربوون بەسەر بەشداربووان و راهێنەران دابەش کرا، وۆرک شۆپەکەش لەسەر ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر ئەنجامدرابوو.


دیمەنێک لە نمایشی (سەمای ئیرۆتمی)، هەولێر، ٢٠٠٩/١٠/١٩

## بەکر رەشید و گەمەی باڵندەکان

**دوابەدوای ئەوەی بەکر رەشیدی دەرهێنەر پارساڵ کاری لە زنجیرە درامای ژیلەمۆ کردو لە رێگای کەناڵەکانی راگەیاندنەوە ئەو کارە نمایش کرا، بۆ ئەمساڵ بەکر رەشید خەریکی کارکردنە لە درامای گەمەی باڵندەکان، لە دیدارێکی تایبەتدا دەربارەی چۆنیەتی کارکردن لەو کارە دواندمان...**

**ئا: هونەری بەدرخان - سلێمانی**

*** گەمەی باڵندەکان بۆ؟**

– گەمەی باڵندەکان... واتە گەمەی ژیان. ئەوەی مرۆڤ لە باڵندە جیادەکاتەوە. بۆ ئارەزووەکانی، ئەویش "فڕینە" بیرۆکەی ئەم بەرهەمە زیاتر باس لە کێشەکانی ژیانی گەنج دەکات. بۆیە ئەم بەرهەمە پەسەندکراو کارم بۆی کرد.

*** لۆکەیشنی کارەکەت کوێیە؟**

– لۆ کەیشنی ئەم بەرهەمە. لە شاری سلێمانی و گوندەکانی دەوروبەری و هەندێک لە هاوینە هەوارەکانە. بەشێکی کەمیشی لە وڵاتی رووسیا- لە شاری "مۆسکۆ" وێنە دەگیرێت.

*** ئەکتەرانی بەشدار بوو لە گەمەی باڵندەکان کێن؟**

– ستافی نواندنی بەرهەمەکە،


بەکر رەشید

بریتین لە( شلێر کۆیی، شیلان، ئاشنا، بان، دیە، ماردین، شەنگە، سەمیعە، بەهادین، عوسمان مەعروف، عەبدوڵڵا خەیات، شەماڵ، عابد هەورامی، شانۆ عومەر، سەرکۆ کەمال، شێرکۆ، حەمە سەعید، عەدنان، بەهێز کەرکووکی لەگەڵ چەند لاو و گەنجێکی دیکە.

*** بۆچی کوردستان تیڤی بەرهەمی هێنا، لە کاتێکدا ئێستا باوی کەرتی تایبەتە، کە دراما بەرهەم بێنێ؟**

– کەناڵی کوردستان و کەناڵی کوردسات دەستە باڵان لە بەرهەم هێنانی درامادا، ئێمە کۆمپانیای مەدەنیمان نییە. ئەگەر هەشبێت پاشکۆی کەناڵەکان و حزبەکانن. هونەری نین.

*** ستافی پشت کامێرا بریتین لە کێ؟**

– ستافی پشت کامێرا بریتین لە هونەرمەندان:"بەڕێوبەری بەرهەم عوسمان محەمەد قادر و وێنەگر پێشەوا تەیب، رووناکی زانا، دەنگ کەیوان، مکیاج ئەڤین غەریب، سکرین جەبار مەعروف، مۆنتاژ شاهۆ تەیب، راکوار عەبدوڵڵا خەیات. و چەند هونەرمەندێکی دیکە.

*** لەسەر چ بنەمایەک ئەکتەرەکانت هەڵبژاردووەو چەندە دەموچاوی نوێ لە دراماکەدا دەردەکەوێ؟**

– لەسەر ئەزموون و دەق و تەمەن. زیاتر ئەکتەر دیاری دەکرێت بە پێی ئەو دەقەی داوا دەکات، پاشان لەم درامایەدا گەلێ هونەرمەندی لاو و دەم و چاوی تازە رۆڵ دەبینن.

# کەلچەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی ڕووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ



سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولڕەحمان مەعروف: awrahman2000@yahoo.com
ستاف: سەعدوڵڵا نووری، جەوهەر شێخانی
بە هاوکاری ڕاوێژکاری ڕووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان: د.هیمداد حوسێن



ژمارە ٥٩ - ١٢٧، پێنجشەممە ٢٠٠٩/١٠/٢٢ی زایینی


### ئازاد عەبدولواحید (سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان):

# هەر دەقێکی نووسراو نەخوێنرێتەوە، ئەوە دەقێکی مردووە

**گۆڤاری ڕامان ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە بەشێوەیەکی بەردەوام و بێ پچڕان لەکات و ساتی خۆیدا دەردەچێ، سەرنووسەرو داینەمۆکەی "ئازاد عەبدولواحید"ـە، کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە خوێندنەوەو نووسین و ڕۆشنبیری کوردی بۆتە خەمێکی قووڵ و بارێکی قورس وەئەستۆیەوە. لە ناوەندی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی کەسێکی ئەکتیڤ و چالاکەو جێ پەنجەی وەکو نووسەرو ڕەخنەگرو ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ دیارو بەرچاوە.**

**لە بەدرخان بە پێویستمان زانی بیروبۆچوون و تێڕوانینی سەبارەت بە دنیای خوێندنەوەو نەمانی ئەو قودسییەتەو کاریگەر نەبوون و نەگۆڕانی خوێنەرو نووسەرانی کورد، هەروەها تێکەڵاوبوون بە سیاسەت و خزانی ئەم توێژە بەلای کورسی و حزب و ... لە چەند لایەن و بوارێکی دیکەش ئەم گفتوگۆو دیدارەی لەگەڵدا سازبکەین.**

**سازدانی: ئاوڕەحمان مەعروف**



*** قودسییەتی کتێب و خوێندنەوە وەک جاران نەماوە، تەنانەت ناتوانین ئێستا لەگەڵ پێش ڕاپەڕینیش بەراوردی بکەین.**

– پێم وایە ئەوەی ئێوە دەیفەرموون پرسیار نییە، بەقەدەر ئەوەی بیروڕایەکە سەبارەت بە نەمانی قودسییەتی کتێب و خوێندنەوە، چونکە هەر لە پێشەوە لای ئێوە ساغ بووەتەوە کە "کتێب" و "خوێندنەوە"، قودسییەتی جارانی خۆی لە دەستداوە، بیروڕاشتان وایە نەمانی ئەو قودسییەتە لە ڕۆژی ئەمڕۆکەدا، لە بەین چووە و زۆر لە سەردەمی پێش ڕاپەڕین خراپتری لێ بەسەر هاتووە. جارێ لەپێشەوە دەبێ بڵێین پرۆسەی "خوێندنەوە"، پاشان هەستکردن بە قودسییەتی کتێب بۆ خۆی، لەناو کۆمەڵی ئێمەدا لەوەو پێشتر غەمێک لە غەمەکانی میللەت، یان دیاردەیەک نەبووە تا ئەمڕۆکە هەست بە نەمانی بکرێت، واتە هەر لە سەرەتای سەرەتایەکانەوە تا بە ئەمڕۆکەمان دەگات پرۆسەی "خوێندنەوە" پەیوەست بووە بە "دەستەبژێرێک"ی ناو کۆمەڵی کوردەواری، کە هەر ئەوانیش بوون نرخ و بەها و قودسییەتی خوێندنەوە و کتێبیان زانیوە و زۆر جار باجەکەشیان داوە. لەناو میللەتی ئێمەدا ئەوانەی بە قووڵیی و بە ڕاستگۆیی ڕوو دەکەنە دنیای خوێندنەوە و ڕێگا سەختەکەی ڕۆشنبیری دەگرنە بەر و خۆشییەکانی خۆیانی بۆ بەلاوە دەنێن و ژیانی خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن، یان کە پاش ساڵانێک دەکەونە ناو دنیای نووسینەوە، ڕووبەڕووی زۆر ناحەزی و دوژمنکاری دەبنەوە، جارێ لە پێشەوە ڕووبەڕووی نەریتخوازی کۆمەڵێکی پاشکەوتوو دەبنەوە، کە خوێندنەوە و نووسینی پێ کارێکی نامۆ و عەنتیکەیە، چونکە کەم کەس بەو دیاردەیە ئاشنایە و کەسیش نایەوێ بە موو لەو نەریتخوازییە لابدرێ کە قاڵبی پێوە گیراوە، دواتر ئەگەر خوا کردی ئەو نووسەرە کەسێکی بەهرەداری تایبەتمەند و بەتوانا بوو، ئەوە نەوەی پێش خۆی بەئاسانی بوونی ئەویان پێ قەبووڵ ناکرێ، چونکە پێیان وایە بەرە لەژێر پێی ئەوان دەردەهێنێ، زۆربەی جارەکانیش دەبینین نەوەی هاوشانی خۆشی دەکەونە وێزەی و پاشقوڵی لێ دەگرن و کۆسپی بۆ دروست دەکەن، چونکە لەوان سەرتر هەڵکشاوە و چالاکییەکانی لە هی ئەوان بەرچاوترە. بە کورتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا تۆ دەبێ باجی "جیاواز بوون"ی خۆت بدەی، دەرچوونت لە پۆل و ڕەوە و گارانەکە تاوانە و کارێکی نەکردە و نەشیاوت کردووە. تۆ دەبێ هەمیشە لە ناو کۆرسەکەدا کار بکەیت و بمێنیتەوە و لەوان بچیت، هەر هەوڵدانێکت بۆ دەرچوون لە بازنەی پۆلەکە، بەزاندنی یاسا و نەریتە باوەکانە، ئەمەش دوژمنایەتی و ناحەزیی زۆرت بۆ پەیدا دەکات، بۆیە ئەوانەی دەخوێننەوە و جیاواز بیردەکەنەوە، وەنەبێ سەر ڕێگەکەیان بە گوڵ و گوڵزار بۆ ڕازابێتەوە، چونکە ئەو کارەیان جۆرێکە لە ژەنینی نەشاز و لە ڕێسا دەرچوونی ناو کۆمەڵگە و دامەزراوەی خێزانی کوردیدا. پاشان ئێمە کە داتا و ژمارەمان لەبەردەستدا نەبوو، چۆن دەتوانین هەر لە خۆمانەوە و بە گۆترەکاری و ڕەمڵ لێدان و نوقڵانە بڵێین قودسییەتی کتێب و خوێندنەوە نەماوە و ئەمڕۆکە وەک جاران نییە؟ یان بڵێین ناتوانین لەگەڵ پێش ڕاپەڕین بەراوردی بکەین؟ لەکاتێکدا وا خەریکە دوو دەیە بەسەر ڕاپەڕیندا تێدەپەڕێ، لەلایەک ژمارەی دانیشتوانی کوردستان زۆر لەو کاتە زیاتر بووە و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو ئازادی و فرە مینبەرییەی ڕاپەڕین فەراهەمی کرد، بوونە هۆی دەرکردنی دەیان و سەدان گۆڤار و ڕۆژنامە و دەزگای چاپەمەنی و هۆیەکانی دیکەی ڕاگەیاندن کە ئەمڕۆ ژمارەیان گەیشتووەتە پتر لە (٨٠٠) کەناڵی جۆراوجۆری خوێندنەوە و بینین و بیستن، ئەمڕۆ ژمارەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و دانەرانیش لە هەموو بوارەکاندا چەند پات لە جاران زیاتر بووە، ئەمانە هەموویان چەند دەستاوێژێکن و وامان لێدەکەن، بڵێین وا باشە لە بڕیارەکانی خۆماندا پەلە نەکەین و وردتر ئەو بیروڕایانە پێکەوە بنێین. جارانی پێش ڕاپەڕین کتێب و سیپارە بە زمانی کوردی ژمارەیەکی سنوورداریان لێ دەردەچوو، تا کۆتایی نەوەتەکان خوێنەری کورد ناچار بوو هەر ئەوە بخوێنێتەوە کە پێشکەشی دەکرا، (ترید أرنب أخذ أرنب، ترید غزال أخذ أرنب) بوو، واتە کەروێشکت دەوێ ئەوە کەروێشک، مامزت دەوێ ئەوە کەروێشک! ئەوکاتە زیاتر بەهۆی چەوسانەوەی نەتەوەییەوە مەیل بۆ خوێندنەوەی کتێبی کوردی دەچوو، ئەوەش پتر بۆ هاندانی نووسین و پاراستن و خزمەتکردنی زمانی کوردی بوو، کتێب و چاپەمەنی کوردی دەخوێنرانەوە. ئەمڕۆ لەبەر زۆر بوونی ژمارەی چاپکراو و بڵاوکراوەکان و هەمەچەشنیی ئەو چاپەمەنییانە، خوێنەری کوردیش بەرەو پسپۆڕیی چووە، واتە خوێنەری کوردی بەرەو هەمەچەشنی و هەمەچێژی بردووە، وەک چۆن وردە وردە خەریکە نووسەری کورد بەرەو پسپۆڕیی بواری نووسین دەڕوا. ڕۆمان و نۆڤلێت، هزر و فەلسەفە، مێژوو، شیعر و ئەدەبیات، زانست، کتێبی ئایینی، هەریەکەیان بە جیا خوێنەری خۆیان هەیە. ناکرێ لەمڕۆکەدا خوێندنەوە تەنیا لە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتدا قەتیس بکەین، چونکە خوێنەرمان هەیە، خوێنەری تایبەتمەندن بە خوێندنەوەی کتێب و بڵاوکراوەی زانستی، یان خووی داوەتە فێربوونی زمان، کە ئەمەش کارێکی گرنگە و فێربوونی هەر زمانێکیش بۆ خۆی دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی زانیاری و ڕۆشنبیری و فراوان کردنی ئاسۆی بیری خوێنەری بابەتگەلی ئەو زمانانە. ئەوەشمان لەبیر نەچێ بەشێکی زۆر لەوانەی دەخوێننەوە و حەز لە خوێندنەوە دەکەن ڕوویان کردووەتە خوێندنەوەی بابەتی سیاسی و شوێن پێی ڕووداوی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی دەکەون، چونکە چ ناوچەکە و دەوروبەر، چ جیهان خەریکە کڵپە دەکات و گڕ دەگرێ، هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتانە کەم و زۆر، دوور و نزیک پێوەندییان بە ئێمەشەوە هەیە و کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی بەسەر یەکدییەوە دادەنێن، هەر ئەمەش وای لە تاکی کورد کردووە هەست بە نیگەرانی بکا، چونکە ئەو گڕ و کڵپەیە، ئەو ڕووداوە خێرا و چڕوپڕ و بە یەکداچووانە ئایندە و دواڕۆژی ئەویان پێوە بەستراوەتەوە، بۆیە ئەو جۆرە خوێنەرانە دوای باسوخواسی گەرموگوڕی سیاسی کەوتوون، بێگومان لەم بەدواداچوونەشیاندا شاشەی زیوین، بەشێکی زۆری ئەوانی بەلای خۆیدا کەمەندکێش کردووە و ڕاکێشاوە و زەرەر و زیانی زۆریشی پێگەیاندوون، چونکە تەلەڤزیۆن ڕۆڵێکی نێگەتیڤی لە دروستکردنی ڕۆشنبیرییەکی ڕووکەش و فریودەردا گێڕاوە. هەمیشە و لە هەموو سەردەم و قۆناغەکانیشدا کورد وەک میللەتێک لەلایەن ناحەز و نەیارەکانییەوە بۆ ئەوەی هەست بە گرێی کەمیی بکات، کە میسرییەکان بەو گرێیە دەڵێن (عقده الخواجه) و متمانەی بەخۆی و بە میللەتەکەی نەمێنێ، یان بە مەرامی ئەوەی کۆمەڵێکی پتەو و توندوتۆڵ نەخوڵقێ، بەردەوام هەوڵ دراوە لە پیرۆزییەکان و بەها جوانەکانی بدرێ، تا کۆمەڵگایەکی بێ سەروبەر و شڵەژاو و بێ متمانەی شڵەقاوی لێ دەربچێ. بەداخەوە زۆر جار ئەوەی دوژمنانیشمان پێیان نەکراوە، خۆمان بۆیانمان تەواو کردووە، یەکێک لەو شتانەش لێدانی پیرۆزییەکانمانە تا وەک میللەتێکی بێ ڕەگوڕیشە و بێ بناغە و بێ ڕەمز و پیرۆزیی بمێنینەوە، بۆیە منیش دەپرسم: لای ئێمە پیرۆزیی لە چیدا ماوە تا لە کتێب و خوێندنەوەدا مابێ و ئێستا ڕێزی لێ بگرین؟ ئێمە وا خەریکین تەنانەت گۆڕی مردووەکانیشمان هەڵدەتەکێنین، زۆر جار بۆ دۆزینەوەی خشڵ و زێڕ و زیو ئەم کارە دەکرێ.

*** هەندێک جار هەست دەکرێ نەک کەس ناخوێنێتەوە، بەڵکو خودی خۆشمان ناخوێنینەوە. بەو واتایە دەکرێ بڵێین تاکی کورد لە خودی خۆشی داماڵراوە؟**

– بەشێوەیەکی گشتی باسمان لە تەنگژە و قەیرانی "خوێندنەوە" لەلای میللەتی خۆمان کرد، کاتێ کەشوهەوا و زەمینەی خوێندنەوە لە ڕابردوودا یان لە ئەمڕۆدا بۆ "خوێندنەوە" لەبار نەبووبێ، ئەوە بەو واتایەیە کە هەموو تاکەکانی میللەتی ئێمە دەرفەتی خۆ پێگەیاندن و تێگەیاندن و خوێندنەوەیان بۆ نەڕەخساوە، بۆیە لەو بارەدا خودی خۆی بۆ نەخوێنراوەتەوە، تا بتوانێ ئەوی دی بناسێ، ئەمەش وەک ئێوە دەڵێن بووەتە هۆی ئەوەی لە خودی خۆشی دابماڵرێ، بەڵام دیسان ناتوانین ئەو بیروڕایە بەگشتی بکەین و بەو ڕەهاییە وەری بگرین، خودناسین و خودخوێندنەوە لە بیروبڕوا جەوهەری و فەلسەفییەکەی "سوقرات"ەوە دەست پێدەکات کە دەڵێ: (پێویستە ئادەمیزاد خۆی بناسێ)، چونکە خۆمان نەناسین ناتوانین پەل بۆ ناسینی ئەوی دی- الأخر بهاوێین و بەباشی بیخوێنینەوە، کەشف کردن و ڕۆشنایی خستنە سەر هەر پەڵەیەکی تاریکی ناخ و ناوەوەی خۆمان، بەمانای ڕووناک کردنەوەی پانتاییەکە لە دەرەوەی خۆمان. ئەو نەناسینی خودە، تاکی کوردی تووشی شیزۆفرینیای کۆمەڵایەتی و نامۆ بوون کردووە، ئەو نامۆ بوونە جگە لە نامۆ بوونە ئەنتۆلۆژییەکە، نامۆ بوونە لەناو خودی خۆشماندا.

*** هەندێ جار خوێنەر ئەو گلەییە لە نووسەری کورد دەکات، کە بۆیە بەرهەمی کوردی ناخوێنێتەوە، چونکە دەقێکی وا نییە بیهەژێنێت و بیجووڵێنێ.**

– من لەگەڵ ئەو قسەیەدا نیم، چونکە ئەوەی بیەوێ بخوێنێتەوە، ئەوە تێکست و بەرهەمی زۆر هەن سەریان پێدا شۆڕ بکاتەوە و بیانخوێنێتەوە، بە دەیان و دەیان کاری نووسەران و داهێنەرانی کورد هەن شایەنی خوێندنەوەن، بەرهەم و تێکستی شاعیرە کلاسیکەکانمان کە نەمرن، زۆر پێویستە زوو زوو بگەڕێینەوە سەریان و بیانخوێنینەوە. چەندین بەرهەمی ناوازە و دانسقە بە زمانێکی ڕەوان و پاراو کراون بە کوردی و شایانی خوێندنەوەن، کەسێ خوێنەری بەڕاستی و چاک بێت هەر بە زمانی کوردی بایی خۆی بەرهەمی جوان دەدۆزێتەوە بیانخوێنێتەوە، ئەو گلەییە لە کەس قەبووڵ ناکرێ کە بەرهەمی کوردی و دەقی وا نییە بیانجووڵێنێ، ئەوە بیانوو و پاساوە بۆ تەمبەڵی و نەخوێندنەوە، یان ڕاکردنە لە خوێندنەوە.

*** پێچەوانەی ئەم هاوکێشەیەش ڕاستە، چونکە خوێنەریش دەبێتە هۆی ناچارکردن و هاندانی نووسەر بۆ داهێنان و سوور بوونی لەسەر نووسین و ئەفراندنی نوێ. ئایا لەم لایەنەوە کاریگەریی خۆی نییە؟**

– نووسەرێک لەو دنیایەدا نییە و نادۆزرێتەوە بڵێ من دەنووسم و خوێنەرم بەلاوە گرنگ نییە، هەر دەقێکی نووسراو نەخوێنرێتەوە، دەقێکی مردووە، خوێنەر هاوبەش و تەواوکاری پرۆسەی داهێنانە، نووسینیش بۆ خۆی پردێکی گرنگە کە بە کەسانی دیکەوە دەمانبەستێتەوە بۆ ئەوەی پرسیارەکانی خوێنەران و نووسەران تێکەڵ بن و یەکبگرنەوە، لەبەر ئەوەی خوێنەر نووسەری دووەمە، بۆیە بە خوێندنەوەیەکی هۆشیارانە، دەتوانێ دەلالەت و ڕەهەندی نوێ بۆ دەقەکە بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەشە کتێبە چاکەکان هەر ئەو کتێبانەن کە وەڵام نادەنەوە، بەڵکو پرسیاری نوێ دەورووژێنن. ڕاستە هەندێ نووسەر هەن ڕاستەوخۆ دەڵێن بۆ خۆمان دەنووسین، ئەوانە مەبەستیانە بڵێن بۆ قەناعەت و خۆشی و ئازار و مەینەتییەکانی خۆیان و بۆ پێداویستییە ڕۆحی و ئینسانییەکانی خۆیان دەنووسن کە لەناو ئەو قووڵیی نووسین و شۆڕبوونەوەیەیان بەناخی خۆیاندا، خەڵکانی زۆری دیکەش هەن بەرهەمەکانیان دەخوێننەوە و خۆیانی تێدا دەدۆزنەوە، ئەگەر وا نەبا خۆ پێویست نەبوو ئەو نووسەرە بەرهەمەکەی خۆی بە چاپ بگەیەنێ، بۆیە خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەران، تەواوکاری پرۆسەی نووسین و داهێنانە، کاتێ نووسەر بە پیرەوەهاتن و پێشوازی خوێنەران بەرانبەر بەرهەمەکەی خۆی دەبینێ، بێگومان زیاتر لەسەر داهێنان و نووسین و خوێندنەوە مکوور و ڕشت دەبێ، ئەمەش کاریگەریی گەورەی لەسەر دادەنێ.

*** کەسانێک هەن دەخوێننەوە، بەڵام خوێندنەوە هیچ گۆڕانێک بەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و چوونە پێشەوەی کەسایەتی ئەواندا ناهێنن. ئەمە چۆن لێک دەدەیتەوە؟**

– پێشتریش چەند جارێک و لە چەند شوێنێکی جیاجیادا ئەو بیروڕایەم دەربڕیوە، من بە درێژایی تەمەنی ڕۆشنبیری و ئەزموونی تایبەتی خۆم زۆر کەسم لەو جۆرە خوێنەرانە بینیوە کە بەڵێ هەمیشە دەخوێننەوە و زانیاری و ڕۆشنبیری زۆریان پێکەوە ناوە و تێدەگەن، بەڵام زۆر کەم لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا سوودیان لەو خوێندنەوانەی خۆیان وەرگرتووە، واتە ئەوانە میکاڤیلیانە ڕەفتار دەکەن و ڕوون و ڕاشکاو نین، یان تووشی دووفاقی، یان نیفاقی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری هاتوون، بۆیە دەبینی "خوێندنەوە" نە هەڵسوکەوت و نە نەریت و نە دید و بۆچوون و نە چێژ و کەسایەتی ئەوانی نەگۆڕیوە، ڕەنگە باش قسە بکەن و قسە و باسەکانیشیان بە باشی بڕازێننەوە و ئیدیعای زۆر شتی گەورەش بکەن، بەڵام هەست ناکەی خۆیان پێوەندییەکیان بەو بیروڕایانەوە هەبێ کە باسیان لێوە دەکەن و بەردەوام لە بارەیانەوە دەدوێن. بە دیوێکی دی هەن دەخوێننەوە، بەڵام ئیستیعابیان کز و لاوازە، ئەوانە ناتوانن بە قووڵیی بچنە ناو چەمک و تیۆرەکانەوە و بە یەکەوەیان گرێ بدەن و دەرەنجامی نوێیان لێوە هەڵێنجن.

*** ئەوەی باسی لێوە دەکەین، لای تۆ تەنگژە و مەترسییەکی گەورە نین بەسەر کۆمەڵگا و نەتەوەیەکەوە، کە قودسییەتی خوێندنەوەی لەلا نەمابێت، یان لە کورتی دابێت، یان خوێندنەوە گۆڕانی بەسەر ژیانیدا نەهێنابێ؟**

– بێ گومان نەخوێندەواری هەر ئەوە نییە خەڵکانێک هەبن نەزانن ئەلف و بێ بخوێننەوە، کارەساتی لەوە گەورەتر ئەوەیە ئەوانەی زانکۆ دەبڕن وابزانن کۆتایی دنیا و زانستی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان بەدەستهێناوە و ئیتر پاڵی لێ بدەنەوە، تەنانەت ئەوانەش کە هەڵگری باوەڕنامەی ماستەر، یان دکتۆران ئەگەر لە بواری پسپۆڕی و شارەزایی خۆیاندا بەردەوام زانیاری نوێ بەدەست نەهێنن و بەردەوام زانیاری و ڕۆشنبیری خۆیان نوێ نەکەوە، ئەوە دوا دەکەون و دەبنە نەخوێندەواری بوارەکەی خۆیان و زانیارییەکەیان قەوزە دەردەکات، ئەوسا دەچنە خانەی نەخوێندەواریی ڕۆشنبیرییەوە (الأمیة الثقافیة)، چونکە ئەوەی دەیزانن دەبێتە ڕۆشنبیرییەکی ڕووکەش و کۆن و بەسەرچوو، ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر شێوەی بەدەستهێنانی باوەڕنامەکەشیان بە ڕەنج و زەحمەتیی خۆیان و بە ڕێگەیەکی ئاسایی و ڕەوا بەدەستهێنابێ و گومان و قسەی لەسەر نەبێ!

*** نموونەی ئەدیب و شاعیر و هونەرمەندی کورد هەیە کە تێکەڵ بە کورسی پەرلەمان و حزب و دەسەڵات بوون، ئەوانە ئەگەر چکیشیان نەکردبێت لە ئاستی خەونی خوێنەردا نەبوون. من پێم وایە بەردەوامبوونیان کار و داهێنانی گەورەتری بەدواوە دەبوو، چ بۆ خۆیان و چ بۆ نەتەوەکەشیان. بۆچوونی بەڕێزتان لەم بارەیەوە چییە؟**

– پێ دەچێ تۆ پێش وەخت بڕیارت دابێ ئەوانەی تێکەڵی پەرلەمان و حزب و دەسەڵات دەبن چکیان کردبێ، من ئەوە بە جۆرێکی دی دەیبینم. ئێمە لەدنیایەکدا دەژین هەموو شتێکی تێدا بووەتە سیاسەت، نووسەریش بوونەوەرێکە هەرگیز ناتوانێ خۆی لەو واقیعە بەدوور بگرێ و بە بیانووی ئەوەی هەقی بەسەر سیاسەتەوە نییە خۆی لاتەریک بگرێ، چونکە چارەنووسی خۆی و وڵاتەکەی سیاسەت نەخشەی بۆ دەکێشێ، بەڵام لەپێشەوە


## پرۆفایل

**ئازاد عەبدولواحید حەمە سدیق**
**لەدایکبووی: ١٩٥٨/هەولێر**
**دەستپێک: ١٩٧٣**
**خوێندن: شەشەمی ئامادەیی**
**چاپکراوەکانی:**

- _ ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، هەولێر، ١٩٧٦.
- _ اضمامة قزحیة من الشعر الکردي الحدیث، بغداد ١٩٨٠، وەرگێڕانی شیعری ١٦ شاعیری کوردی هاوچەرخە بۆ سەر زمانی عەرەبی.
- _ شێخ نوری شێخ ساڵح_بەشی یەکەم_ بەرگی یەکەم_بەغدا، ١٩٨٥.
- _ شێخ نوری شێخ ساڵح_بەشی دووەم_ بەرگی یەکەم_بەغدا، ١٩٨٩.
- _ بەرەو یەکگرتنەوەی دام و دەزگایەکانی ڕاگەیاندنی کورد، سلێمانی، ١٩٩٢/١/٢٠.
- _ پشکۆ و خۆڵەمێش، لێکۆڵینەوەیەکی تیۆرییە لە بارەی شیعری هاوچەرخی کوردی، هەولێر، ١٩٩٧.
- _ شوکور مستەفا..گەشتێک بەناو زمان و فیکر و ئیستێتیکادا، هاوبەش، هەولێر ١٩٩٨.
- _ شانۆ. ڕوانینی نوێ. داهێنان، دەمەتەقێیەکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند دکتۆر فازیل جاف، هاوبەش، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٠.
- _ شڤانپەروەر..زایەڵەی ئازادی و ئەڤین و چیا، هاوبەش، هەولێر ٢٠٠٢.
- _ گەشتێک بەناو مێژوو، بەڵگەنامە، شوێنەوار، هەڤپەیڤین لەگەڵ عەبدولڕەقیب یووسف، هەولێر ٢٠٠٥.
- _ گفتوگۆ(بەرگی یەکەم)، هاوبەش، هەولێر ١٩٩٧.
- _ گفتوگۆ(بەرگی دووەم)، هاوبەش، هەولێر ١٩٩٩.
- _ دیالۆگ(بەرگی سێیەم)، هاوبەش، ٢٠٠٠.
- _ تەنبوور، وەرگێڕاوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر ٢٠٠٦.
- _ زمانی چیا، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر ٢٠٠٦.
- _ زنە، چەپکێک وتاری ڕۆژنامەوانییە، هەولێر ٢٠٠٧.

**لەناو کۆمەڵی ئێمەدا ئەوانەی دەخوێننەوە و جیاواز لە دەوروبەرەکەیان بیردەکەنەوە، سەر ڕێگەکەیان بە گوڵ و گوڵزار نەڕازاوەتەوە**

# جنێونامەکەی عەبدولرەحمان فەرهادی و سووکە وڵامێ


موکری

موکری
عەبدولرەحمان فەرهادی لە ژمارە (١٢٦)ی هەفتەنامەی بەدرخاندا بەجۆرێ ئیرتباکی کردووە دەیان جنێو و سووکایەتی بە من، بەکورد و بە هاوڕێکانی خۆی، تەنانەت جنێوی بە خودی خۆیشی داوە. ئەم هەموو جنێو و سووکایەتیکردنەی تەنها (لەنێو لاپەڕە)ی هەفتەنامەکەدایە لەپاڵ ئەم جنێوانەدا چەند جارێ ستایشی خۆیشی دەکات، کە (کوردایەتی) کردووە (رابردوی لە گوڵ پاکترە)و (پێگەیشتووەو دەزانێ) و (وەک مامۆستا ئامۆژگاری) دەکات. ئەوا یەک بە یەکی جنێوەکانی و پاشان نەک بە جنێو بەڵکو بە پێچەوانەی زمانەکەی ئەو وەڵامیان دەدەمەوە، ئەمەیش جنێوەکانیەتی:
١- موکری خۆی بەوە هەڵدەداتەوە کە خشتەی راستکردنەوە بۆ بەرهەمی نووسەران دەکات.
٢- موکری ساڵانێکی زۆرە لە رۆماننووسی چکی کردووە.
٣- رۆماننووسی وامان پەیدابوون ئەو ناگاتە قولەپێیان.
٤- (پەیڤین)ێکی نابووت دەردەکات، کە هەمووی پڕکردنەوەو بابەتی دووبارەی نووسەرانە بە هەزاران هەڵەی جۆراوجۆرەوە.
٥- بەرگرێکی کرچ وکاڵ لە کوردییە شرو وڕەکەی خۆی دەکات.
٦- تۆمەتبارم دەکات کە گوایە بوختانم بۆ دروست کردبێ، (بێگومان نووسینە رەخنەییەکەی من بەبێ هیچ دەسکاریکردنی دێرو خاڵ و پیتێک لە وەرگێڕانەکەی ئەو لە خشتەکەدا دەقاودەق نووسراونەتەوە، کەچی ئەومن بەوە تاوانبار دەکات گوایە دەسکاریی وەرگێڕانەکانی ئەوم کردووە، ئەمەیش زۆر دوورە لە راستی و گۆڤارەکەیش لەبەردەستە).
٧- برا ئەو وەرگێڕانەی تۆ بەداخەوە وەک وەرگێڕانەکانی دیکەت وەرگێرانێکی زۆر جەلەبی بوو.
٨- دیسانەوە تومەتبارم دەکات بوختانم بۆ دروست کردبێ (پاشان موکری رستە هەڵبژاردە پڕ لە هەڵەکانی نووسیوەتەوە کە من دەستنیشانم کردوون و بریتییە لە (٢١) رستەی هەڵەو سەرلەبەریان بە کتومتی و بێ هیچ دەسکارییەک لە وەرگێڕانەکەی ئەو وەرگیراون، کەچی پێم دەڵێ لەم (٢١) رستەیە (١٦)یان دەسکاری کراون، منیش پێت دەڵێم لە وەرگێڕان تۆزێ ورد بەو لە ئەمانەتی نووسینیش ئەمین بە.
٩- توانیمان هەڵەکانتان راست بکەینەوە کە هەقە تا ماڵی خوا مەمنوونمان بن.
١٠- چەندین ساڵە بوونەتە ئاستەنگ لە سازدانی کۆنگرەو بۆ بەرژەوەندی خۆتان خەمێک لەم کێشەیە ناخۆن و هەر خۆتانی لێ دەدزنەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەو یەکێتییە وەک چۆن لە قازانجی خۆتان بوو، لە پێتان خست.
١١- جەنابتان بە چاوسورکردنەوەیەکی حزب نەوێران بێنە کۆنفرانسی لقی هەولێر، کە خۆتان ئەندامی ئەو لقەو ئەندامی دەستەی باڵاشن..
١٢- نەک وەک ئێوە لە خوت و خۆڕایی پۆست وەرگرین و نەشزانین کار بەڕێوەببەین.
١٣- وەک پاڵەوانێکیش باس لە وێستگەکانی گەڕان و سوورانەکانی دەکات، کە کوردایەتی کردووەو دێ پێمانی دەفرۆشێتەوە..
١٤- دیارە کورد فێرە هەر باس لە پاڵەوانێتیی خۆی دەکات.
١٥- بەداخەوە رۆشنبیرانی دنیا تا دەچنە تەمەنەوە زیاتر لەنێو بەهرەو تواناو داهێنان و جوانکاریدا قاڵ دەبنەوە، کەچی هی ئێمەی کورد تا تەمەنیان هەڵدەکشێ بێ ئاگاتر دەبن.
١٦- ئامۆژگاری کاک محەمەد بکەم کە ئێوە پێویستە خۆتان لەو کلتوورە رزگار بکەن، کە نووسەری گەورەن و قەت هەڵە ناکەن.
١٧- دەبوایە موکری باسی دوا وێستگەی گەڕانەوەکەیشی بکات، کە لە بەغدا تەسلیمی رژێمی بەعس بووەوەو لە ستونەکەی دوا لاپەڕەی ژمارە (٢٨)ی رۆژنامەی (ئاسۆ)ی ساڵی ١٩٩٠ بە شان و باڵی سەددامی هەڵداو بە پیاوێکی ئاشتیخوازی دانا.
ئێستا یەک بە یەک جنێوەکانی ریز دەکەم، پاشانیش لە خاڵی حەڤدەهەمەوە تا خاڵی یەکەم وەڵامی دەدەمەوە، فەرموون سەیری ئەم جنێوانە بکەن، کە تەنها لە نێو لاپەڕەی رۆژنامەیەکدا ریزی کردوون. (خۆی هەڵدەدات، لە رۆماننووسی چکی کردووە، ناگاتە قولەپێیان، -پەیڤین-ێکی نابووت دەردەکات، کوردییە شڕو وڕەکەی، بوختان دروستکەر، وەرگێڕی جەلەبی، درۆزن، دەبێ بە ملکەچی مەمنونی خوا بم، ئاستەنگ بۆ سازدانی کۆنگرە، لە حیزب ترساو، لە خوت و خۆڕایی پۆست وەرگر، خەبات فرۆش، بێئاگا، جاش و خائین).
لەپاڵ ئەم جنێوانە بەم شێوەیەش ستایشی خۆی دەکات: (پێگەیشتوو، کوردایەتی کردووە، لە گوڵ پاکترە، راستگۆیە، دەسکاری نووسینی نەکردووە).
ئەوا لە خاڵی حەڤدەوە ولامی ئەم برادەرە دەدەمەوە:
(شانازی بەو نووسینە دەکەم کە لە رۆژنامەی ئاسۆدا بڵاوبووەتەوە، ئەمە یەکەمجار نییە بڵێم شانازی بەو نووسینە دەکەم. لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ و لە رۆژنامەی ئایندەدا ئەمەم نووسیوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩ لە دەرێدا، لە چیا بووم، بەرپرسی ئەوە بووم نووسەرانی سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، بەغدا، دوز، هەڵەبجە، بادینان، بەرهەمی ئەدەبی و سیاسیان دەنارد بۆ بڵاوکراوەکانی شۆڕش، تەنها بەندە ناوە نهێنییەکانی ئەو نووسەرانەم دەزانی -کە پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ مندا بوو- بەرهەمەکانیانم لە گۆڤاری (نووسەری کورد)و (گزنگ)و (کەلتوور) و (ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان) بڵاودەکردەوە. لە ساڵی ١٩٨٨ شۆڕش (بە هەموو حزبەکانییەوە) تووشی شکستی سیاسی و عەسکەری بوو، هەموو بەشداربووان وەک پەناهەندە روومان لە ئێران کرد. زۆربەی سەرکردەکان بە تکاوە داوایان لە بەشداربووان دەکرد بچنەوە سوود لە عەفو عامی رژێم وەرگرن، چونکە ناتوانن ئیستیعابی ئەم هەموو خەڵکە بکەن و بیانژیێنن، ئەوەبوو هەزاران بەشداربوو (لە هەموو حزبەکان) گەڕانەوە، بەندەیش لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩ دا گەڕامەوە گیرام لە ژوورە ئینفرادییەکانی (ئەمنە سوورەکەی سلێمانی و پاشان لە ژووری ئیعدام دانرام. کە گیرام، نەک وەک (سەرتیپ)و (ئامرکەرت)و (ئامر مەفرەزە) کە کاری عەسکەرییم دژ بە رژێم کردبێ، چونکە ئەوانە نەبووم و خوا بۆ ئەوەیش دروستی نەکردووم..
من لەبەر ئەوە گیرام، رژێم دەیزانی دەیان نووسەری شارەکانی کوردستان و عێراق، بە نووسین بەشداری شۆڕشیان کردووە. رژێم داوای ناوی راستەقینەی ئەو نووسەرانەی لێدەکردم..
(ئەودەمە هەموو ئەو نووسەرانەی بەرهەمیان بۆ شۆڕش ناردبوو لە ژیانێکی دۆزەخ ئاسا دەژیان و پێیان وابوو بەرگەناگرم و ئیعترافیان لەسەر دەکەم بە ماڵ و منداڵەوە تیادەچن) ئەم بۆچوونەشیان بەهەڵە نازانم، چونکە ئینسان (گۆشت و خوێنە) رادەی بەرگرییەکەیشی سنووردارە. بەرلەوەی بگیرێم هەندێ لەو نووسەرانە هاتنە لام و ئەو ناوانەی لەبیرم مابێ ئەم برایانە بوون: (رەئوف بێگەرد) و (محەمەد نوری توفیق) و (مستەفا ساڵح کەریم و (تاهیر ساڵح) و (سەلام مەنمی)، داوای لێبوردن لەو برا نووسەرانە دەکەم، کە ناوەکانیانم لەبیرچووە، پێیانگووتم حکومەت هەموو بەشداربووانی شۆڕش عەفو دەکات، تۆ عەفو ناکات و دەتگرن و ماڵ و منداڵی ئێمەیش کاول دەبن..
- شوکر ئەو برایانە لەژیاندان- پێمگوتن، بێخەم بن، کەوڵم بکەن و خوێش بکەنە کەوڵەکەمەوە ئیعتراف لەسەر هیچ کەسێکتان ناکەم..
لە ئەمنە سوورەکە چل شەوی رەبەق و لە هەموو نیوەشەوێکدا تەحقیقیان لەگەڵ دەکردم، هەر ئەوەندەم دەگوت (دڵنیام نووسەرانی سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، بەغدا بە نووسین بەشدارییان کردووە، دەیانگوت چاکە ئەو ناوانەمان بۆ بدرکێنە، منیش دەمگوت ئەو نووسەرانە راستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدایەو مەکتەبی سیاسیش ناوی نهێنی لەسەر بەرهەمەکانیان دادەنێ و من نایانناسم (لەراستیدا هەر هەموویان پەیوەندییان لەگەڵ مندا هەبوو).
پاشان لە ژووری ئیعدام ئەو نووسینەیان پێنووسیم. کە بەریاندام تووشی نەخۆشی (جذام) ببووم، خاوەنی یەک فلس نەبووم، هاوڕێی خۆشەویستم کاک عەبدوڵلا ئاگرین لەسەر حیسابی خۆی دکتۆرو داودەرمانی بۆ فەراهەم کردم تا چاکبوومەوە..
با من و کاک عەبدولرەحمان مەوقیع بگۆڕین، جەنابی لەجیاتی من با ناوی ئەو هەموو نووسەرانەی لەلابا و لە ئەمنە سوورەکەیش گیراباو ئیعترافی لەسەر هاوڕێکانی نەکردبا، بە نووسینێک کە نووسیبای سەدام حوسێن خوا بیپارێزێ ئاشتیخوازە..
ئەگەر ئەوەی کردبا، من لێرەوە شانازیم بە هاوڕێیەتی و تەنانەت نووسینەکەیشییەوە دەکرد..
دڵنیابە جەنابت ئەم هەڵوێستەت هەبا هەرگیز تانەم لێنەدەدای و تا هەتایە شانازیم پێوەدەکردی..
برادەر ئەم دوا وێستگەی گەڕانەوەم وێستگەیێکی هەند مەحەک بوو بۆ من، بەقورسترین تاقیکردنەوەی ژیاندا تێپەڕیم، ئەو تاقیکردنەوەی گەلێ زەرووری بوو...
کاک عەبدولرەحمان، جگە لە تانەو تەشەری بۆ ئەو نووسینەی من، هاتووە ئەو نووسینەی منی کردووە بە بەردەبازێک تا بڵێت (بەردەوام رووم لەکوردایەتی بووە)
من شانازی دەکەم هاوڕێیانم بەردەوام روویان لە کوردایەتی بووبێ، بەڵام نەک خۆیان بەدەمی خۆیان بیڵێن. هەروەها شانازی دەکەم هاوڕێیانم (رابردوویان لە گوڵ پاکتر بووبێ، بەڵام نەک خۆیان بەدەمی خۆیان بیڵێن).
من لە وڵامدانەوەی عەبدولڕەحمان دا بەهیچ شێوەیێک باسی کوردایەتی و حزبم نەکردووە. (کە کوردایەتی کردووە و دێ پێمانی دەفرۆشێتەوە) پێموایە ئەوەی بەڕاستی کوردایەتی کردبێ، شەرم دەکات بڵێت کوردایەتیم کردووە..
ئەوا دێمە سەر یەک بەیەکی جنێوەکانی:
١) موکری خۆی بەوە هەڵدەدات کە خشتەی راستکردنەوەی بۆ بەرهەمی نووسەران دەکات.
برا لەکوێدا خۆم بەوە هەڵداوە، ئەگەر سووکە رەخنەیەکیشم هەبووبێ (دەقە عەرەبییەکەم لەپاڵ تەرجەمەکەدا نووسیوەتەوە بەهیچ جۆرێکیش دەسکاری وشەو پیتم نەکردووە.
٢) (دەنا موکری ساڵانێکی زۆرە لە رۆماننوسی چکی کردووە..)
کاک عەبدولرەحمان بە چ دەزانی چکم کردووە؟ ئایە حەقی ئەوەم هەیە لە جەنابت بپرسم ساڵانێکی زۆرە کتێبێکی شیعرت بڵاونەکردووەتەوە. یا زۆر لەمێژە شیعرت بڵاونەکردووەتەوە؟ من چ حەقم بەسەر ئەوەوە هەیە بپرسم چی دەنووسی بۆ وەستاویت! یا هەمیشە بەردەوامیت، ئەمە کارێکە پەیوەستە بە جەنابت بۆ من و بۆ چ کەسێکی دیش نییە موتاڵەبەت بکات.
٣) (رۆماننووسی وامان پەیدابوون کە ئەو ناگاتە قولەپێیان) ئەمە ئاواتی هەمیشەیی من بووە، کە میللەتەکەم رۆماننووسی ئەوتۆی تیا هەڵکەوێ من نەگەمە تۆزی پێیان. برا بەختەوەری من لە سەرکەوتنی ئەو رۆماننوسانەدا زیاتر دەبێ و تووشی شاگەشکە دەبم.
٤) (پەیڤین-ێکی نابووت دەردەکات کە هەمووی پڕکردنەوەو بابەتی دووبارەی نووسەرانە بەهەزاران هەڵەی جۆراوجۆرەوە) لەساڵی ١٩٩٧ وە بەبەردەوامی پەیڤین- دوو گۆڤارە یەکێکیان کوردی و ئەوی دییان عەرەبییە- زۆربەی نووسەرانی کورد لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات نووسینیان تیا بڵاوکردەووەتەوە. ئەگەر ئێوە یەک بابەتی دووبارەی نووسەرانت لەماوەی ئەم دوانزە ساڵە دەستنیشانکرد وەعدبێ رایگرم. فەرموون ئامادەم هەموو ژمارەکانی پەیڤین بخەمە بەردەستتان، ئێوەیش ئامادە بن ئەم قسەیەتان بسەلمێنن.
٥) کاک عەبدولرەحمان دەڵێ:(بێگومان نووسینە رەخنەییەکەی من بەبێ هیچ دەسکاریکردنی دێرو خاڵ و پیتێک لە وەرگێڕانەکەی ئەو لە خشتەکەدا دەقاودەق نووسراونەتەوە، کەچی ئەو بەوە تاوانبارم دەکات گوایە دەسکاری وەرگێڕانەکانی ئەوم کردووە، ئەمەیش زۆر دوورە لە راستی و گۆڤارەکەیش لەبەردەستە)
برا: بەرلەوەی ئەم پەرەگرافەت نووسیبا نەدەبوو بەراوردی رستە هەڵبژاردەکانی خۆت بکەیت لەگەڵ دەقی رستە وەرگیراوەکانی مندا، ئەوسا بۆت دەردەکەوت کە چیت بەسەر رستەکاندا هێناوە. هەر بەوەش نەوەستاویت چەندین کەلیمەت گۆڕیوە.
٦) کاک عەبدولڕەحمان دەڵێ (برا ئەو وەرگێڕانەی تۆ بەداخەوە وەک وەرگێڕانەکانی دیکەت وەرگێڕانێکی زۆر جەلەبی بوو)
یەکەم: (جەڵەبی) نەک (جەلەبی)
دووهەم: لە چوار زمانەوە بەرهەمم وەرگێڕاوە لە عەرەبی و ئازەری و فارسی و تورکی. جگەلەوەی دەیان بەرهەمم لە کوردییەوە کردووە بە عەرەبی. جەنابت ئەمانە رەتدەکەیتەوەو بەجەڵەبی دەزانیت، پێمخۆشە یەک رستە لەو زمانانە لەگەڵ کوردییەکەدا بەراورد بکەیت تا حوکمەکەت حوکمێ بێت وەک خۆتان دەڵێن (تا ماڵی خوا مەمنونتان بم)
٧) عەبدولرەحمان دەڵێ: (کوردیش ئەوەندە قیرساقزە وەنەبێ دان بە کلۆڵی و خەوشەکانی خۆیدا بنێ).
برا تۆ رووی دەمت لە منە (کوردی) بەستەزمان بۆ دەهێنیتە ئاراوە، بلێ موکری قیرساقزی ناتەوێ دان بە کلۆڵی و خەوشەکانی خۆتدا بنێی، ئەوەتا بەئاشکرا وشەت گۆڕیوە، دەسکاریت کردووە، کەچی دەڵێیت (بەوە تاوانبارم دەکات گوایە دەسکاری وەرگێڕانەکانی ئەوم کردووە، ئەمەش زۆر دوورە لە راستیی و گۆڤارەکەش لەبەردەستە)
بەڵێ گۆڤارەکان لەبەردەستن -نەک گۆڤارەکە- گۆڤاری نووسەری نوێ و گۆڤاری پەیڤین.
جەنابت (پێ لەسەر ئەوە دادەگری): دەستنیشانم کردوون و بریتییە لە (٢١) رستەی هەڵەو سەرلەبەریان بەکتومتی و بێ هیچ دەسکارییەک لە وەرگێڕانەکەی ئەو وەرگیراون، کەچی پێم دەڵێ لەم (٢١) رستەیە (١٦) یان دەسکاری کراون، منیش پێت دەڵێم لە وەرگێڕان تۆزێ وردبە و لە ئەمانەتی نووسینیش ئەمین بە.
بەندەیش (دەست لەسەر ئەوە دادەگرێ) لە (٢١) رستەدا شانزەیان دەسکاری کراوەو دەریش دەکەوێ کێ ئەمینەو کێیشت نائەمین و دەست پیسە!
٨) کاک عەبدولرەحمان دەڵێ (توانیمان هەڵەکانتان راست بکەینەوە، کە هەقە تا ماڵی خوا مەمنوونمان بن)
ئەگەر بێدەسکاری هەڵەکانت راستکردووەتەوە: ئەوا بەندە تا ماڵی خواو پێغەمبەریش مەمنونتان دەبم.
٩) کاک عەبدولرەحمان دەڵێ: (چەندین ساڵە بوونەتە ئاستەنگ لە سازدانی کۆنگرەو بۆ بەرژەوەندیی خۆتان خەمێک لەم کێشەیە ناخۆن و هەر خۆتانی لێدەدزنەوە، ئێستایشی لەگەڵدابی ئەو یەکێتییە وەک چۆن لە قازانجی خۆتان لەپێتان خست)
نابێ جەنابت ئەم قسەیە بکەیت (ئەم بوختانە بهۆنیتەوە، چونکە لەساڵی ٢٠٠٥ لەبارەگای نووسەرانی هەولێر لە کۆبوونەوەیەکدا کە ئێوەیش ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون، لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە هەڵبژێردرا، کە چەند جارێ گوتم ئامادەنیم ببمە ئەندامی ئەو لیژنەیە. جەنابتان لەمن چاکتر دەزانێ ئەندامانی ئەو لیژنەیە کێن و کێش دەبێ کار بۆ کۆنگرە فەراهەم کات. ئەگەر ئەمەیش ئینکار دەکەی فەرموو لەم برایانە بپرسە: سەعدوڵلا پەرۆش، کەریم دەشتی، زاهیر رۆژبەیانی، دکتۆر عیزەدین، قوبادی جەلی زادە، کاروان عەبدوڵلا..
ئادەی ئاستەنگی من چی بووە لە سازدانی کۆنگرە؟!
دەڵێی (بۆ بەرژەوەندی خۆتان خەمێک لەم کێشەیە ناخۆن..)
ئادەی روونیکەوە بەرژەوەندییەکەی من چییە؟ بیخەرە روو تا ئەدیبان بیزانن. یا هەر دەتەوێ تۆمەت و بوختان ریزکەیت.
١٠) کاک عەبدولرەحمان دەڵێ (جەنابتان بەچاوسوورکردنەوەیەکی حزب نەوێران بێنە کۆنفرانسی لقی هەولێر، کە خۆتان ئەندامی ئەو لقەو ئەندامی دەستەی باڵاشن)
یەکەم: نازانم لەم نووسینەتدا بۆچ باسی حزب و کوردایەتی دەکەیت، ئەرێ من لە نووسینەکەمدا باسی حزب و کوردایەتیم کردووە؟
دووهەم: شانازی دەکەم ئەندامی نووسەرانی لقی هەولێر بم، بەڵام ئەم قسەیەشتان راست نییە، فەرموو خۆت ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی هەولێریت، سەیری سجلی ناوی ئەندامان بکەو بزانە ناوی منی تێدایە؟ من ئەندامی نووسەرانی لقی کەرکووکم..
لێرەیشدا سیفەتی ترسنۆکی و نەوێران دەخەیتە پاڵم، گەردنت ئازاد بێت.
لەسەر مەسئەلەی چاو سوورکردنەوەی حزب قسەم زۆر پێیە، بەڵام بێدەنگی هەڵدەبژێرم..
١١) کاک عەبدولرەحمان دەڵێ (دیارە کورد فێرە هەر باس لە پاڵەوانێتیی خۆی دەکات).
باوەڕناکەم ئەم تۆمەتەت بۆ کورد لەجێی خۆی بێت. بەڵام ئێوەن لە نووسینەکەتدا باسی کوردایەتی خۆتان دەکەن.
١٢) کاک عەبدولرەحمان دەڵێ (بەداخەوە رۆشنبیرانی دنیا تا دەچنە تەمەنەوە زیاتر لەنێو بەهرەو تواناو داهێنان و جوانکاریدا قاڵ دەبنەوە، کەچی هی ئێمەی کورد تا تەمەنیان هەڵدەکشێ بێئاگاتر دەبن)؟
برادەر ئەم سیفەتە بخەرە پاڵ من. قبوڵمە.
چەندین هاوڕێی ئەدیبی بەتەمەنت هەیە، مامۆستا کەریم شارەزا، مەحمود زامدار، غەریب پشدەری، کاک سەعدوڵلاو کەریم دەشتی، ئەم برایانەش بەتەمەنن. ئەدی خۆتان؟ من لەگەڵ ئەم بۆچوونەتان نیم، پێموایە یەک ساڵی تر بەئاگاتر دەبی و بەئەمانەتەوە مامەڵە لەگەڵ نووسینی کەسانی دی دەکەیت.
بەهیوام ئەو برایانەی ناوم هێناون سینگفراوان بن و بتبەخشن.
١٣- کاک عەبدولرەحمان دەڵێ: (ئامۆژگاری کاک محەمەد بکەم، کە ئێوە پێویستە خۆتان لەو کلتوورە رزگار بکەن، کە نووسەری گەورەن و قەت هەڵە ناکەن).
سوپاس بۆ ئەم ئامۆژگارییەت، بەڵام هەرگیز من خۆم بە نووسەری گەورە نەزانیوە، بۆئەوەی دڵنیاش بیت دەیان هەڵەم کردووەو داوای لێبوردنیشم کردووە، فەرموون بچن پێشەکی کتێبی (عاشقە ناودارەکان) بخوێننەوە، کە گوتوومە بە ساڵێ ئەم کتێبەم تەرجەمە کردووە، ئیدی ئەم جۆرە غەڵەتە ناکەم..
لەکۆتاییدا من لەلایەن خۆمەوە دەتبەخشم، کە جنێوت پێداوم و سووکایەتیت پێکردووم و گەردنت ئازاد بێت..
بەڵام لەوە ناتبەخشم، کە سووریت لەسەر ئەوەی کە دەڵێی (بێگومان نووسینەرەخنەییەکەی من بەبێ هیچ دەسکاریکردنی دێرو خاڵ و پیتێک لە وەرگێڕانەکەی ئەو لە خشتەکەدا دەقاودەق نووسراونەتەوە، کەچی ئەو من بەوە تاوانبار دەکات گوایە دەسکاری وەرگێڕانەکانی ئەوم کردووە، ئەمەش زۆر دوورە لە راستی)
بەم حیسابە من بوختانم بۆ دروستکردوویت و سومعەی ئەدەبی و ئەمانەت و ئەمینی ئێوەم شێواندووە، ئێوە نابێ ئەمە قبوڵ بکەن.
هەروەها نابێ منیش ئەوە قبوڵ بکەم، کە بە درۆزن و بوختانکەر منت خستووەتەڕوو. ئەم دوو تۆمەتە بۆ سومعەی ئەدەبی هەردووکمان خراپەو پێویستە یەک لا کرێتەوە، جا من ئەم پێشنیازەتان بۆ دەخەمەروو:
ئێوە لە دادگا شکات بکەن و بڵێن موکری بوختانی دەست پیسی و نائەمینی دەداتە پاڵم، ئەوسا دادگا بریاری لە بەرژەوەندی ئێوە دا لەهەمان رۆژنامەدا داوای لێبوردن دەکەم و دەنووسم: بوختانم بۆ دروستکردووە. هەروەها داوای قەرەبووی مادی بکەو حەقی خۆتە. ئەگەر ئێوە لە هەولێر ئەم شکاتە ناکەن، ئەوا بەندە پاش بڵاوبوونەوەی ئەم نووسینە بە دە رۆژ لە سلێمانی ئەو شکاتە دەکەم.


کەلچەری بوژان
وەرگێڕانی جەلەبی

# هەڵوێستە چاوەڕوان نەکراوەکانی حکومەتی تورکیا لەم ڕۆژانە پەشیمان بوونەیەوە یا خۆپاراستنە لە کودەتای سەربازی









پارێزەر: کەمال محیدین

لەرۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ تورکیا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ راگەیەندرا بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو مستەفا کەمال "ئەتاتورک" ناوبراو رێبازێکی نەتەوەیی تاکڕەوی و دیکتاتۆرییانەی گرتە بەر و هەموو دانیشتوانی تورکیای بە تورک لە قەڵەم داو پارتی گەلی کۆماری دروستکردو پارتەکانی دیکەی ناو تورکیای قەدەغەکرد و نیمچە حوکمی عورفی دیکتاتۆری رەفتارکرد لەساڵی ١٩٣٢ بەپێی پەیمانی لۆزان هەموو داخوازییەکانی ئینگلیزو فەرەنساو رووسیای قبووڵکردو لەپێش هەموویانەوە کۆتایی هێنان بە خەلافەتی ئیسلامی و . پشتگوێ خستنی مافی کورد. تورکیای ئێستا بەشێکە لەمیراتەکەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، پانایی ئەم وڵاتە "٣٠٢ هەزار میل چوارگۆشە"یەو لە پانایی بەریتانیا فەرەنسا زیاترە، ژمارەی دانیشتوانی لە سنووری ٧٥ ملیۆن کەس دەبێت.

لە تورکیا ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوایەتی تێدا دەژیت وەک "تورک، کورد، عەرەب، شرکس" لەور رۆژەوە کە دەوڵەتی تورکیا دروستبووە ناکۆکی لەنێوان ئەو نەتەوانەو دەوڵەتی تورکیا بەردەوامە، ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە تورکیا هەموو ئەو نەتەوانە بە تورک دادەنێت و لە مافی نەتەوایەتی خۆیان بێبەشی کردوونە. ئەگەر سەرنج بدەینە نەخشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نورکیا دەبینین ئەو حکومەتەی تورکیا لەم سەرچاوەو دەسەڵاتدارانەی خوارەوە پێکهاتووەو کاریگەرییان لەسەری هەیە:

١- پارتی عەدالەت و گەشەپێدان بە سەرۆکایەتی بەڕێز بدوڵڵا گول وەک سەرۆک کۆمار و بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆگان وەک سەرۆک وەزیران واتا ئەم حکومەتە حکومەتێکی ئیسلامی سوونە مەزهەبی زۆرینەیە لە پەرلەمانی تورکیای ئێستا دەبێ ئەوەش بزانین لەناو ئەجندەو پرۆگرامی پارتە ئیسلامییەکان باس و مافی نەتەوایەتی هیچ بوون و بایەخێکی نەدراوەتێ، بەڵکو تەنها ئۆمەتی ئیسلامی هەیەو پرۆگرامەکەشی قورئانی پیرۆزە.

٢- ئەرتەشی تورکیا کە بەردی بناغەکەی لەلایەن بەڕێز خوالێخۆشبوو مستەفا کەمال دانراوە مێشکیان بەبیروباوەڕی نەتەوایەتی تەسک و خۆ پەرستی ئاو دراوەو هەموو خەڵکی تورکیا بە تورک دەزانن و پابەندن بە دەستووری تورکیا، کە تێیدا هاتووە "تورکیا بریتییە لە یەک وڵات و یەک نەتەوەو یەک زوبان و یەک پەرچەم و یەک ئاڵا و یەک نیشتیمان" تائێستاش هەر کەسێک لەم دەستوورە لابدات بە خائین و دوژمنی تورکیای دەزانن، هەربۆیە ئەوانەی لەم رێبازە لادەدەن دەخرێنە ناو زیندانەکان و لەسێدارە دەدرێن، تەنانەت ئەگەر لە رۆژگارێک حکومەتێکی تۆزێک دیموکرات و مافپەروەر بگاتە دەسەڵات یەکسەر کودەتای لەسەرکراوەو سەرۆکەکانیان لەناو براون، ئەرتەشی تورکیا بە سەرۆکایەتی باشبوغ دەڵێت: لە تورکیا شەڕ بەردەوام دەبێت تا یەک تیرۆریست بمێنێ، واتا مەبەست لە هەموو ئەو نەتەوەو پارت و تاک و لایەنانەیە کە داوای ماف و چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەکەن، لەپێش هەموویانەوەش نەتەوەی کورد کە ژمارەیان لە ٢٠-٢٥ ملیۆن زیاترە، بەڵام بەلای ئێمەوە ئەفسەرە گەورەکانی تورکیا هەروەک ماسی بەبێ ئاو ناژیێت، ئەوانیش بەبێ شەڕ ناژین، چونکە ئەگەر شەڕ

لەئارادا نەبێت دەبێ ئەو ئەفسەرانە بچنەوە ناو سەربازخانەکانیان و پلەوپایەکانیان سنووردار دەبێت و دەرگای دزی و گەندەڵی و رەشوەت و چەک کڕین و زوڵم و زۆریان لێ دادەخرێت و دەبێ پابەندی بڕیارەکانی حکومەتی دەستووری بن، کە بەپێی دەنگدان لەڕێگای سندوقەکانی هەڵبژاردن دروست دەبن و ئەوانیش ئەوەیان بۆ دەست نادات و جا ئەگەر دوژمن و تیرۆریش نەبێت ئەوا بە خەیاڵ دوژمن دروست دەکەن تا بیکەن بە بیانوو بۆ شەڕ هەڵگیرسان هەروەک ئێستا لەگەڵ کورد رەفتار دەکەن پارتی کرێکارانی کوردستان پڕ بەدەنگ و کردەوەی حاشا هەڵنەگر داوای ئاشتی و دۆستایەتی و هێمنی و پێکەوە ژیان دەکەن لەناو تورکیا بۆ دروستکردنی ژیانێکی پڕ لە یەکسانی و خۆشەویستی و برایەتی لەنێو هەموو نەتەوەکانی تورکیا، بەڵام ئەفسەرەکان هەموو ئەو داخوازییە پیرۆزانەی کورد و پەکەکەو نەتەوەکانی دیکە رەت دەکەنەوەو دەڵێن ئێوە تیرۆر و جیاوازخوازن، واتا سوپای تورکیاو ئەفسەرە گەورەکان بەبێ شەڕ ناژین و بەرژەوەندی خۆیان و دواڕۆژیان تەنانەت لەناو شەڕ و خوێنڕژان و دووکەڵی تۆپ و تەیارەوماڵوێرانی وڵات دەبینین، بێگومان ئەمەش تەنانەت دوژمنانی هەموو نەتەوەکانی تورکیا سوودی لێوەردەگرن.

٣- پارتی گەلی کۆماری، بەسەرۆکایەتی بەڕێز بایکال و پارتی جوڵانەوەی نەتەوایەتی بە سەرۆکایەتی بەڕێز باخچەلی ئەو دوو پارتە، گەورەترین هێزی نەتەوایەتی تورک پەرستن، کە هەموو دانیشتوانی تورکیا بە تورک دەزانن و هەر ئەوانەش ئێستا وەک ئۆپۆزیسیۆن "المعارچە" بەرامبەر حکومەتەکەی بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆغان وەستاون و دەیانەوێ

**عەبدوڵڵا گوڵ و بەڕێز ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لاپەڕەیەکی تازەو دۆستانەیان کردەوە دەربارەی کێشەی کورد، لەوان زیاتر بەتایبەتی ئەمڕۆ کەسێکی تر یا لاپەڕەیەک و حیزبێکی دیکە نابینم جێگای ئومێدێکی کەمیش بێت**

جڵەوی دەسەڵاتی لەدەست دەربێنن، بەناوی پاراستن لە دەستووری تورکیا، جێی ئاماژە پێکردنە ئەم دوو پارتە ژمارەیەکی بەرچاویان هەیە لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا، بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە زۆرینە بەدەست بێنن بەرامبەر هێزە ئیسلامییەکان لە رۆژانی سەرکەوتنی پارتی رەفاە بە سەرۆکایەتی ئەربکان تا سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەکردن بە سەرۆکایەتی عەبدوڵڵا گول و رەجەب تەیب ئەردۆغان، بەڵام وادیارە ئەم دوو پارتە تائێستا کاریگەرییان ماوە لەسەر رەوشی سیاسی تورکیا بەتایبەتی لەدژی کورد و نەتەوەکانی دیکە، هەروەکو لەبەرامبەر قسەو بۆچوونەکانی حکومەتی تورکیا دەربارەی کێشەی کورد نارەزاییەکی زۆر توونديان بەکارهێنا تا رادەیەک باخچەلی ئامادە نەبوو لەگەڵ بەڕێز سەرۆک وەزیران کۆبوونەوە بکات لەسەر بۆچوونەکانی حکومەتی تورکیا دەربارەی کێشەی کورد.

٤- رێکخراوی "ئەرگەنەکۆن" ئەمانەش بریتین لەچەند لایەنێکی سەربازی و ئەمنی ناوەوەی تورکیا ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر و پلەداری ناوەوەو دەرەوەی سوپایان لەگەڵدایە بەهاوکاری و هاندانی هەندێ وڵات و رێکخراوی دەرەکی هەوڵدەدەن دەسەڵات بگرنە دەست و بەرژەوەندی تورکیا ببەستنەوە بە وڵاتانی دەرەوە، هەربۆیە ئەم رێکخراوە کە بەنهێنی کاری سیاسی و توندوتیژی دەکەن دژی هەموو داخوازییەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی تورکیاو مافی مرۆڤ و بانگەشەی دیموکراتییەتن و خۆشیان خستۆتە سەنگەری دوژمنایەتی لەگەڵ حکومەتی ئێستای تورکیا دژی هەنگاوە باشەکانیان کار دەکەن.

٥- رێکخراوەکەی "فەتحوڵڵا گولەن" کە رێکخراوێکی ئیسلامی سیاسی میانڕەوەو لە هەوادارەکانی ئەمریکاو ئەوروپایە.

ئەم رێکخراوە ناسراوە بە فەتحوڵلاچییەکان یان گولەنییەکان، فەتحوڵڵا گولەن پێناسەی تورکەو تەمەنی لە حەفتا ساڵ کەمترە لەساڵانی پێش ١٩٩٠ خاوەن بیروباوەڕی نەتەوایەتی تورکی تەسک بوو لەگەڵ پارتە شۆڤێنییەکانی تورکیا هاوکاری دەکرد، لەپاشان وردە وردە لە پارتە ئیسلامییەکان نزیک بووەو یامەتی دەدان هەروەک لە سەرکەوتنەکەی نەجمەدین ئەربکان "پارتی رەفاە" و بەڕێز ئەردۆغان پارتی "داد و گەشەکرن" لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا لەپاش ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧ کە پارتی رەفاە قەدەغەکراو نەجمەدین ئەربکان بەندکرا، فەتحوڵڵا گولەن چووە ئەمریکاو تائێستاش لە ئەمریکا ماوەتەوەو کاری سیاسی دەکات و زیاتر لە ٢٠-٣٠ قوتابخانەو زانکۆی جۆراوجۆری لە تورکیاو کوردستانی عێراق و لوبنان و پاکستان و تورکستان کردۆتەوەو زیاتر لە ١٠-١٥ کەناڵی تەلەڤزیۆنی و رۆژنامەی هەیە واتا پشت دەبەستێ بە رێگای ژیانی مودێرن و خوێندەواری ئەمەش بە پاڵپشتی ئەمریکاو ئەوروپاو رێکخراوی "یونسیف" هەربۆیە وا مەزەندە دەکرێت کە فەتحوڵڵا گولەن

کاندیدی ئەمریکاو ئەورپا بێت بۆ سەرکردایەتی تورکیا، چونکە ئیسلامیێکی سیاسی میانڕەوی تورکەو دژی چەپ و تیرۆرەو لە کردەوەکانی ئێستای پارتی داد و گەشەکردن بێدەنگ نییە.

٦- هێزە چەپڕەوو نەتەوە دیموکراتخوازەکان و سەندیکای رێکخراوەکانی وەک کرێکاران و قوتابیان و ژنان کە ئەمانەش لە دوور و نزیک بەشدارن لەگشت دامودەزگاکانی تورکیاو کاریگەرییان لەسەر کارەکانی حکومەتی تورکیاو رۆژانەش نارەزایی جۆراوجۆ نیشان دەدەن لەسەر کارەکانی حکومەتی تورکیا بەتایبەتی لەسەر شەڕ لە کوردستانی تورکیاو قەیرانی ئابووری و بیروباوەڕی شۆڤێنی تورکی و سوپا سالاری.

٧- ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوی بچووک بچووک، کە بە ئارەزووی رێکخراوە فاشستەکان و دوژمنانی ئیسلام و دیموکراتیەت و ئاسایش و خۆشگوزەرانی تورکیا پیلان و کردەوەی توندوتیژ رەفتار دەکەن.

بەڵێ ئەمە رایەڵ و نەسیجی کۆمەڵگای تورکیای سیاسی و نەتەوایەتی و دینی و مەزهەبی، قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتیش کە رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپی دەچێت هەڕەشەیەکی گەورەو ترسناکە لەسەر تورکیاو حکومەتەکەی بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆغان.

بۆیە دەبێ باش بزانین کە حکومەتەکەی ئێستای بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆغان دوژمن و نەیارێکی زۆری هەیە لەناوەوەی وڵات، بەڵێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا زۆرینەیان هێناوەو دەتوانن یاساو بڕیاری جۆراوجۆر وەربگرن، بەڵام ئەم بڕیارانە جێبەجێ ناکرێن و بەتایبەتی ئەگەر لەبەرژەوەندی سوپاو پارتی گەلی کۆماری و جوڵانەوەی نەتەوەیی تورک نەبێت، چونکە دەرگای کودەتا هەمیشە کراوەو ئامادەیە بەسەر هەر دەسەڵات و پارت و حکومەتێکی دژ بە هەڵوێستەکانی سوپای تورکیاو نەتەوە پەرستەتووندڕەوەکان، واتا

حکومەتی بەڕێز ئەردۆغان سەروەر و سەربەخۆ نییە لە کارو بڕیار و رەفتارەکانی، لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکەی خۆمان، ئایا چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە بەرژەوەندی تورکیای ئێستاو حکومەتەکەی ئەردۆغانە یا پێچەوانەیە، ئایا بانگەشەکانی بەڕێزان عەبدوڵڵا گول و رەجەب تەیب ئەردۆغان بیروباوەڕ و ئامانجە یان پیلان و فرت و فێڵە؟؟ بەلای ئێمەوە ئەو بانگەشانەی چەند مانگی رابردوو لەلایەن لێپرسراوانی حکومەتی تورکیا بەتایبەتی بەڕێز عەبدوڵڵا گول و ئەردۆغان کە چەندجار بەرامبەر ئەنجومەنی تورکیاو کۆبوونەوەی حیزبەکەیان و لەناو زانکۆکانی ئەمریکاو ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیاو دواجار لە کۆبوونەوەی دەوری نەتەوە یەکگرتووەکان و هاتنی بەڕێز ئەحمەد تورک بۆ پایتەختی کوردستانی عێراق "هەولێری سەربەرز و خۆشەویست" لەگەڵ شاندێکی حیزبی خۆیان و

کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی لەسەر چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی کوردستانی تورکیاو هاتنی چاوەڕوانکراوی بەڕێز ئەردۆغان بۆ بەغداو هەولێر لەم رۆژانەو بەهێزبوون و پەرەسەندنی پەیوەندییە بەرچاوەکانی ئابووری لەنێوان تورکیاو کوردستانی عێراق و هەموو ئەو لێدوان و بانگەشانە لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتی تورکیا لە فرت و فێڵ و ساختەکاری ناچێت، چونکە حکومەتی تورکیا ئەجندەی تایبەتی خۆی هەیەو زۆرباش دەزانێت ئەگەر لەگەڵ کورددا دۆستایەتی دروستبکات دەتوانێ بەرامبەر نەیارەکانی بوەستێ،


سەرەڕای چارەسەرکردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا بەتایبەتی کە بۆشیان دەرکەوت لەماوەی ٢٥ ساڵی رابردوو نەتوانرا جوڵانەوەی کورد خەفە بکەن بەهێز و چەک و جبەخانەی تورکیاو پەیمانی ناتۆ لە ئەنجامدا زیاتر لە ٤٤ چل و چوارهەزار کوژراوو بریندار و ماڵوێرانی و خەرجکردنی زیاتر لە پەنجا ملیار دۆلار و پاشکەوتنی ژێرخانی هەموو تورکیای لێکەوتەوە، جگە لە دواخستنی ئەندامییەتی تورکیا لەناو یەکێتی ئەورووپاو ریسوابوونی تورکیا لەنێو دەوڵەتانی جیهان، کە بچوکترین مافی مرۆڤ و دیموکراسی پێشێل دەکەن. هەر لەبەر ئەم راستیانە نابێ هەنگاوەکانی کاربەدەستانی تورکیا "بەتایبەتی لەم کاتەدا" بە کەم و بچووک و فرت و فێڵ لە قەڵەم بدەین.

پاش لێدوانەکانی سەرۆکایەتی حکومەتی تورکیا دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و گەرم بوونی هاتووچۆکردن لەنێوان حکومەتی تورکیاو حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەگەری کردنەوەی قونسوڵییەتی تورکیا لە پایتەختی هەرێمی کرودستان لە هەولێرو زۆر هەنگاوی دیکە وا دەرکەوت، کە سوپای تورکیا لەگەڵ تووندڕەوە نەتەوەپەرستەکان هەناسەیان گیراو چاویان تاریک بوو بەرامبەر هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، هەربۆیە کەوتنە خۆیان بۆ سازدانی کودەتا لەسەر حکومەتی تورکیاو پارتی عەدالەت بۆیە زوبەزوو بەپەلە بەڕێز ئەردۆغان لە سەرەتای مانگی ٢٠٠٩/٩ بانگهێشتی ئەمریکا کراو لە هەوڵدانی کودەتا ئاگادارییان کردەوە، بۆیە ئامۆژگاری ئەردۆغانیان کردووە، کە پەلە نەکات لە هەوڵەکانیان دەربارەی کێشەی کورد

دەبێ سەرۆکەکانی سوپای تورکیا بەتایبەتی بەڕێز باشبوغ سەرۆکی ئەرتەشی تورکیا دڵنیا بکات، کە دژی بیروبۆچوونەکانی سوپا رەفتارناکات، هەربۆیە هەستدەکەین حکومەتی تورکیا لە هەوڵەکانی سارد بۆتەوە، بەڵام پەشیمان نینە هەرچەندە زۆرێک لە داخوازییەکانی سوپای تورکیای جێبەجێکرد، هەروەک درێژکردنەوەی هێرش بردنە سەر خاکی کوردستانی عێراق بۆماوەی ساڵێک دژی پەکەکەو جوڵانەوەی کورد، هەروەها داواکردنی سەرۆکەکانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بەڕێز ئەحمەد تورک بۆ دادگایی کردنیان، هەروەها تۆقاندنی گەلی کورد بە کوشتنی کیژۆڵەی کورد "جیلا ئەنکول"ی تەمەن ١٣ ساڵ لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٩، دیسان لە رۆژانی ٥ تا ٢٠٠٩/١٠/١٠ ناوچەکانی زاب و شرناغ لەکوردستانی تورکیا کەوتنە ژێر هێرشە دڕندانەکانی سوپای تورکیا.

جا لێرەدا بەراشکاوانە دەڵێم: بەڕێز عەبدوڵڵا گوڵ و بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆغان لاپەڕەیەکی تازەو دۆستانەیان کردەوە دەربارەی کێشەی کورد، لەوان زیاتر بەتایبەتی ئەمڕۆ کەسێکی تر یا لاپەڕەیەک و حیزبێکی دیکە نابینم جێگای ئومێدێکی کەمیش بێت، جا بۆیە پێموایە دەبێ بارودۆخی تورکیاو حکومەتەکەی و پارتی داد و گەشەکردن بە زانستیانە هەڵسەنگێنین و لەتوانای خۆیان زیاتریان لێ داوا نەکەین و دۆستایەتییەکەیان لەگەڵ کورد نەدۆڕێنین، با پلە پلە رۆژ بەڕۆژ یارمەتیان بدەین بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکەیان لەگەڵ نەیارەکانیان، چونکە ئەنجامی گرژی و توندی لەنێوان پارتی داد و گەشەکردن و سوپای تورکیا بێگومان لەناوچوون و نەمانی حکومەتەکەی ئەردۆغانە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانیان دەربارەی کێشەی کورد و هەموو ریسەکان دەبنەوە بە خوری و کوردستان دەکەوێتەوە ژێر هێرشەکانی سوپای تورکیاو ماڵوێرانی و کوشتن و سوتان و دەربەدەری هەموو ناوچەکانی کوردنشین دەگرێتەوە بەکوردستانی عێراقیشەوە.

٢٠٠٩/١٠/١٥



# فەرهەنگی ناوو نازناوو ناوو ناتۆرە

**نازناوی پیشەییە نوێیەکان**

١– تۆڕنەچی: ئەوی بە تۆڕنە کار ئەنجام دەدات، حەیدەر تۆڕنەچی.
٢– تەنەکەچی: کاری چاک کردنەوەی بەدەنی ئۆتۆمبێلە، تەحسین تەنەکەچی، عومەر تەنەکەچی.
٣– سیتەچی: کاری چاکردنەوەی "کەوەر"ی ئۆتۆمبێلە، ئیبراهیم سیتەچی.
٤– حەداد: کاری گۆڕین و چاکردنەوەی بنەوەی ئۆتۆمبێلە، وەستا فاروقی حەداد.
٥– فیتەر: ئەو وەستایەی مەکینەی ئۆتۆمبێل دەکاتەوە، حاجی عەزیزی فیتەر.
٦– وایەرمەن: ئەو وەستایەی کاری وایرو لایت و..هتد ئۆتۆمبێل دەکات، وەستا هیوای وایەرمەن.
٧– سیکرابچی: ئەوەی کەل و پەلی کۆنەی ئۆتۆمبێل دەفرۆشێ. عەلی سیکرابچی.
٨– رادێتەچی: کاری دروست کردن و چاکردنەوەی رادێتەیە. وەستا کەنعانی رادێتەچی.
٩– واشەر بڕ: ئەو کەسەی لە فایل و جاین واشەر دروست دەکات. وەستا نافیعی واشەر بڕ.
١٠– رۆن گۆڕ: ئەوکەسەی رۆنی ئوتومبیل دەگۆڕێ، وەستا عەدنانی رۆن گۆڕ.
١١– جامچی: ئەو کەسەی کاری جام گۆڕینی ئۆتۆمبێلە. وەستا بەکری جامچی.
١٢– پەنچەرچی:. ئەوەی تایەی ئۆتۆمبێل چاک دەکاتەوە. چاوشین پەنچەرچی

**نازناوی سەرۆک دەوڵەت.**

نازناوی سەرۆکی دەوڵەت هەر دەوڵەتێک نازناوێکی تایبەتی داوەتە سەرۆکی ئیمپراتۆر یان دەوڵەتەکەو بووەتە نازناوی سەرۆکی دەوڵەت.
١– سوڵتان: نازناوی خەلیفەی عوسمانیان بووە لەسەرەتای ناوەوە هاتووە، کە لە ئەستانە دادەنیشت، سوڵتان سەلیمی دووەم، سوڵتان عەبدولحەمید.
٢– سەدر: لەقەبی سەرۆک وەزیرانی سوڵتانی عوسمانی بووە.
٣– خونکار: نازناوی خەلیفەی سوڵتانەکانی عوسمانی بووە.
٤– فەغفور: لەقەبی پادشایانی چین بووە.
٥– قەیسەر: نازناوی پادشایانی رۆم و روسیاش بووە.
٦– مەلیک: پلەی شایە، مەلیک غازی، مەلیک مەحمود.
٧– شا: لەقەبی فەرمانڕەوای ئێران بووە. لەبەر فەرمانی شا وەدەرکەوت، شەرەف ل٦١٦.
٨– شاهنشا: شای شایان.
٩– شازادە: نەوەی شا.
لێرەدا شازادە سەلیم خان والی سارۆخان. سیاسەت– ل١٩٣
نازناوی خێوی "خاوەن" قەڵای دم دم
لەبەر ئەوەی ئەمیرخان خاوەنی قەڵای دم دم مرۆڤێکی ئازاو نەترس و بە جەرگ بوو لەشەڕێک لە شەڕەکان دەستێکی پەڕی، بۆیە زۆر نازناوی هەبووە، پاش ئەوەی دەستیان لە زێڕ بۆ دروست کرد بەم شێوەیەی خوارەوە. نازناوی هەبووە:
١– ئەمیرخانی برادۆست ٢– خانێ لەپ زێڕین ٣– خانی جنگ زێڕ ٤– ئەمیر خانی یەک دەست ٥– ئەمیرخانی چۆلاق



عەبدولوەهاب شێخانی

شا: دەستووریشی دا کە زێڕینگران لە زێڕی سووری بەگەوهەر نەخشێندراو دەستێکی بۆ ساز بکەن جا دروستکراو لە قۆڵی بەستراو بەمجۆرە بووە خانی لەپ زێڕین.. موکریان–ل٧٢
––نازناوی خانیشی پێدا.. موکریان– ل٧٢
ئەمیرخان دەستێکی لە ئانیشکەوە پەڕی ناوبانگی بە ئەمیر خانی چۆلاق رۆیشت....تحفە– ل٢٦

**نازناوی چینایەتی**

لە کوردستان قۆناغی دەرەبەگی لە ئارادا بووە، دەرەبەگ خاوەن دەسەڵات بووە. عەقڵی دەربەگایەتی حاکم بووە، بۆیە کۆمەڵ دابەش بووە بەسەر دوو چینی سەرەکی:
١– چینی دەرەبەگ، چینێکی زاڵم و حوکم بە دەست بووە، لە زەمانی عوسمانی زۆر لەبرەو دابووەو دووەمیش کە لە هەر ناوچەیەکی کوردستان ناوێکی پێ گوتراوەو چینی چەوساوە بووەو ژێر دەستە بووە، لە ناوچەی هەولێر کرمانجی پێدەڵێن و لە ناوچەی بتوێن "مسکێن"ی پێ دەڵێن و لە ناوچەی باکووری کوردستان "رەعیەتی" پێ دەڵێن، هەردوو چین نازناویان زۆرە وەکو ئەمەی خوارەوە:
١– چینی دەرەبەگ: کە چینێکە لە کوردستان دەسەڵاتدار بووینە، زاڵم بووینەو خەڵکی رەش و رووتیان زۆر چەوساندۆتەوە، زۆر ناو نازناویان هەبووەو خۆیان بە زل زانیوە، وەکو ئەمەی خوارەوە:

"**ناونازناوی دەرەبەگ** "

نازناوی دەرەبەگ و براگەورەو خاوەن دەسەڵات هەریەکەیان لە ناوچەیەک فەرمانڕەوا بووینەو"پلەو پایەیان" لەلایەن شای ئێران و سوڵتانی عوسمانی بۆ دەهات، وەک نازناوێک یان بەتەنیا یان لەسەرەتای ناو دەهات یان لە دوای ناو دەهات و دەبووە نازناو بۆ هەموو کوڕو کوڕەزای دەرەبەگ.
١– میر: نازناوی بەگەکانی خۆشناوەتی بووە و ناوی نەهاتووە هەر بەمیر بانگ کراوەو ناوبانگی دەرکردووە.
٢– میران: نازناوێکە لە پێش ناوی بەگەکانی خۆشناوەتی بەکار هاتووە، میرانی قادر بەگ، میرانی عوسمان بەگ.
٣– میری میران: پلەیەک بووە دراوەتە ئەو کەسەی، کە چەند میرێکی لەبەر دەستدابووە. لە زەمانی عوسمانی لەباودا بووە.
میرە پاشا کە نازناوی میری پێدرابوو– شەرەف– ل٥٣٦
٤– یاریدەی لەسەنان پاشا میری میرانی وان خواست– شەرەف– ل٤١١
٥– میراو: ئەوەی سەرپەرشتی ئاو دابەشکردنی دەکرد لە کوردستان، حاجی مەولوود میراو.
٦– میرزادە: نەوەی میر
ژمارەیەکی زۆر لە سەرداران و میرزادەیانی عێلاتی کورد– موکریان.–ل٧٢
٧– بەگ: نازناوی دەرەبەگایەتی بوو، سوڵتان عوسمانی وەک پلەیەک دەیدا دەرەبەگ، لە دوای ناوی دەهات شێربەگ کوڕی حەسەن بەگ. شەرەف– ل٥٦٧ داوای ئەوەی کرد نازناوی "بەگ"ی پێ بدرێ. کۆر– ل٨٥.
٨– ئاغا:١– پلەیەک بوو دەدرایە دەرەبەگ و وشەیەکی تورکییە، لە دوای ناوەوە دێت و بەتەنیاش بەکاردێت. سمایل ئاغای شکاک. مێژوو.
٢– ئەوەی لە دەشتی هەولێر خاوەن ماڵاتەکی زۆر بایە دەیانگۆتێ "ئاغا" ئاغا چت لێ بشارمەوە. خاک–١– ل٢٠٠.
٩– بەگزادە: نەوەی بەگ، بەڵام لە دوای ناوی خۆی وشەی بەگ بەکار دەهێنرێ، رەسوول بەگ.
١٠– بەگلەربەگ: واتە بەگی بەگەکان، سوڵتان "ئولامە پاشا"ی کرد بە بەگلەربەگی قرمان– سیاحەت– ل١٩٣.
ئەیوب خان.. شا نازناوی بەگلەربەگی دایە– شەرەف ل٥٨٢.
١١– خان: پلەو پایەک بوو سەفەوییەکان دەیان دایە هەندێ کەس
ئا..خ عەبدی خان، ئاغا گیان– حەمەدۆک– ل٣٤٢.
حەمە ئەمین خان "خانی مەریوان"– کلاوزەڕ–ل٢٢١.
نازناوی خانی پێدرا بوو بە دەولەتیار خان– شەرەف. ل٦١٦.
١٢– وەکیل: پلەیەک بوو لە ناوچەی جوانرۆیە. حەسەن بەگ "وەکیلی جوانرۆ"
١٣– کۆخا: کوێخا: کەی خا: جێگری ئاغا لە گوندێکی تر، دەبێتە نازناو. لەسەرەتای ناوەوە دێت، کوێخا حەمکۆ، کوێخا هۆمەر، حەسەن ئاغا کێخوا فەرەجی کوردیشی لەگەڵ دەبێ... مێژوو–٢– ل ٩٨.
١٤– سان: لە ناوچەی هەورامان بەکاردەهێنرێت، واتە ئاغا. رۆستەم سان "سانی هەورامان"– کلاوزەر ل ٢٣١.
١٥– پس میر: نەوەی مالامیر ل جزیرا بۆتان، جهی میرو پسمیرو خوندکار. نووسەری کورد ژمارە –٧– ل ٥٠.
١٦– جەناب: نازناوێک بوو دەوڵەتی عوسمانی دەیدا پیاوماقوڵانی خۆی:
لە پاداشتا فەرماندرا کە نازناوی جەنابیان بۆ ئیجاد بێ. شەرەف ل ٤٤.
١٧– پس ئاغا: ئاغای لێ کەوتوو.
١٨– چەلەبی: نازناوی پیاوی دەوڵەمەند، نەجیب تاهیر چەلەبی. مێژوو٢– ل ٧٧.
١٩– نەقیب: پلەیەکی دینییە کە دەدرا شێخ و سەیدان، حەپسەخانی نەقیب.
٢٠– قەفتان: دکتۆر کاوس قەفتان.
٢١– پاشا: پلەیەکی عەسکەری بووە لە زەمانی عوسمانی و لەدوای ناوی ئەو کەسە دەهات، چووە ماڵی "عەلی پاشا"ی دوغرەمەچی– مێژوو–ل١٤٦.
٢٢– ئەفەندی: لەتەک ناوەکانی. دەسەڵاتداران هاتووە.
٢٣– ئەفەندی زادە: نازناوی پیاوی دەوڵەت بووە.

بەشی حەوتەم

# هونەرو هەڵوێستی بەرزی کوردو پێشمارگایەتی لە مەدالیای ئیفتیخاردا



بزەی هاتێ گووتی، رووناکە ئاسۆم
وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نییە "مێدالی ئیفتیخارە"
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم
کەتۆ تۆرای لە چاوان وەک خەوی من
لەبسکت رەشترە مانگە شەوی من
بڕۆمەجنوون بەلەیلاکەی خۆت مەنازە
کەناوبانگی پتر رۆی ئەوی من

١– عەریف عوسمان کوڕی قەلاو منارە، پاڵەوانی شۆڕشی ئەیلوول، کە پێشمەرگەی دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی و قەراج و کەندێناوە، دامەزرێنەری شۆڕشی چەکداری لەگەڵ هاوڕێیانی هەولێری لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە چیای سەفین، عومرێک لە خەبات و تێکۆشاندابوو. دوای رووخانی شۆڕش هاتەوە بۆ خۆی کاسبی دەکرد، رۆژێک لەسەر جادەی کەرکووکێ ئۆتۆمبێلێک لە کاک عەریف عوسمانی دا. دوو خزمی خۆشی لەگەڵدا بوو هەر کە لەبن ئۆتۆمبێلەکەیان دەرهێنا بەخزمەکانی گوت کوڕینە ئەگەر هاتوو من مردم، کەس دەنگ لەگەڵ ئەو شوفێرە نەکات، ئەوە قەزاو قەدەری خوایە رەت نابێ، من دەبێ بەو کارەساتە بڕۆم، گەیاندیانە نەخۆشخانە، ئەو مرۆڤە خاوەن هەڵوێستە گیانی لە دەست دا. خزم و کەس و کاری "شوفێریان" ئێزن دا، هەزار مەدالیای ئیفتیخاری بۆ هەڵوێست لە گەردەنی بەرزت دەکەین مام عەریف عوسمان. تێکۆشەری شۆڕش و کوردایەتی تەنها بەخەڵکی پاک و دڵسۆزو کوردپەروەر کراوەو کردوویانە.
٢– مامە رووت "عەبدولڕەحمانە رووتە" لە ساڵی "١٩٨٨" رۆژێک تووشی بووم لەگەڵ "دڵپاکی" کوڕی بوو، گوتی: بابچین بۆ قەزای هەولێر.
لە رێگادا بە دڵپاکی کوڕی گوت پارچەیەک پاکەتە سۆمەر بکڕە. چووینە لای ئەفسەری خەفەر. بە ئەفسەرەکەی گوت ئەو "سایەق قەلابە"ی بەردە. ئەفسەرەکەش گوتی ئەوەی لە کۆیێ لەو زەلامەی داوە، گوتی بەڵی. جا گوتی "مامە" ئەو کوڕە زۆر خەتەرەو لە نەخۆشخانەیە، چۆن هاتووی بۆ بەردانی "شوفێر"ەکە، مامە رووتە گوتی بریندارەکە کوڕی منە. ئەفسەرەکە تووشی سەرسورمان بوو، گوتی کورت لەو وەزعە خەراپەیە هاتی دەڵێی "شوفێر" بەردەو هیچمان لەگەڵی نییە، گوتی: بەڵێ، ئەفسەرەکە هەستاوە مامە رووتی ماچ کرد.
مامە رووت گوتی ئەو پارچە جغارەی بدێ و پێی بڵێ نەیەتەوە لای من، کە هاتینە دەرەوە، بە مامە رووتم گوت: بۆ وات کردو وات گوت: گوتی مامۆستا عەبدولوەهاب من پیاوی سولحم، نابێ کەس بێ بە من بڵێ و رجام لێ بکات بۆ بەردانی. دەبێ بەبێ پێ گوتن خۆم بەریبدەم و کەسیش پێی نەزانی.
هەزار سەربەرزی و مەدالیای ئیفتیخاری بۆ مامە رووت و هاوڕێیانی
٣– سەلاح محەمەد، گۆرانیبێژ. لە ساڵانی "٨٠"دا لەوپەڕی دەست کورتی و هەژاریدا بوو. بەڵام لەوپەڕی رەوشت بەرزی و کوردایەتیدا بوو، هەموو مناڵەکانی وردبوون و لە دانیشگا دەیان خوێند. ئەوەندە پێیان گوت تەنیا یەک گۆرانی بەسەر (قادسیەو سەدام)دا بڵێ، پارچە زەوییەکی باشت دەدەینێ و ژیانت دابین دەکەین، کاک "سەڵاحی" هونەرمەندو کوردپەروەرو دڵسۆز و بە ئەخلاق، هەر وەڵامیشی نەداوەو دەیان جار دەیگوت بە هەژاری دەژیم، بەڵام پاداشت و زەوی بەعسم ناوێ، هونەرو گۆرانی کوردی نافرۆشم، وەکو ئەو موسیقارو هونەرمەندانەی کە هیچ ویژدانی کوردایەتیان نییە.
سەد هەندە لە کاک "سەڵاح محەمەد"و بنەماڵەکەی و براکانی کاک مەلا حەسەن و کاک سەعدوڵڵا و ئەوانی تر. کاک "مەلا حەسەن" برای کاک سەلاح، مام عەوڵا لەسەر ئەو کەمئەندامییەی خۆی بەدەیان جار یارمەتی پێشمەرگەی داوەو لەکاتی زۆر خەتەر بەهانای پێشمەرگەوە هاتووە.
٤– گۆرانی "درۆیە گەر بڵێم ئاگام لە خۆیە" شیعرو ئاوازی مامۆستای پایەبەرزی کوردپەروەر کاک خالید دلێرە، برای شەهیدی مەزنی گەلەکەمان "مامۆستا جەعفەرە". کاک ئازادی خوارزای کاک خالید زۆر برادەرم بوو، لە پێشمەرگایەتی لە گوندی نازەنین هاتە لام و ماوەیەکی زۆر لەلام مایەوە. باس هاتە سەر ئەو شیعرو ئاوازە و گوتنی کاک "سەڵاح محەمەدی" بەڕێز.
گوتی ئەو شیعرە "خاڵم خالید" لەسەر "خاڵە جەعفەری" دانایە، لەو شیعرەدا ئەو کات و ساتە باس دەکات کە پێش لە سێدارەدانی "کاک جەعفەر"ە، کە کاک خالید دیویەتی و لە باوەشی گرتووەو پرچی جوان و بۆن خۆشی مامۆستای گەورەمان کاک جەعفەر لە دەستی دابووەو لە باوەشی خۆی گرتووەو هیچ ئاگای لە خۆی نەماوە، کاک خالید کە لە شیعرەکەدا، تەواوی ئەوکات و ساتە ناخۆشە زۆر بەوردی باس دەکات و کاک سەڵاحی هونەرمەندیش بە دەنگە بەسۆزەکەی چاکی دەڵێت و کاک وریاش مۆسیقای بۆ دەژەنێ.
نەمری و سەربەرزی بۆ شیعرەکە و ئاوازەکەو گوتنی و شەهیدی هەمیشە زیندوو کاک"جەعفەر"
٥– لە گوندەکی دەشتی هەولێر بوو بەشەڕ لەگەڵ کۆپتەر، بە شەهید مەلا ئاراسیان گوت وەرە ژوورێ، کۆپتەر لێتدەدات، مەلا ئاراسیش زۆر بێ باکانە "بی کەی سی"یەکەی دەست دایێ و گوتی بزانم نایخەم، داخەکەم پێش ئەوەی مەلا ئاراس تەقە لە کۆپتەرەکە بکات، کۆپتەرەکە لێیداو شەهیدی کرد. نەترسی لە مردن و قارەمانی و ئازایی شەهید کاک مەلا ئاراس لە رادە بەدەر بوو، خۆی دەی گوت "٣١"مین پێشمەرگە بوویمە لە شۆڕشی نوێدا.
– لە ساڵی "١٩٨٣" لە چالاکییەکی پێشمەرگایەتیدا، پێشمەرگەکی "غەریب عەسکەری" قاچی بریندار بوو. لە بالیسان گوتیان ئەو برینە لێرە چارەی نییە. وا بمێنێتەوە دەمرێ، مامۆستا "محەمەد کەریم جوکل" لە گوندی ئالانە مامۆستا بوو، گوتی: من دەیبەمە هەولێر، لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دایناو کیتابێکی بۆ کرد، کە ئەمە فەراشەو هێشتا هەویەی وەرنەگرتووە. بە ناو ئەو هەموو "بازگەیەی بەعس" هێنایە هەولێر، ماڵێکیان بۆ دەست نیشان کرد. بردییە ئەوێ، تاچاک بووەوە بە هەمان شێوە بردییەوە گوندی "توتمەی"ی بن بالیسان.
٦– عەریف "سەمەد" باوکی مەحمودی فیتەرو زاوای کاک شێرزاد فوادو عارف فوئادە. ئەویش یەکێک بوو لە تێکۆشەرە دێرینەکانی شاری هەولێری خۆراگرو میوان دۆست و بەئەمەک. یەکێک بوو لە هەڵگیرسێنەری شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ مام عەریف سلێمان و "تەها" رەشی شەقڵاوە و ئەنوەر جۆخین و کاک شەمسەدین موفتی، دوای هەرەسی شۆڕش هاتەوە هەولێر.
خزمەکانی گوتیان چەندین جار پیاوی بەرپرسی بەعس ناردیانە دوای، کە بۆیان ئیش بکات و "مەفرەزە"تەشکیل کات. دەیان گوت هەمووجار دەیگوت: من نەخۆشم تاقەتی ئەو کارانەم نەماوە.
دەهاتەوە دەیگوت من چۆن ئەو هەموو کوردایەتییەو تێکۆشانە بەخیانەت دەگۆڕمەوە.
مرۆڤ چۆن دەبێ ببێتە پیاوی دوژمن، لە کۆتایی ژیانی ئەوەندە "موتەئەسیر" بوو بەهەرەسی شۆڕش و کوردایەتی تا"شێت بوو". بەڵێ ئەو تێکۆشەرە لە داخی بن دەستی کورد مێشکی تێک چوو.
مەدالیای ئیفتیخاری بۆ ئەستۆی بەرزت مام عەریف سەمەدی تێکۆشەرو کوردپەروەر.
٧– ئەو مامۆستا "بەکرە لەساڵی" ١٩٨٣ لە گەڕەکی مفتی لەماڵی مامۆستا مەلا کەریمی برای شەهید حەیدەر جوکل بوو لەوکات و ساتە دا "دائیرەی ئەمنی بەعس" هات ئەو ناوەی تۆق کرد. بووە مشەوەشی، مامۆستا کەریم گووتی ئەوە چییە؟ گوتیان دائیرەی ئەمن ئێرەی تۆق کردییە. مامۆستا بەکریش لێرەیە، مامۆستا کەریم گوتی کلانشکۆفەکی بدەنە من، ئەگەر لۆ لای ماڵی مە هاتن یەکسەر تەقەیان لێ دەکەم.
لەو کاتەدا کاک فەرهادی زاوای کاک مەلا کەریم هات بۆ ماڵیان و بەوەزعەکەی زانی.
مامۆستا بەکری خستە سندوقی ئۆتۆمبێلەکەو بەناو "تۆقەی دائیرەی ئەمنی"دا برد هەتا گەیاندییە پشت کەسنەزان و گوتی دابەزە مامۆستا بەکر. سەربەرزی بۆ خێزانی مامۆستا مەلا کەریم جوکل و کاک فەرهادو مامۆستا بەکریش.
٨– مام عەریف سلێمان لەپەرتووکی لە دەنکە گەنمەوە بۆ گوڵە گەنم دەڵێت مامۆستای کوردایەتی من کاک تاهیر حاجی بووە.
تاهیر حاجی کوڕی شاری هەولێر لە ساڵانی چلەکان چووەتە رێزی کوردایەتی و کوردایەتی کردووە، ئەو عەریف سلێمانی تێگەیاندووەو پێ گەیاندووە، پێش چوونە ناو پارتی لە حزبی هیوا کاری کردووەو حزبی هیوابووە، "مام تاهیر حاجی" دوای خۆی لە خەبات و تێکۆشان کوڕەکانی هاتنە رێزی خەبات و تێکۆشان کاک "مزەفەر چاوشین" لە ساڵانی "١٩٧٨" پەیوەندی بە شۆڕشی نوێ کردووە.
دوای ئەو "کاک سەرداری" برای لە رێکخستن کاری دەکردو گیراو "٢٠" ساڵ حوکمی بەسەردا سەپێنرا.
هەروەها شاخەوان تاهیر حاجی لە مەکتەبی راگەیاندنی شۆڕش لەساڵانی ١٩٨١–١٩٨٢ بەشداری کردووە.
دوای ئەوان کاک "دلشێر" ئەمری گرتنی بۆ دەرچوو، بە "عجوبە" نەگیراو خۆی گەیاندە ناو شۆڕش و کوردایەتی، زۆری وەکوو "تاهیر حاجی" ئەستوندەکی خەبات بووینەو کەسیش باسیان ناکات، دەتوانین رۆڵی ئەم کەڵە مێردە لەم خاڵانەدا

### بە ئامادە بوونی پارێزگاری شاری لایبنیش

# کۆنسێرتێک بۆ یادی ئەستێرە نەکوژاوەکانی ئاسمانی هونەری کوردی

**ئا: کاکۆ**

**ڕۆژی دەی ئەم مانگە لەشاری لایبنی وڵاتی هۆڵەندا بەبەشداری نزیکەی سەد هونەرمەندی مۆسیکژەن و گۆرانیبێژی کورد و هۆڵەندی کۆنسێرتێکی زۆر گەورەو ڕازاوە بۆ یادی دەیان لە هونەرمەندە نەمرەکانمان بەرێوەچوو، جێگەی داخە ئەم کارە مەزنە، هەرچەندە بە ئەرک و ماندووبوونێکی زۆری کۆمەڵێک هونەرمەندی ماندوونەناسەوە هاتە سازکردن، بەڵام لەسەر ئاستی میدیای کوردی ئەو دەنگ و سەدایەی نەبوو، لەکاتێکدا ئەنجامدانی کاری لەم چەشنە دەبێ بە بەرزی بنرخێنرێ و بایەخی تایبەتی پێ بدرێ. بە مەبەستی زیاتر تیشک خستنە سەر ئەم کارە جوانە رووی کۆمەڵێک پرسیارمان کردە هونەرمەندی لاو دەشتی کەلهوڕی بۆ ئەوەی وردەکارییەکانی ئەم کۆنسێرتەمان بۆ روون بکاتەوە. دەشتی کەلهوڕی یەکێکە لەوهونەرمەندە تازە پێگەیشتوانەی، کە سەرەڕای هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەشداری لە زۆر چالاکی هونەری گۆرانی و مۆسیقای لەدەرەوەی وڵات کردووە. دواکارێک بەشداری کردنی بووە لەم کۆنسێرتەی وڵاتی هۆڵەندا.**

**سەرەتا لێمان پرسی ئامانج لەسازدانی ئەم کۆنسێرتەدا چی بوو؟**

– ئەم کۆنسێرتە ئامانجی یادو بەسەرکردنەوەی هونەرمەندە نەمرەکانمان بووە، ئەو هونەرمەندانەی کەبناغەیان بۆ ئاوازو میلۆدی کوردی داناوەو کولتووریکی گرانبەهای نەتەوەکەمانیان لە فەوتان پاراستووە.

*** کێ بەکاری سازدانی ئەو کۆنسێرتە هەڵسابوو؟**

– ئەم کۆنسێرتە لەلایەن سەنتەری نەورۆزەوە بە هاوکاری مامۆستا نامدار قەرەداغی سازکرابوو، سەنتەری نەورۆز سەنتەرێکی کوردییە لە هۆڵەندا کار بۆ فەرهەنگ و هونەری کوردی دەکات، بەڵام لایەنی هونەری ئەم کۆنسێرتە لەلایەن مامۆستا نامدارەوە سەرپەرشتی دەکرا.

*** چەند تیپ و گرووپی هونەری لەم کۆنسێرتە بەشدار بوون؟**

– ئەوانەی بەشداری ئەم کۆنسێرتەیان کرد چەند تیپێک بوون لەوانە تیپێکی سەمفۆنیا، کە لە ٣٥ مۆسیکژەنی هۆڵەندی پێکهاتبوو، هەروەها تیپی کۆڕاڵی (لینگوا مۆسیکا) ی هۆڵەندی، کە لە ٣٠ ئەندام پێکهاتبوون، ئەم کۆڕاڵە، کە هەموویان هۆڵەندی بوون، گۆرانییە کوردییە فۆلکلۆرییەکانیان بە زمانی کوردی دەوتەوە، هەروەها تیپی ئۆرکێسترای نامۆ، کە لە ٢٥ هونەرمەندی جەوانی کورد پێکهاتبوون و مامۆستا نامدار سەرپەرشتیان دەکات. بنەماڵەی هونەرمەندی زەهاوییەکانیش لەگەڵ هۆڵەندییەکان بەشداریان کردبوو.

*** ئەی گۆرانی بێژانی کورد؟**

– لەو هونەرمەندانەی بەشداری ئەم کارەیان کردبوو بریتی بوون لە مامۆستا ناسری ڕەزازی، خاتوو پەیمان عومەر، خاتوو دڵنیا ڕەزازی، کاک گۆرانی ئیبراهیم خەیات، کاک نیازشەیداو من. هەروەها هەوڵدرابوو چەندین هونەرمەندی تر بەشداری بکەن، بەڵام بەداخەوە هەریەکەیان لەبەر هۆیەک نەیانتوانی بوو، بۆ نموونە مامۆستا حەمە جەزا یەکێک بوو لەوانەی، کە دەبوایە بەشداری بکات، بەڵام لەبەر باری تەندروستی نەیتوانی بەشدار بێت.

*** چۆن ئەو هەماهەنگییە لەنێوان هونەرمەندانی کوردو هۆڵەندی ئەنجام درابوو؟**

– ئەنجام دانی ئەم کارە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ مامۆستا نامدار قەرەداغی، مامۆستا نامدار دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای مەولەوی و تیپی مۆسیقای منداڵانی بێخود . لەساڵی ١٩٨٢ ەوە لە هۆڵەندا دەژی، لە بواری مۆسیقادا بڕوانامەی خوێندنی باڵای لە زانکۆی هیلبەرسۆن بەدەست هێناوە. ئێستا مامۆستای مۆسیقایە لە قوتابخانەی ناوەندی و دوا ناوەندی لەشاری ئەمستردام و ئامسفۆرددا. لەبەر ئەوە لەمێژە پەیوەندی باشی لەگەڵ هونەرمەندان و موسیکژەنانی هۆڵەندی هەیە، ئەو پەیوەندییە ڕێگە خۆشکەری ئەوە بوو، کەوا بتوانرێ ئەو ژمارە زۆرە لە هونەرمەندانی هۆڵەندی بێن لەم کارە کوردییە بەشدار بن. مامۆستا نامدار هەمیشە وەک پێشمەرگەی ون خەریکی ئەنجام دانی ئەم کارە مەزنانەیە.

*** لەو کۆنسێرتەدا یادی چەند هونەرمەند کرایەوە؟**

– بەرنامەی یادەوەرییەکە بریتیبوو لە وتنەوەی گۆرانییەکانی ئەو هونەرمەندە نەمرانەی کە گۆرانییەکانیان ئێستاش لەیادەوەرییەکانماندا زیندوون، لە وانە مامۆستا حەسەن زیرەک، موحەمەد عارف جەزیری، تایەر تۆفیق، ئایشەشان، شەماڵ سائیب، حەسەن جەزراوی، قادر کابان، مەرزیەی فەریقی، عوسمان عەلی، ئیبراهیم خەیات.

*** ئەی دەربارەی بەشداری خۆتان؟**

– من بە سێ گۆرانی بۆ یادی هونەرمەند عوسمان عەلی بەشداریم کرد، لەوانە گۆرانی (ئەمشەو شەوی بەراتە) کە گۆرانییەکی زۆر کۆنی هونەرمەندە، ئەم گۆرانیانە تیپی کۆڕاڵی لینگوا مۆسیکا بە کۆرس لەگەڵیان دەوتمەوە،جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەم کۆڕالە گۆرانی ئەرێ لەیلێی مامۆستا شەماڵ سائیبیان بە دەنگی خۆیان پێشکەش کرد. هەروەها لەگەڵ هونەرمەندان مامۆستا ناسری ڕەزازی و خاتوو پەیمان عومەر بە سێ قۆڵی چەند گۆرانییەکی هونەرمەندە نەمرەکانی کوردمان گوتەوە.

*** پێشوازی جەماوەر لەم کۆنسێرتەدا چۆن بوو؟**

– لە ڕاستیدا جەماوەرێکی زۆری کورد و هۆڵەندی بۆ کۆنسێرتەکە هاتبوون، هەستم دەکرد زۆر جێگەی ڕەزامەندیان بوو، پارێزگاری شاری لایبنیش ئامادەی کۆنسێرتەکەبوو، هەستم دەکرد ئەوانەی هاتوون ژمارەیەکی یەکجار زۆری ڕۆشنبیرو خەڵکی هونەرمەندن.

*** بەڕای ئێوە بایەخی کاری وەها لە چیدایە؟**

– سەرەڕای ئەوەی کاری وەها یادەوەرییەکی پیرۆزە، لەهەمان کاتدا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەگەر ئەو گۆرانییە کۆنانەی هونەرمەندە نەمرەکانمان سەرلەنوێ دابەش کردنێکی تازەیان بۆ بکرێ و بە شێوازێکی میلۆدی هاوچەرخ و مۆدێرن تازە بکرێنەوە، ئەوا دەتوانین ڕوویێکی زۆر گەشی کولتووری مۆسیقای خۆمان بە دنیا بناسێنین.

*** چی شتێک لەم کۆنسێرتە دا سەرنجی ڕاکێشای؟**

– زۆرشت لەم کۆنسیرتەدا جێگەی سەرنجی من بوون. لەهەموویان زیاتر بەکارهێنانی چارەگە تۆن بوو لە مۆسیقای تیپێکی سەمفۆنی ئەورووپی، چونکە ئەوان چارەگە تۆنیان نییە و بۆ من ئەمە کارێکی زۆر تازەو سەرنجراکێش بوو. شتێکی تر بەلامەوە جێگەی سەرنج بوو جەماوەری ئامادە بووی کۆنسێرتەکە بوو، کە بەتەواوی لە کەشێکی هێمن و ئارام گوێیان بۆ مۆسیقاو گۆرانییەکان رادەدێرا، کۆنسێرتەکە لە هۆڵی( شتاد گیهۆر ساڵ) کە یەکێکە لە گەورەترین هۆڵەکانی سەمفۆنی وڵاتی هۆڵەندا ساز کرابوو. میوانەکان تەنها لە سەرووی تەمەنی شانزە ساڵییەوە بۆیان هەبوو بێنە ژوورەوە. ئێمە هەر لە هۆڵی پڕ لە ژاوەژاو و پڕ لەزیق و هۆڕی منداڵ ڕاهاتووین. بەڵام ئەم جارە تەواو جیاواز بوو. هەروەها لەناو تیپی مۆسیقای نامۆدا خاتوونە هونەرمەندێکی لاو حیجازێکی مامۆستا تایەر تۆفیقی وت یەکجار خۆشی وت، دەستخۆشی لەم و لەمامۆستا نامدار دەکەم، هیوادارم کاری لەم شێوەیە هەمیشە دووبارە بکرێتەوە.



دڵنیا ڕەزازی، دەشتی کەلهوڕی، ناسری ڕەزازی

# ئەشکەوتی شانەدەر ... سەرەتای شارستانییەت و ژیان لە کوردستان

**دلشاد عەزیز زاموا**

**شوێنی جوگرافی ئەشکەوتەکە:(Location):**

ئەشکەوتی شانەدەر دەکەوێتە پارێزگای هەولێر(اربیل) لە شاخەکانی برادۆست(کە بەشێکە لە زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس)، (١٥٥کم) لە باکووری شاری هەولێر دوورە، لە سەر هێڵی پانی( ٣٥,٥٠ °) پلەی باکوور و هێڵی درێژی ١٣,٤٤ °) پلەی ڕۆژهەڵات، لە نزیک ڕووباری زێی گەورە.

**مێژووی کنەوپشکنینەکان و چینە شوێنەوارییەکانی ئەشکەوتی شانەدەر:**

تیمێکی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٥١)ەوە بەسەرپەرشتی Ralph Solecki)کنەوپکشنینی لەو ئەشکەوتە دەست پێکرد، کنەوپشکنینەکان چوار وەرزی خایاند و لە نێوان ساڵانی(١٩٥١، ١٩٥٣، (١٩٥٦–١٩٥٧)، ١٩٦٠) ئەنجام دران، پشکنینەکان گەیشتنە قووڵایی (١٤م) و چوار چینی شوێنەواری دەرکەوت لە سەرەوە بۆ خوارەوە ناونران(A، B، C، D) بەم شێوەیەلە کۆنترین چینەوە کە دەکەوێتە ژێرەوە باسیان دەکەین:

**چینی** (Level D):

ئەم چینە بۆ چاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست (Middle Paleolithic) کە ناسراوە بە(Mousterian period) دەگەڕێتەوە، لەم چینەدا شوێنەوار و ئێسکی مرۆڤی شانەدەر (هاوسەردەمە لەگەڵ مرۆڤی نیاندەرتاڵ)دۆزرایەوە، بە پێی پشکنینەکانی تاقیگە بە ڕێگەی کاربۆن چوارده(C١٤) لە نێوان ئەم چینە (٤٦هەزار ساڵ پ.ز تا ١٠٠هەزارساڵ پ.ز) مرۆڤی تێدا ژیاوە.

لەم وەرزەدا (رالف سۆلیکی) لەگەڵ تیمێکی ئەنترۆپۆلۆجی پاشماوەی پێنج ئێسکە پەیکەری نیاندەرتاڵیان دۆزرییەوە هەروەها تۆوی ژمارەیەک گوڵ لەگەڵ یەکێک لە ئێسکە پەیکەرەکاندا دۆزرایەوە.

تۆوی ئەو گوڵانەی کە لە ئەشکەوتی شانەدەر لەگەڵ یەکێک لە ئێسکە پەیکەرەکان دۆزرایەوە پێکهاتبوو لە تۆوی گوڵی:

گوڵی چەق چەق، گوڵە هێرۆ، بەیبون، گوڵە گەنمی سوور، گوڵە بێژنە بۆژنە، پتازین دۆرگ، مەلەوێچە، گیا مایەسیری...

Altha Officinalis، Matricaria Chamomilla، Loium Temulenum، Achillea Millefolium، ...

چەند بیروڕایەکی جیاواز خرایە ڕوو دەربارەی بوونی تۆوی ئەو هەشت جۆرە گوڵە لەگەڵ ئێسکە پەیکەری مرۆڤە مردووەکانی ئەم ئەشکەوتە، هەندێک لە شوێنەوارناسان پێیان وایە، کە ئەم گوڵانە لە سەر مردووەکان دادەنران وەک ڕێز و سۆز دەربڕینێک بۆ هاورێ و کەسە نزیکەکەیان کە دەمرد، بەڵام هەندێک لە توێژەران پێیان وایە، کە ئەم گوڵانە وەک دەرمان بۆ نەخۆشەکان بەکاردەهێنران، بە بەڵگەی ئەوەی کە تا ئێستاش ئەو جۆرە گوڵانە لە ناوچەکە و لە کوردستان لە لایەن پزیشکانی میللییەوە بۆ چارە سەری نەخۆشییەکان بەکاردەهێندرێن.

بەڵام بەهەرحاڵ تۆوی ئەو گوڵانە شتێکی گرنگی دەرخست ئەویش وەرزی مردنی یەکێک لە ئێسکەکانە، کە تۆوەکانی لەگەڵ دۆزرایەوە و لە ڕێگەی ئەم تۆوانەوە زانرا، کە ئەو کەسە لە کۆتایی وەرزی بەهاردا مردووە و ئەم جۆرە گوڵانە تا ئێستاش لە وەرزی بەهار تا سەرەتای مانگی حوزەیران(June)لە ناوچەکە و لە نزیک ئەشکەوتەکە بە شێوەی خۆرسک دەڕوێن.

زانکۆی تۆکیۆ لە ساڵی ١٩٩٣ سەردانی ئەشکەوتەکەیان کرد و توێژینەوەیان دەربارەی ئەو گوڵانە کرد و هەر هەشت جۆرە گوڵەکەیان بینی، کە تا ئێستا لە ناوچەکە دەڕوێن و لەمانگی حوزەیراندا لە نزیک ئەشکەوتەکە دەبیندرێن.

**چینی** (Level C):

شوێنەواری چاخی بەردینی کۆنی سەروو (Upper Paleolithic)، ئەم چینە بە پێی پشکنینەکانی تاقیگە بە ڕێگای کاربۆن چوارده(C١٤) بۆ (٢٧–٣٤هەزارساڵ پ.ز )دەگەڕێتەوە.

**چینی** (Level B):

ئەم چینەبۆ سەرەتای چاخی بەردینی نوێ (Proto–Neolithic)و چاخی بەردینی ناوەڕاست(Mesolithic) دەگەڕێتەوە.

لەم چینە پارچە ئێسکی بیست و شەش مرۆڤ دۆزرانەوە، کە زۆربەیان ئێسکی منداڵ بوون.

**چینی** (Level A):

شوێنەواری سەردەمە نوێیەکان و چاخی بەردینی نوێ(Neolithic)ی تێدا دۆزرایەوە:

لەم چینەدا دوو ئێسکە پەیکەر دۆزرانەوە، یەکێکیان ئێسکی منداڵێک بوو، ئەوی دیکەیان ئێسکە پەیکەری کچێکی گەنج بوو، بەشێک لە ئێسکی کچەکە بە ڕەنگێکی سوور ڕەنگ کرابوو،هەروەها چەند ئامرازێکی بەردینی لە دەوری ئێسکەکە دانرابوون، کە پێدەچوو بە پێی ڕێورەسمێکی ئاینی نێژرابن.

**ئامرازەو شوێنەوارە دۆزراوەکان لە ئەشکەوتی شانەدەر:**

**ئامرازە بەردینەکان:**

دەیان ئامرازی بەردینی جۆراوجۆر لە چینە شوێنەوارییەکانی ئەم ئەشکەوتەدا دۆزرانەوە، کە پێکهاتبوون لە سەرە تیر،بەردە ئەستێ، بەردی هاڕین و وردکردنی خواردن، جگە لە چەند ئامرازێکی تیژ، کە لە ئێسک دروستکرابوون.

**گڵێنەکان:**

بێگومان گڵێنەسازی بۆ یەکەم جار لە ناوەڕاستی چاخی بەردینی نوێ لە میسۆپۆتامیا دەرکەوت، ئەوکاتە مرۆڤ ئەشکەوتەکانی بەجێ هێشتبوو و لە دەشت و دۆڵەکاندا گوندی کشتوکاڵی دروستکرد.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پارچە گۆزە و سواڵەتە شکاو لە ئەشکەوتی شانەدەر و ئەشکەوتەکانی دیکەی ناوچەکەدا دۆزرانەوە، کە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی نوێ و چاخی کانزایی و سەردەمی سۆمەرییەکان(گڵێنەی ئوروک) و سەردەمەکانی دیکە دەگەڕانەوە، شوێنەوارناسان پێیان وایە ئەم گڵێنانە لە لایەن شوانەکان و ڕاوچییەکانی گوندەکشتوکاڵییەکانی دەشت و دۆڵەکانی ناوچەکەوە گەیەندراونەتە ئەشکەوتەکە، چونکە ئەوان لە کاتی ڕاو و شوانکاریدا ڕوویان لە ئەشکەوتەکان کردووە و بە شێوەی کاتی تێیدا ماونەتەوە و گڵێنە شکاوەکانیان بەجێ هێشتووە.

**تێبینی:**

زانکۆی کۆلۆمبیا، پەیمانگای شەمسونی لە میشیگان.Ralph Solecki

پەیکەرەکان لە مۆزەخانەی عێراقی و پاشان لە مۆزەخانەی(Pea body)لە کامبریدج) پشکنینیان لەسەر ئەنجام درا.

**سەرچاوەکان:**

ئەم گۆڤارانە دۆزینەوە و توێژنەوەکانی کنەوپشکنینەکانی ئەشکەوتی شانەدەر و ئەنجامی تاقیگەکانیان بڵاوکردەوە.

Journals:
Sumer
Scientific American
Archaeology

Trinkaus;Erki، The Shanidar Neanderthals، New york،١٩٨٣.

Ayhan M.Amedy، The Shanidar Caveman in Kurdistan–Iraq and his Relationship with Neandertal، Salahaddin University، Erbil–Iraq، ٢٠٠٧.

عومەر ڕەسوڵ:مرۆڤی نیادەرتاڵ و گوڵ، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە ٢٣، ٢٠٠٣.

نیاندەرتال لە یۆنان (PETRALONA).

**نۆ ئێسکە پەیکەر لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزرانەوە، کە دووانیان ئێسکە پەیکەری منداڵن:**

| ڕیزبەندی ئێسکە پەیکەرەکانی شانەدەر | مێژووی دۆزینەوەی لەلایەن شوێنەوارناسانەوە | قۆناغی ژیانی | | |
|---|---|---|---|---|
| ئێسکە پەیکەرکە | رەگەز | تەمەن بە شێوەیەکی نزیکەیی | | |
| شانەدەر ١ | ١٩٥٧ | پێشگەیشتوو | نێر | ٤٥ ساڵ |
| شانەدەر ٢ | ١٩٥٧ | پێشگەیشتوو | نێر | ٢٠ ساڵ |
| شانەدەر ٣ | ١٩٥٧ | پێشگەیشتوو | نێر؟ | ٤٠ ساڵ |
| شانەدەر ٤ | ١٩٦٠ | پێشگەیشتوو | نێر | ٤٠ ساڵ |
| شانەدەر ٥ | ١٩٦٠ | پێشگەیشتوو | نێر؟ | ٥٠ ساڵ |
| شانەدەر ٦ | ١٩٦٠ | پێشگەیشتوو | مێ | ٢٥ ساڵ |
| شانەدەر ٧ | ١٩٥٣ | منداڵی شیرەخۆرە | ... | ٩ مانگ |
| شانەدەر ٨ | ١٩٦٠ | پێشگەیشتوو | مێ | ٢٠ ساڵ |
| شانەدەر ٩ | ١٩٦٠ | منداڵی شیرەخۆرە | ... | یەک ساڵ |



ئەشکەوتی شانەدەر

# شەقامی دووسایدەکەی کۆیە چلەی نەچووە کە چی لەسەرەمەرگدایە!!

**کازم عومەر دەباغ**

شاری کۆیە یەکێکە لەم شارە جوان و سەرنج ڕاکێشەرانەی کە لەباوەشی سروشتدایە لە پێناوی کوردایەتی و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبارێک خوێنی بەخشیوە .

حکومەتی هەرێمی کوردستان تارادەیەک خزمەتگوزاری پێشکەشی بەم شارەکردووە بەڵام خزمەتگوزارییەکان بەبەروارد لەگەڵ ئەم هەموو قوربانییەی کە داویانە کەمترە !!

چەند مانگێک لەمەو بەر شەقامێکی (دوو ساید) لە دەرەوەی شار لەپشت (گۆڕستانی دەروێش خدر ) بە ئەنجام گەیەندرا ئەم شەقامە ئێستا چەند ڕۆژێکی ماوە (چلەی بچێت)، کەچی مەرگ هەڕەشەی داتەپینی لێدەکات بە بڕە بارانێکی کەمی ڕۆژی (٢٠٠٩/٩/٢١)، شەقامێکی گەورە لەتەنیشت ئەم شەقامە پەیدابووە بارانی زستانی داهاتوو هەڕەشەی داتەپینی یەکجاری لەم شەقامە دەکات، بەهۆی ئەوەی ئەم لاو ئەولای ئەم شەقامە بەبەرزی (١٠م) خۆڵی دراوەتە پاڵ بێ ئەوەی دیواری ڕاگری بۆ دروست کرابێت جگە لەمە لە جیاتی دروستکردنی پردی بەدینگە ئاوەڕۆی سندوقیان دروستکردوە، هەر کەسێک تۆسقاڵێک شارەزایی لە ئەندازیاری ڕێگاوبان هەبێت ئەم


ئەو خانووە تەجاوزەی هێندەی دیکە شەقامەکەی سەقەتتر کردووە

جۆرە پرۆژەیەی ناچێت بە ئەقڵدا!! دروستکردنی شەقامێکی دووسایدی ئەوها گوژمە، پارەیەکی یەکجار زۆری تێدا خەرجکراوە بە نەشارەزایی ئەندازیارو لێپرسراوانی شاری کۆیە، ئەمەش وایکردووە ئەم بڕە پارەیە بەهەدەر بچێت .

لەمەش سەیرو سەمەرەتر لە پڕ پێچێک کەوتۆتە ناو ئەم شەقامە بەگۆشەی (٩٠ پلە ) بەهۆی هەبوونی خانووەکی زیادەڕۆیی هاووڵاتییەک کە بۆتە هۆی تەنگبوونەوەی ئەم شەقامە دووسایدەو تێکدانی سیمای جوانی .

لێپرسراوانی ئەم شارە دەبوو چارەسەری ئەم کێشەیەیان بکردبایە، بۆ ئەوەی جەماوەر دەست خۆشکەرییان لەم پرۆژەیە بکردبایە، نەک ئەمڕۆ ئەم پرۆژەیە بەم سەقەتییەی بخرابایە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، دەبێت لێپرسراوانی باڵای حکومەت بەدواداچوون بکەن و لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئەم شارە بکەن، چۆن دەکرێت دەسەڵات بەم شێوەیە کەمتەرخەم و چاوپۆش بکات لە کەسانێک، کە سەرپێچی یاسا دەکەن و بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان دەسەپێنن بەسەر بەرژەوەندی گشتی بەهۆی پلەو پایەیان !!

با ئەم وڵاتە زامدارە بەهی خۆمان بزانین و ئەم بەڵێنانەی، کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بە جەماوەرتان داوە بیهێنە بواری جێبەجێکردن ئەگەرنا بێ متمانەیی دروست دەبێت و لەدوارۆژدا بە خراپ دەشکێتەوە !!


شەقامە دووسایدە سەقەتەکەی کۆیە

## تەنز

دەگێڕنەوە گەنجێک لەلایەن کەس و کارییەوە تاوەکو بزر نەبێت و کە بزر بوو، زوو بیدۆزنەوە، دەچن ملوانکەیەکی دەنک سەوزی بۆ دەهۆننەوەو لە ملی دەکەن. . گەنجەکە دوای تەمەن و عەیامێ، شار جێ دێڵێ، دەڕواتە دەرەوەی شار. دەڕوا دەڕوا تا ڕێ بزر دەکات. تەواو شەکەت و هیلاک دەبێ، ماندوویێتی ئەو ڕێگە دوورە پاڵی پێوە دەنێت، کە دار بەڕوویەکی بەرچاو دەکەوێ، بە پەلەپرووزێ خۆی دەگەیەنێتە ئەوێ و لەژێر سێبەرەکەیدا ڕادەکشێت. خەو بۆ خۆی دەباتەوە. ئایا سەرخەوێک دەشکێنێ و ناشکێنێ، کە بێدار دەبێتەوە دەبینێ ئەوا گەنجێک ملوانکەیەکی ڕەنگ سەوزی وەک ملوانکەکەی ئەوی لە ملدایە. تەماشایەکی خۆی دەکا، ملوانکەکەی ملی نەماوە، سەرسام دەبێت، چاو ئەبڵەق، بە هەڵپەیەکەوە ڕوو دەکاتە گەنجەکەو پێی دەڵێ: "من ئەوە زانیم تۆ منی، ئەی باشە من کێم؟".

کاکڵی قسان. هەر حزبێک کە بڕیاری هەڵبژاردن دەدا، ژاوە ژاو دروست دەبێ، هەر بابایە لەلای خۆیەوە ئیش لەسەر ئەوە دەکات بە دەنگێکی زۆرەوە بەشداری لەو پرۆسەیە بکات، کە ئەگەر پۆستێکی گەورەتریش بە دەست نەیەنێت، ئەوە هیچ نا لەو پۆستە دانەبەزێ وەک لەو ئۆرگانە وەریگرتووە...

توخوا پێکەنینتان بە من نەیێ ئەگەر ئەو شتە خۆشەی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە. ئەو ڕۆژەی هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندە دەستی پێکرد، هەریەکە ئازادە چی دەکا، بەمە هەریەکە بە ڕێگەیەک دەچێتە ناو جەماوەرو هەواداری خۆی. هەیە وەکو خاک و خۆڵ بۆ ئەو ڕۆژە تا شتێ بکات، پارە هەڵدەڕێژێ. هەیە پارەی نییە تەزویر دەکاو سوور دەزانێ کۆمەڵێ ناو لەو ئۆرگانە هەن نەبوونیان هەیەو و هێمن دێ لەسەر هەمان ناو ناسنامە بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات، کە ئەندام نین و بۆ ئەو ڕۆژە بەشدارییان پێدەکا، ئەوجا گرنگ نییە ئەو کەسە کێیەو سەر بەکام لایە؟. هەمیشە پارەی نییە. دەچێ ئەو پارچە زەوییەی لە ژیانیدا یەکجار لە حکومەتی وەرگرتووە دەیفرۆشێ. ئۆتۆمبێلەکەی ژێری دەفرۆشێ و لە خزمەتی خۆی خەرج دەکا. دەعوەت و دەعوەتکاریش لەولاوە بوەستێ.


شاخەوان عەلی حەمەد

تا ڕۆژی هەڵبژاردن دەبێتە دیاردە و هەر بابایە بۆ خۆی شتێک دەکا، ڕۆژێکیان دە دوانزە کەسم خڕ کردەوە، بە مەزەندەی خۆم وامزانی لەو ئۆرگانەی حزبدا ئەندامن، هەموویانم بردە چێشتخانەی سەفین و داوەتێکی نایابم کردن. قەت بە حەیاتی خۆیان دەعوەتی ئاوا نەکرابن و بە خەونیش ئەو خواردنەی دڵ داوای دەکات نەیانخواردبێ، تا هێڵنجیان هاتێ، نانیان قوزەڵقورت کرد، دەک بەتیراوەیان بێ و بەژەهریان بێ. کە لە خواردنەکە بوونەوە، بەدەم فڕکردنی شیرو چاو قاوەوە، بۆ چەند خولەکێک باسی گرنگی هەڵبژاردنم بۆ کردن و کۆمەڵێ بەڵێنی زل زلم پێدان، کە ئەگەر دەرچووم ئەوە چ لە ئیدارە یا لە حزب، پۆستی گرنگیان دەدەمێ. دوای ئەو هەموو مەسرەف و دەمشلکردنە تاوەکو دەنگم بدەنێ. یەکێک لەو دوانزە کەسە، بەدەم بزەیەکی گەشەوە وتی: "خۆزگە مافی دەنگدانمان دەبوو، دەنا لە ئێستاوە هەموومان دەنگمان دەدایتێ" حەپەسام، خەریکبوو ببووریمەوە، بە هەڵپەیەکەوە وتم: "بۆۆۆ؟ ئەی ئێوە ئەندام نین؟". هەر ئەو کوڕە وەڵامی دایەوە: "نەخێر، ئێمە هەمووومان پاڵێوراوین، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ پاڵێوراو نە دەتوانێ دەنگ بداو نە دەتوانێ خۆی هەڵبژێرێ".

بەو قسانە خەنجەریان لێمبدابایە، خوێنم لێ نەدەهات، وەلێ لە دەروونەوە هەزارو یەک جنێوم بۆ ناردن، لەگەڵ ئەوەشدا خۆم شێلوو نەکرد، هەست بە هیچ بکەن.

زۆرم ئەو ماڵ و ئەوماڵ کرد، گەڕەک و کۆڵان نەما نەیکوتمەوە، دەچوومە لای هەر کەسێک و داوام لێ دەکرد دەنگم بداتێ، بە خۆشحاڵییەوە دەیوت:"وەی بەسەرچاو، ئەگەر دەنگی من بۆ تۆ نەبێت، ئەی بۆ کێیە؟". بەو حسابەی خۆم لێکمدابۆوە لە کۆی چوار هەزار دەنگ بەلای کەمەوە دوو هەزار دەنگ بەسەرەوە دێنم. ڕۆژی هەڵبژاردن هات و پرۆسەکە لەکەش و هەوایەکی ئارامی پڕ لە تەزویر بە کۆتاهات. دەنگەکان تا درەنگی شەو فەڕزکراو، من لە کۆی ئەو چوار هەزار دەنگە، تەنها دوو دەنگم هێنا، چەکی دەست و پێم شکا، هەر ئەوە بوو تووشی جەڵتە نەهاتم، سەیرەکەشی لەوەدا بوو، ئەوەی دەهاتە لام، بە پێکەنینەوە دەیوت :"من دەنگم داوەتیێ". ئەو دەیوت: "دەنگی من بۆ تۆ بوو". عەنتیکەم بەو وەزعە دەهات، من تەنها دوو دەنگم هێناوە، بە هەڵپەیەکەوە دەموت:"نازانم باوەڕ بە کێ بکەم. من لەو دەنگەی هێناومە، دڵنیام دەنگێکیان هی خۆمە. سەرم سوڕماوە، زۆر حەز دەکەم بزانم ئاخۆ ئەو دەنگەی دیکە هی کێیە؟".

# نەشارەزایان هەڵسەنگاندن بۆ سەرپەرشتیاران دەکەن !!

**باوکی دابان**

وەزارەتی پەروەردەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنفراسی پەروەردەیی خۆی لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٧ بەست، بەمەبەستی جێبەجێکردنی سیستەمی نوێی خوێندن و گۆڕینی پرۆگرامەکان و پێشنیازکردنی ڕێنمایی و ڕاسپاردەی بەسوود بۆ بەرەو پێشچوونی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بە شێوەیەک لەگەڵ ڕەوتی بەرەو پێشچوونی زانستی سەردەم لەهەموو ئاستەکاندا لە هەرێمی کوردستان بگونجێت.

یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنفراسی لادانی (سەرپەرشتیارانی هاریکاری) بوو، ئەم ئەڵقە زیادە کاریان چاودێری کاری سەرپەرشتیاران بوو، لەم پێناوەشدا قائمەی سەفەریان خەرج دەکردو بە ملیۆنەها دیناری ئەم میللەتە شەهید پەروەرەیان بەهەدەر بردو بۆ بەرژەوەندی چەند کەسێکی نەشارەزا لە بواری پەروەردەیی بێ ئەوەی تۆسقاڵێک سوودیان

بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن گەیاندبێت یان جێی پەنجەیان لە بواری پەروەردە دیار بێت!!!


بە پێچەوانەوە ئەم ئەڵقە زیادە بێ متمانەییان دروستکرد لە ناو ڕیزی مامۆستایانی سەرپەرشتیاری تا کار گەیشتە دەربڕینی بێزاری سەرپەرشتیاران بەرانبەر ئەم ئەڵقە زیادەی پەروەردەو کەوتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، بە شێوەیەک وتارەکان بڵاو دەکرانەوە، مانەوەی ئەم سەرپەرشتیارە هاریکارانە بە پێچەوانەی ڕاسپاردەو ڕێنماییەکانی کۆنفراس دەخرانە ڕوو، هەر بۆیە وەزارەتی پەروەردەی بەڕێز بە دوای دەنگی سەرپەرشتیاراندا هات و بڕیاری هەڵوەشانەوەی ئەم کۆمەڵە سەرپەرشتیارەی دا، کە ناویان لە خۆیان نابوو (سەرپەرشتیارانی هاریکاری)، بەڵام تا ئێستا چەند سەرپەرشتیارێک لەم سەرپەرشتیارانەی کە لەناو ئەم ئەڵقە زیادەی پەروەردە دابوون لەناو بەرگێکی دیکە ماونەتەوەو هەمان کاری پێشوو دەکەن چاودێری کاری سەرپەرشتیاران و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەن، بێ ئەوەی شارەزاییان هەبێت لە بواری پسپۆری مامۆستایانی سەرپەرشتیار . ئەوەی لێی شارەزا نەبن بواری پەروەردەو فێرکردنە چونکە ماوەیەکی درێژە دابڕاون لە بواری پەروەردە، تەنها پسپۆڕیان لە دانیشتن لە پشت مێزو قائمەی سەفەر هەیە، ئەم بەڕێزانە هەڵسەنگاندنیان بە شێوەیەک بۆ هەندێ سەرپەرشتیار کردووە مامۆستا ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ خراپترین قوتابی خۆی ناکات، بە شێوەیەک هەندێک سەرپەرشتیار زیاتر لە سی و پێنج ساڵ خەباتی کوردایەتی و خاوەن شەهیدە، کەچی لەڕووی نیشتمانپەروەرییەوە یەک نمرەی بۆ دانراوە، باشە ئەگەر ئەوان ئاستی نیشتمانپەروەریان بەم شێوە لاوازە بۆ لەلایەن حزبە کوردستانییەکان بە سەرپەرشتیار دەست نیشان کراون !!!

ئەگەر هەڵسەنگاندن لە بواری نیشتمانپەروەری بەم شێوەیە کرابێت، دەبێت لە بوارەکانی دیکە بە چ میزاجێک کرابێت، هەقیانە بەم شێوەیە نمرەکانیان داناوە، چونکە لەم بوارە بێ خەبەرن ئەوەی نەیانکردبێت خەباتی کوردایەتی ڕۆژانی سەختە !! ئەم دیاردە نا پەروەردەییە پشێوی زۆری لەناو مامۆستایانی سەرپەرشتیار دروستکردووە و مامۆستایانی وا لێکردووە، کە سارد ببنەوە لە کارەکانیان و شیرازەی سیستەمی نوێی خوێندن بپچڕێنێت .

کاتێک هەڵسەنگاندن ڕاست و دروست دەبوو ئامانجەکانی خۆی دەپێکا، ئەگەر بهاتبایە ئەمانەی کە هەڵسەنگاندنیان دەکرد شارەزاترو باخەبەرتر بوونایە، لەوانەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کردوون !!!

بۆیە دەبێت وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش بەم دیاردە ناپەروەردەییە بگرێت و بەدواچوون بکات، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی تەگەرە لەبەردەم پرۆسەی نوێی خوێندن، پێشنیان ڕاستیان گوتووە:(نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب).

# حیکایەتی شار ... خاک..!!



**محەمەد کەریم نانەوا**

لە ریش چەرمووەکم گوێ لێبوو بۆ نەوەکانی دەیگێڕایەوەو دەیگوت: زەمان زەمانی پاشایەتی بوو لە عەرەبستانی عێراق، وشکەساڵی و نەهامەتی باڵی بەسەر ئەو عەرەبستانەدا کێشابوو، مەڕو شوانکارەکان تەنگاو ببوون، هیچ گیاوگۆڵ نەبوو بۆ بژوێنی، بۆیە لەخەمی مەڕو ماڵاتیاندا دۆش دامابوون، چوار، پێنج ریش چەرموو چوون بۆ دەرباری پاشاو پێیان ڕاگەیاند، کە بەهۆی هیشکەساڵییەوە مەڕوماڵاتمان قڕانی تێدەکەوێ، گوتیان: وا بەباش دەزانین بەڕێزتان بڕۆن بۆ هەرێمی کوردستان و ڕوو لە خاتوو"خانزادی سۆران"بنێن، بەڵکو بوارمان پێدەدات بنەو بارگەمان تێکبنێین بە مەڕو ماڵاتەوە ڕوو بکەینە لەوەڕگاو پاوانەکانی کوردستان.

پاشا پێشنیازەکەی بەلاوە دروستبوو، بۆیە سەری هەڵگرت و هاتە خزمەت خانزادی سۆران لە دەربار، دوای پشوودان و ئیسراحەت، گوتی: خاتوو خانزاد، خۆت پێ ئاگاداری وشکەساڵی باڵی بەسەر وڵاتی ئێمەدا کێشاوە، مەڕوماڵاتمان خەریکە لە برسان قڕانی تێدەکەوێ، بۆیە داوای هاوکاری و یارمەتیت لێدەکەم، ڕێگە بە مەڕدار و شوانکارەکانمان بدەی بێن بۆ وڵاتی ئێوە، بەمەرجێک.؟! لەژێر چاودێری خۆتاندابن، کەس غەدریان لێ نەکات، خانزاد لەوەڵامدا گوتبووی: وڵات، وڵاتانی خۆتانە، بابێن.

خانزاد خزمەتکارێکی هەبوو، بەهەرحاڵێ هەبوو خۆی گەیاندە پاشاو پێیگوت: دەزانی خاکی ئێمە"نێرە"،بۆیە خانزاد ڕازی بوو، مەڕەکانتان بێن بۆ ئێرە! پاشا گوتی: یانی چی؟ تێناگەم، خزمەتکار گوتی: یانی خاکی وڵاتی ئێمە نێرە، بەڵام خاکی وڵاتی ئێوە"مێ"یە.


پاشا پێیگوت: چۆن دەیسەلمێنی کە خاکی ئێمە مێیە! خزمەتکار گوتی: ئاسانە، بنێرە با لەوڵاتی خۆتان جۆرکەک"خۆڵ"بێنن، لەنێوان من و تۆ کەسنەزانم خۆڵەکە لەژێر دۆشەکی خانزاد ڕوو دەکەم، هەرکاتێک خانزاد هات لەسەر دۆشەک دانیشت، بڕۆ بۆ لای ئەم مەسەلەی مەڕدارەکانی لەگەڵ دووپات بکەوە، دواتر تێدەگەی!.

پاشا دەنێرێ لە دەوروبەری شاری بەغدا، جۆرکەک خۆڵیان هێنا، خزمەتکار خۆڵەکە لەژێر ڕایەخی خانزاد ڕوودەکات. کاتێ کە خانزاد هات لەسەری ڕوونیشت، پاشای عەرەبستانی عێراق، بەناوی ماڵئاوایی چووە لای خانزاد، دوای گفتوگۆو باس و خواسی دنیا، پاشا پێیدەڵێ: من بەیانی دەگەڕێمەوە، کە گەییمەوە مەنزل ڕادەسپێرم شوانەکان بنەوبارگەیان بپێچنەوە، بە مەڕوماڵاتەوە بێن بۆ کوردستان! خانزاد دەڵێ: نەخێر، شتی وا نەبووەو نابێ، هەرگیز ڕازی نابم بێن بۆ ئەو دەقەرە، ئەسڵەن قابیلی قبووڵ نییە مەڕداری عەرەب بێن لەوڵاتی ئێمەدا مەڕداری بکەن، حاڵی مەڕدار و شوانکارەکانی خۆمان گەلێک خۆشە، شوانکاری عەرەبستانی بێتە سەرێ، حاڵمان خۆشتر دەبێ.

ئیدی پاشا دڵنیا دەبێ کە خاکەکەیان"مێ"یە، قسەی نامێنێ و بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە.

پاشان کە خانزاد لە بنج و بنەوانی مەسەلەکە حاڵی دەبێ، بۆچی لەقسەی خۆی پاشگەز بوویتەوە؟! هەندێک دەڵێن: لەپای ئەوەی خزمەتکارەکەی لە بەرانبەر پاشای بەغدا بە زمان کورتی هێنابوو، خزمەتکارەکەی بە سزای خۆی گەیاند.

هەندێکیش دەڵێن: نەخێر، خانزاد خزمەتکارەکەی خۆی پاداشت کرد، لەپای ئەوەی کە ئیسپاتی کردووە بۆ پاشای بەغدا، بەوەی کە خاکی کوردستان نێرە.




بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

ناونیشان:
کوردســـتان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٦ ٢٥١ ٠٦٧٩
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +
سلێمانی، باڵەخانەی رەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٨٥٥٤ ١٥٩ ٧٧٠ ٩٦٤ +

- راوێژکاری مێژوو: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی
- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری رووناکبیریی: د. هیمداد حوسێن
- راوێژکاری کلتـووری: خالید جوتیار
- راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە

بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا:
حەسەن یاسین، کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە، حەسیبە بابۆڵی.
- نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا